« ئۆجەلان »
ئەزموونێکی نوێ
و
پەندی مێژوویی

حوسێن محەمەد عەزیز

2699ک/1999ز

« ئۆجەلان »
ئەزموونێکی نوێ
و
پەندی مێژوویی

حوسێن محەمەد عەزیز

2699ک/1999ز

«ئۆجەلان» ئەزموونێکی نوێ و پەندی مێژوویی
دوکتۆر حوسێن محەممەد عەزیز
چاپی دووەم
کوردستان - سلێمانی
سالی 1999
تیراژ 500 دانە

چەند
ڕوونکردنەوەیەک

ئەم پەرتووکە، لە پێنج گوتاری جۆربەجۆر پێکهاتووە، لە چەند ڕووداوێکی ڕامیاریی و مێژوویی هاوچەرخ دەکۆڵێتەوە. زۆربەشیان لە ڕۆژگارێکی نزیکدا ڕوویانداوە. گوتارەکانیش، بەپێی مێژووی نووسینیان ڕیزکراون، واتا زنجیرەی ڕووداوەکان، لە نوێوە بۆ کۆن دەستپێدەکەن.

لە ڕاستیدا، نیازم نەبوو، ئەم چەند گوتارە نوێیە، لە دووتوێی ئەم پەرتووکەدا بڵاوبکەمەوە. چونکە بازاڕی چاپەمەنی کوردیی، گەلێ کز و لاوازە. جگە لەوەی نووسەر، مایەکەی خۆی دەس ناکەوێتەوە، جگە لەوەی زیاندەکا، تووشی گلەیی و ئەرکێکی قورسیش دەبێ.

بەڵام ئەوەی پتر هانیدام، ئەم جارەش هێندێ پوڵ، لە دەمی خۆم بگێڕمەوە، تا ئەم بەرهەمە نوێیەی بۆ چاپکەم، ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بوون :

1. لەم دواییانەدا، چەند هەواڵێکی نوێ، لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبۆوە، بە جارێ باروودۆخی کوردستان و ناوچەکەی هەژان. لە لایەکەوە، کۆتایی بە جەنگی ناوخۆی چوارساڵەی، نێوان پارتی و یەکێتی هات، پرۆسەی ئاشتیی، لە نێوان بارزانیی و تاڵەبانیدا، لە واشنتۆن مۆرکرا.
لە لایەکی دیکەشەوە، سکرتێری گشتیی P.K.K « عەبدوڵڵا ئۆجەلان »، لە سووریا دوورخرایەوە. کەچی جگە لە چەند نووسەرێ، زۆربەی نووسەرانی کورد، لە ئاستی ئەو دوو ڕووداوە گرنگەدا، نوزەیان لێوە نەهات، هیچ جۆرە هەڵوێستێکیان دەر نەبڕی و بێدەنگ بوونا دیارە، ئەو جۆرە نووسەرانە، هەمیشە ئامادەن، لە ڕێگای ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە، سەروکایەتیی بە یەکدیی بکەن، گەرمەگوتار دژی لایەنێکی دیاریکراو بنووسن و چاو لە ڕاستییە مێژووییەکانیش بنووقێنن، بەڵام لە ئاستی چەند ڕووداوێکی مێژوویی گرنگدا، خۆیان ماتکەن!

2. ئەو مانگنامە و گۆڤارە وەرزییە کوردییانەی، لە دەرەوەی وڵات دەردەچن، زۆربەی جار، بە ئاشکرا، بۆ هەڵوێستیی، ترسنۆکیی و وابەستەیی، بە تەوێڵی هێندێ لە دەستەی نووسەرانیانەوە دیارە. کەچی گەر

نووسەرێ بەمرێ، کورتە باسێکی مێژوویی ڕووداوەکان، پێشکەش بە خوێنەران بکا. هەڵەی لایەنە کوردستانییەکان ئاشکرابکا، پەند و ئامۆژگارییەکانی لێوە هەڵێنجێ، سانسۆر لە سەر گوتارەکانی دادەنێن، بۆ هۆیەکی بەجێ، نووسینەکانی بڵاو ناکەنەوە. بۆ نموونە: گۆڤاری « گزینگ » لە نامەیەکدا، دەربارەی گوتارەکەی « تۆجەلان »، بۆ نووسەری ئەم چەند دێڕەی نووسیوە: (بە هۆی ناوەڕۆکی ژۆرنالیستیی و شێوازی ئیحساسی، بۆ بڵاوکردنەوە پەسەند نەکرا). دیارە هەر شتێ بقەبێ، دڵی سەرانی ڕێکخراوەکان بەمشێنێ، دەستەی نووسەران گۆشتی کەمتەرخەمیی بێ نەگرن، لە پانیی و درێژیی پێی زیاد نەکەن، بڵاوی ناکەنەوە!
لێرەدا، چەند پرسیارێ خۆی قووتدەکاتەوە: ئایا ئەم ڕاستییانەی، لەم بەرهەمەدا تۆمارباندەکەین، چ زیانێ بە سەرجەم بزووتنەوەی کورد دەگەیەنێ؟ ئایا ئێمە هەست و هۆشی سەرکردەی پارتەکانی کوردستان بریندارەدەکەین، یا کردار و گوفتارە خراپەکانی ئەوان، ولمان لێ دەکەن، ئەم جۆرە گوتاراتەیان لە سەر بنووسین؟ ئەدی ئەو سەرکردانە، کاتێ سوکایەتی بە ناو و ناوبانگی خۆیان، ڕێکخراو و نەتەوەکەیان دەکەن، کاتێ ناکۆکیی و دووبەرەکیی دەنێنەوە، کاتێ لە پێناوی دەسەڵات و کورسیدا، فتیلەی جەنگی نێوخۆ هەڵدەگیرسێنن، کاتێ ناپاکیی لە خاک و هاوزمانەکانی خۆیان دەکەن، کاتێ هانا بۆ سەرانی چوار دەوڵەتەکە دەبەن، پەلی لەشکری دەوڵەتە داگیرکەرەکان دەگرن، لە لایەنێکی دیکەی کوردستانیی دەدەن، کاتێ دەس و پەنجەیان، بە خوێنی ڕۆڵەکانی، ئەم نەتەوە هەژارە چەوساوە بندەستە سووردەکەن، بۆچی دەبێ، ئەو کارە چەپەڵانەیان باس نەکرێ؟ هەڵە، تاوان و ناپاکییەکانیان بۆ بشاردرێتەوە؟ ڕەخنەی توندیان لێ نەگیرێ؟
3. بڵاوکراوە کوردییەکان، بە شێوەیەکی قووڵ و بابەتانە، لە ڕووداوەکان ناکۆڵنەوە، تەنیا لە تەنکاییدا پەلدەکوتن. زۆربەی نووسینەکان، خۆیان لە کللەییکردن و پێشنیازکردندا دەنوێنن. بێ ئەوەی کورتەیەکی مێژوویی، هەموو ڕوودلو و کارەساتەکان، بیری جەماوەری نەتەوەکەمان بخەنەوە، بێ ئەوەی، پەند و ئامۆژگاریی پێویستی لێ وەرگرن، تا بۆ هەموو لایە ڕوونبێتەوە، ئەو کارەساتانە بۆ ڕوویاندا؟ کەڵک و زیانەکانیان چی بوون؟ کێ قازانجی لێ کرد و کێ زیانی لێ کەوت؟ ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانەش، بە تەواویی تینوێتی جەماوەر ناشکێنن.

4. تا ئێستا، پەنابەرانی کورد لە دەرەوەی وڵات، بڵاوکراوەیەکی رۆژنامەیان نییە، تا کورتەهەواڵ، دەنگوباسی کوردستان و جیهان، گوتارەکانی نووسەران بە شێوەیەکی دیمۆکراسییانە و لە کاتی خۆیدا بڵاوکاتەوە. ئەو مانگنامە و گۆڤارانەی دەردەچن، جگە لەوەی هێندێ جار گێلەدەکەن و لەکاتی خۆیاندا، بە رێکوپێکی دەرناچن، گەلێ جاری دیکەش، لە ژێر کارتێکردنی ناکۆکیی نێوان نووسەران، ئەوەیی بە یەکدی بردن، رقلێکینە، تۆڵەکردنەوە و دەستیاوەدا، تا پێنەقاڵایانی تێدەنێن. لە هەمان کاتیشدا، ئەو بابەتانەی بڵاویشیدەکەنەوە، تا بە دەس خوێنەران دەگا، بە تەواویی کۆندەبن، هێز و پێزیان لەبەردەبڕێ.

5. ئەز وەک کوردێ، تا لە ژیاندابم، تا دەسم پێنووس بگرێ، تا مێشکم توانای بیرکردنەوەی هەبێ، تا گیرفانم تاوەدانبێ، بڕیارمداوە، لە ئەرکە نەتەوەیی یەکانی سەرشانم دوانەکەوم. هەرچی راستیی هەیە، بۆ جەماوەری نەتەوەکەمی ئاشکراکەم. جا هەر کەس و لایەنێکی کوردستانیی، بەو راستییانە نیگەرانبن، کەشتیی بەرژەوەندییەکانیان، لە زەریای نووسینەکانمدا نقومدەبێ، بە لای منەوە گرنگ نییە. چونکە راستیی و هەق، بە تاکە سەرمایەی ژیانم دەزانم، هەر وەک «مەحوی»یش دەفەرمووێ :

بە حەق هەر حەق، بە ناحەق ناحەقم وتوە لە رۆژێ بووم
وەکوو مەنصوور ئەگەر بێشکۆژن ناکەم لە حەق لادەم

بۆیە گەر لەو رێگایەشدا، خۆم و پێنووسەکەم گلابن، ئەوا چاوی راستیپەرستان، هەڵپەرستان، نیشتمانپەروەران، خوێنەرانی هێژا و کۆمەڵگەی کوردەواریی خۆشبێ!

لەبەر ئەو هەموو هۆیانەی باسمکردن، بڕیارمدا، ئەم چەند گوتارە، لەم پەرتووکە جوانەدا بڵاوبکەمەوە، پێشکەش بە خوێنەرانی هێژای بکەم. هیوادارم کەلێنێکی لە پەرتووخانەی کوردیدا پڕکردبێتەوە، رێڕەوی رووداوەکانی بە شێوەیەکی بێلایەن و پڕ لە راستیپەرستانە روونکردبێتەوە، لەو ماڵە گەورەیەی مێژووی کوردیشدا، بەردێکمان لە سەر بەردێ داناببێ.

دوکتۆر حوسێن محەممەد عەزیز
ستۆکهۆڵم
1998/01/01

پێشەکیی چاپی دووەم

سەرەتا دەمەوێ، شتێ بڵێم: ئەم بەرهەمە، هەر زوو لە نێو دڵ و دەروونی، کوردە پەنابەرەکاندا، جێگەی شیاوی تایبەتیی خۆی کردەوە. هەرچەندە، گوتارەکەی « تۆجەلان »، پێش ڕفاندنی نووسراوە، بەڵام تا ئەورۆ، لە یەک پیتی پەشیمان نیم. چونکە وا دەردەکەوێ، نیشانم پێکاوە، بۆچوونەکان ڕاست دەرچوون، ئەو برایانە سوود لە هەڵەکانی خۆیان وەرناگرن!
پاشان دەمەوێ، هەل بقۆزمەوە، چەند شتێ دەربارەی پارتە ڕامیارییەکانی کوردستان و دیمۆکراسیی ڕوونکەمەوە. پارتەکان، دەرگای دیمۆکراسیی بە دوکان و بازارێکی تایبەتیی خۆیان دەزانن، هەر کاتێ ئەو دوکان و بازارە، قازانجی نەبوو، ئەوا گرنگیی پێ دەدەن. بە پێچەوانەشەوە، گەر زیانیان لێ بینی، ئەوا دوکان و بازارەکەیان دادەخەن.
شتێکی سەیرنییە، گەر هەموویان بە ڕواڵەت دیمۆکراسی بن، بانگاشەی دیمۆکراسیی بکەن، چونکە لە لایەکەوە، دیمۆکراسیی مۆدەی سەردەمە و ناوبانگێکی باشی هەیە، ئەوانیش بە هۆی ئەو ناوبانگەوە، خەڵکی پێ هەڵدەخەڵەتێنن. لە لایەکی دیکەشەوە، لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە ڕامیارییەکانی جیهانیشدا، لایەنگرانی دیمۆکراسیی، پێشکەوتنخوازیی و مرۆڤپەروەریی پێوە لێدەدەن. بەڵام سەیر ئەوەیە، گەر نووسەرێ وەک لۆتی، زوڕنایان بۆ بژەنێ، چاو لە کەموکورییەکانیان بپۆشێ، ئەوا بە نووسەرێکی گەورەی دادەنێن و ڕێزی لێ دەگرن. کەچی گەر نووسەرێ، ڕەخنەیان لێ بگرێ، هەرچەندە ڕەخنەکەش دروستکەر بێ، لە دڵسۆزییەوە بێ، ئەوا بە چاوی دوژمن تەماشایدەکەن. با لێرەدا، چەند نموونەیەکی زیندوو، لە هەڵسوکەوتی ڕێکخراوەکانی « سوید »یان بێنینەوە :
1. پارتی دیمۆکراتی کوردستان، کە ووشەی دووەمی ناوی ڕێکخراوەکەیان، هەر لەو ڕۆژەی دامەزراوە، لە دیمۆکراسیی پێکهاتووە. لەبەرئەوەی ئەز دەربارەی هەنگاوە ناپاکەکانی(1996/08/31) و (1997/05/15)، وەک کوردێکی نەتەوەپەروەر، باوەڕی خۆم دەربڕی و ڕەخنەم لێ گرتن، تا ئێستا هەرچی لە دەسیان هاتووە، درێغییان نەکردوە.
2. یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، لەبەرئەوەی لە پەرتووکی(ڕۆڵی سیستەمی بنەماڵە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستاندا)ڕەخنەم لە

کارە نالەبار و خراپەکانیان گرتووە، ماوەی سێ ساڵێ دەبێ، جگە لەوەی هەموو جۆرە پێوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵدا پچڕاندووم، بەرهەمەکەشیان بە « جنێونامە » لە قەڵەمداوە. بە مەرجێ زۆربەی زۆری ئەو بەرهەمە، بۆ پارتی و بنەماڵەی بارزانیی تەرخانکراوە!
3. P.K.K. تا ڕەخنەم لێ نەگرتبوون، منیان بە دۆستێکی نزیکی خۆیان دادەنا. بەڵام کاتێ لە(1998/01/05)دا، لە «MEDTV »، بەرنامەی « دەنگی گەل »، دەربارەی « جەنگی نێوخۆ » چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵدا کردم، ڕەخنەم لە کردارە توندڕەوەکانیان گرت، لەو ڕۆژەوە بە هیچ جۆرێ پێوەندییان پێوە نەکردووم. هەروەها، کاتێ لە مانگی (مارسی/1998)دا، لە کۆبوونەوەیەکی فرلوانی « کۆنگرەی نەتەوەیی »، لە شاری ستۆکهۆڵم ڕەخنەم لێ گرتن، جگە لەوەی بە تەلەفۆن نارەزایی خۆیان دەربڕی، هەروەها لە تەلەفیزیۆنی « مەد »یشەوە، تەلەفۆنیان بۆ کردم، گوایە، لەو کۆبوونەوەیەدا « جنێو »م پێ داون! لەبەرئەوە بڕیارماندراوە، چەندیکە وانەکانی « جوگرافیای ڕامیاریی » بڵاونەکەینەوە. هەرچەندە دوایی هەر خۆشیان پەشیمانبوونەوە، بەرنامەکانیان بەگەڕخستەوە، بەڵام ئیدی لەو کاتەوە، لای هەموو لایەکیان، چارەم ڕەشبووە.
لێرەدا زۆر بە ڕاشکاویی دەڵێم: کاتێ ڕەخنە لە ڕێکخراوێکی دیاریکراو دەگرم، لەبەرئەوە نییە، شتێکی تایبەتیم دژی ئەو ڕێکخراوە هەبێ، چونکە من وەک کوردێکی بێلایەن، هیچ شتێکم لەگەڵ هیچ لایەکیاندا نییە. یا لەبەرئەوە نییە، تەنیا حەزم لە ڕەخنەگرتن بێ، بەڵکوو بڕیارمێکە و داومە، تا ماوم، ئەو ڕێکخراوانە، هەر هەڵەیە، تاوانێ، ناپاکییە بەرانبەر بە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەم و خاکی نیشتمانەکەم بکەن، پێوەندیی بە ئێستا و پاشەڕۆژی نەتەوەکەمەوە هەبێ، زیان بە نیشتمانەکەم بگەیەنێ، هەرگیز بێدەنگ نابم، وەک تا ئێستا بێدەنگ نەبووم. بۆیە بە هیچ شێوەیە ناتوانم، فروفەیی لێ بکەم، چاو بنوقێنم و خۆم کەڕکەم. خۆ گەر کردەوەی ئەو ڕێکخراوانە، تەنیا پێوەندیی بە خۆمەوە بووایە، تەنیا زیانی بە خۆم بگەیاندایە، ئەوا ئەو کاتە، خۆم کەڕ و لاڵ و کوێر دەکرد، وەک چەندین جاری دیکە پشگوێم خستوون. جا با بزانێ، بۆ ئەم بەرهەمە نوێیەم چی دەڵێن و چی دەکەن!!!

1999/03/21

ئاشتیی بە دەنگ نییە،
بە ڕەنگە!

پێش هەموو شتێ دەبێ، ئەوە بزانین، لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا نەبێ، لە نێـــو هیچ ڕێکخـــراوێکدا، لە هیچ دەوڵەتێکی ئەم جـــیـــهـــانەدا، هەرگیزاوهەرگیز، دوو سەرەگا لە مەنجەڵێکدا، پێکەوە جێگایان نەبۆتەوە و جێگاشیان نابێتەوە.
هەر وەک چەندین جـار بە نووسین، لە گـفـتــوگـۆی ڕادیۆ و چاوپێکەوتنی تەلەڤیزیۆندا باسمانکردووە، جەنگی نێوخۆی نێوان پارتی و یەکێتی لە باشووری کوردستـــان، شتێکی نوێ نیـیە، ڕووداوێکی کتوپڕیی نەبووە و نیـیە. بەڵکوو لە دووتوێی لاپەڕەکانی دیرۆکی نوێی کورددا، مێژوویەکی ڕەش و چەپەڵی بۆ خۆی تۆمارکردووە. ئەو ناکۆکیی و دووبەرەکییەی ئەوڕۆ دەیبینین، هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی پارتییەوە سەریهەڵداوە. بە جۆرێ لە جۆرەکان، ناکۆکییەک لە نێوان ئەندامانی سەرکردایەتی پارتدا هەبووە، چەند جارێ، بە شێوەی جیاجیا تەقیوەتەوە. هێندێ جاریش، بە پلەی جیـاواز تاوی سەندووە، لە شێوەی پێکدادانی چەکداریدا خۆی

نواندووه، ڕیزی ڕێکخراوەکەی دوولەتکردووە و خوێنێکی زۆر ڕژاوە. وەک هەموو ئەو ناکۆکیی و دووبەرەکییانەی، نێوان سەرانی پارت لە ساڵی(1952)، ناکۆکیی نێوان سەرۆک بارزانیی و هەمزە عەبدوڵڵا لە ساڵی(1959) و دووبەرەکیی نێوان سەرۆک بارزانیی و باڵەکەی پەلیتبیرۆ لە ساڵی(1964)دا ڕوویدا. ئەوەبوو، دوا جاریان بە ناپاکیی و کارەساتێکی نەتەوەیی گەورە کۆتاییپێهات. دەتوانین، بڵێین : چەندین ساڵ پارتی، وەک ڕێکخراوێ لاوازکرد، بزووتنەوە چەکدارییەکەی(11/سێپتێمبەری)، وەک شۆڕشێ کرمۆڵکرد، خەڵکی باشووری کوردستانیشی، وەک گەلێکی سەربەخۆ دواخست، فێری جەنگی کوردکوژیی و ناپاکیی کرد. چونکە گەر دووبەرەکیی و جەنگی نێوخۆ نەبووایە، هەڵبەتە، سەرانی ڕێکخراوەکان، هەر لە ساڵی(1966)ەوە تا ئەورۆ، شانۆگەرییە گاڵتەجارییە مێژوویییەکەی، مێرنشینی باپانیان دووبارەنەدەکردەوە، هەر جارەی بە نۆرە، لایەکیان لەشکری عەرەب، فارس و تورکیان، بۆ سەر یەکدی نەدەهێنا!
بەڵام زۆر بە داخەوە، سەرانی کورد، نەک هەر پەندیان لە هەڵەکانی مێژووی کۆنی کورد وەرنەگرت، بەڵکوو ئەو هەموو هەڵە، ناکۆکیی، دووبەرەکیی، تاوان و ناپاکییانەشیان، بە خراپترین شێوە، لە ساڵەکانی(1977-1987)دا، لە شۆڕشی نوێی گەلی باشووری کوردستاندا دووبارەکردەوە. دە ساڵی ڕێک سەرانی پارتی و یەکێتی، دوژمنی داگیرکەری دەوڵەتی عێراقیان پشگوێخستبوو، منداڵی کوردیان بە دەسی یەکدی بە کوشتدەدا.
هەروەها، لە دوای ئەوەی ڕاپەڕینەکەش ڕوویدا، پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێررا، میریی هەرێم دامەزرا، خەڵکی ڕەشوڕووتی کورد، ئاهێکیان پێداهاتەوە، وایاندەزانی، سەرانی کورد، کەڵکیان لەو ئەزموونە تاڵانەی پێشوو وەرگرتووە، ئیدی جەنگی کوردکوژان هەڵناگیرسێننەوە، وەک برا پێکەوە فەرمانڕەوایی کوردستان دەکەن، نیشتمانە هەژارە بێکەسە زامدارەکەمان دەبووژێننەوە، لایە بە لای منداڵانی هەتیوی باوککوژراو و بێوەژنانی مێردکوژراودا دەکەنەوە. هەوڵدەدەن، هەموو ژان و ئازارێ، لە بیر ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بەرنەوە، دڵنەوایی دایک و باوکی شەهیدانی کورد دەکەن. کەچی، ئەم سەرکردە چەکسوورە کوردکوژانە، هیچ لە مێژووی پڕ لە

شەرمەزاریی، ئەو چەند ساڵە فێرنەبوونا لە ڕۆژی(01/مای/1994)دا،
جەنگێکی سەرتاسەریی ماڵوێرانکەرانەی چەپەڵیان بەرپاکرد، کەم سوچ و
قوژبن مابوو، کەم بن دار و بەردی، باشووری کوردستان مابوو، بە خوێنی
ڕۆڵەکانی ئەم گەلە هەژارە، سووریان نەکردبێ!
لە ڕاستیدا، حەزمدەکرد، سەرانی کورد هێندە ژیربوونایە، نەک هەر لە سەر
دەسەڵات شەڕیان نەکردایە، بەڵکوو هەرگیز، دڵی منداڵێکی کوردیان
ئازارنەدایە، مێروولەیەکی وڵاتەکەیان پاننەکردایەتەوە و لقێ داری
سەوزیشیان نەشکاندایەتەوە. بەڵام، هەر وەک جەنگەکەشیان دامەزران،
دوای چوار ساڵ کوردکوژیی، گەلێ ئاواتەخوازبووم، بیرێکیان لە باری
ناڵەباری نیشتمانەکەیان و خەڵکی چەوساوەی بێچارەی کورد بکردایەتەوە.
هەر هیچ نەبووایە، لایەکیان دەستپێشکەریی بکردایە، وازی لەو
کەللەڕەقیی، دڵڕەشیی، ڕقوکینە، پاوەنخوازیی، مەزنخوازیی و کەڵکەڵەی
دەسەڵاتە بێنایە. لە کۆبوونەوەیەکی کوردستان کۆببوونایەتەوە، وەک دوو برا،
ڕازوگلەییەکانی خۆیان لە یەکدی بکردایە، ڕەخنەی توندوتیژیان لە یەکدی
بگرتایە. پاشان، باوەشیان بۆ یەکدی بکردایەتەوە، دەستی برایەتیان لە ملی
یەکدی بکردایە، بەڵێنیان بۆ ڕۆڵەکانی، ئەم گەلە دڵسۆزە نوێ بکردایەتەوە،
کە جارێکی دی، کوڕی کورد بە دەستی کورد بەکوشتنادەن، هەرچی گرفتێکی
ڕامیاریی، ئابووریی، ڕاگەیاندن و دەسەڵات هەیە، بە شێوەیەکی
دیموکراسییانە چارەسەردەکەن. نەک پەنا بۆ بەر هێز و دەسەڵات بەرن،
چەکی سووک و قورس بەکاربێنن، ئەو چەکانەی تا ئێستا، دژی سوپای
داگیرکەری دەوڵەتی عێراق، بەکاریاننەهێناوە! لەو باوەڕەدام، هەر لایەک
ئەم کارەی بکردایە، لای ڕۆڵەکانی گەلەکەمان، جێگای ڕێز و ستایش
دەبوو. چونکە لە مێژە گوتوومانە: هەر لایەنێکیان مل بۆ داواکارییەکانی
لایەنەکەی دی بدا، بە دڵ و بە گیان هەوڵ بۆ ئاشتیی بدا، ئەوا هیچ کاتێ
ئەوە ناگەیەنێ، ئەو لایەنە لە بەر لاوازیی و بێدەسەڵاتیی، ئەو کارە بە
ئەنجامدەگەیەنێ، بەڵکوو گەر لە دڵسۆزیشەوە نەبووایە، جەماوەر هەر بە
دڵسۆزیی بۆی دەژمارد. چونکە ئەو لایەنە، بەو کارەی، ئاوێکی بە ئاگری
ئەگریسی ئەو جەنگە گلاوەدا دەکرد.

هێندێ کەس هەن، ئەم سەردانەی بارزانیی و تاڵەبانیی بۆ واشنتۆن، بە دەسکەوت و سەرکەوتنێکی مەزن دەزانن. بەڵێ ڕاستە، چونکە لە لایەکەوە، کێشەی کوردی زیندووکردەوە، هێندەی دی جوڵاندیی و بەرەوپێشەوەی برد. کاربەدەستانی دەوڵەتی ئەمەریکا، بەڵێنیان بە سەرکردەی هەر دوو ڕێکخراوەکە دا، گەلی باشووری کوردستان، لە مەترسی هێرشی دڕندانەی، سوپای دەوڵەتی داگیرکەری عێراق بپارێزن، لە دەس کیمیاباران و ئەنفالکردن قووتاربکەن. نەخشەیەکیان بۆ چەسپاندنی ئاشتیی، تێوان ئەو دوو ڕێکخراوە کێشا و ڕەنگیان ڕشت. گەر خاڵەکانی ڕێککەوتننامەکە، لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێبکرێ، ئەوا لە ڕووی ڕامیاریی و دیپلۆماسیشەوە، گەلێ کەڵکی دەبێ. چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی وڵات، کار و باری کورد، بەرەو باشتر دەبا.

بەڵام لە لایەکی دیکەوە، گەر بە وردیی بیری لێ بکەینەوە، دەبینین، بە تراژیدیایەکی مێژوویی نەتەوەیی بێ وێنە دادەنرێ. چونکە سەرکردەی هەر دوو ڕێکخراوە شەڕکەرەکە، هەرچی جلە چڵکنەکانی خۆیان هەبوو، لە سەر شووشەی تەلەفیزیۆنی دەوڵەتەکانی جیهان، بە تەنافی ئەمەریکادا هەڵیانواسی. گەلانی جیهانیان لێ تێگەیاندین، کە کورد نەتەوەیەکە، بە ڕاستیی دواکەوتوو، ناکۆک و ناتەبایە. دوای ئەو هەموو تراژیدیایانەی، گەلی باشووری کوردستان بینیوویانە، دوای ئەو هەموو ژان و ئازارانەی چێشتوویانە، کوردەکان ناتوانن، فەرمانڕەوایی خۆیان بکەن، لە نێوخۆیاندا ڕێکناکەون، پارتەکان لە سەر کۆنتڕۆڵکردنی کوردستان، سەرکردەکانیش لە بەر کورسیی و پلەوپایە، هێندەی دی نیشتمانەکەیان وێراندەکەن، ڕۆڵەکانی گەل بە دەسی یەکدی بەکوشتدەدەن. بە ڕاستیی ئەمە بە گاڵتەجاڕیی و شەرمەزارییەکی گەورە لە قەڵەمدەدرێ!

جگە لەوانەش، ئێمە دەمانویست، هەردوو سەرکردە، بۆ باسکردنی کێشەی کورد، ئەو گەشتەیان بکردایە، بۆ بڕیاردانی چارەنووسی گەلی باشووری کوردستان هەوڵیانبدایە، بۆ چەسپاندنی سیستێمە فیدراڵییە جوانەمەرگەکە خەباتیانبکردایە، بۆ مسۆگەرکردنی ژیانێکی پڕ لە ئازادیی و ئاشتیی بکۆشانایە. ئەمەریکا وەک چۆن هەوڵیداوە و هەوڵیشدەدا، ناوچەیی لە

نێوان سەرکردەکانی، گەلی فەلەستین و دەوڵەتی ئیسرائیلدا بکا، وەک چۆن خۆی ماندووکردووە و خۆشی ماندوودەکا. ئاشتیی لە نیشتمانی هەر دوو گەلی عەرەبی فەلەستین و جوودا بچەسپێنن، وەک چۆن دوێنێ،(یاسر عەرەفات و ئیسحاق رابین)ی ئاشتکردەوە، وەک چۆن ئەوڕۆش(یاسر عەرەفات و بنیامین نەتانیاهۆ)ی بە یەکگەیاند، ئێمەش، وەک رۆڵەی گەلێکی ماڵخوراو و بندەس، حەزماندەکرد، دەوڵەتێکی زلهێزی بە توانای وەک ئەمەریکا، سەرانی کورد و دەوڵەتی داگیرکەری عێراق رێکبخا، کۆتایی بە کێشەی جەنگ لە کوردستان و نائارامیی لە نێو کورددا بهێنێ، مافە رەواکانی گەلی باشووری کوردستان دەستەبەربکا.
جگە لەو شتانەی ئاماژەشمان بۆ کردن، ئەمڕۆ پڕ بە دڵ دەمخواست، ئەو رێککەوتنە لە گوندێکی کوردستاندا بوایە. بارزانیی و تاڵەبانیی، بە هەموو باوەڕێکەوە، باوەشی برایەتییان بۆ یەکدی بکردایەتەوە، بە هەر دوو رێکخراوەکە، بە هەر دوو سەرکردە هەوڵیانبدایە، کوردستان بنیاتبنێنەوە، رۆڵەکانی گەلیش، لەو مەترسیی، دڵەڕاوکە، بێکاریی و برسێتییە رزگاربکەن. نەک لە ناچاریدا، ملی رێگای ئەمەریکا بگرنەبەرا جا گەر وا نەبووایە، هەڵبەتە، بارزانیی و تاڵەبانیی، رۆژێ لە رۆژان، لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی دوایی جەنگی نێوخۆدا، تەنیا جارێ پێکەوە لە کوردستان کۆدەبوونەوە! یا کاتێ لە تەلەفزیۆندا دەرکەوتن، شەپۆلی رقێکی قووڵی بێسنوور، لە زەریای چاوەکانی بارزانیدا نەدەبینرا، هەڵمەشەیی و شەڕەزەییەکی زۆر، بە هەڵسوکەوتی تاڵەبانییەوە دیارنەدەبوو! یا لە چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەکەی(MBC)دا، پێکەوە دادەنیشتن! بەڵام جگە لەوەی بە شێوەیەکی گشتیی، کورد لەو ئاشتییە قازانجدەکا، هەڵبەتە دیارە، یەکێتی لە چاو پارتیدا، کەڵکێکی زۆر لەو رێککەوتنە وەردەگرێ، چونکە هەموو فاکتەرە رامیاریی، سەربازیی، ئابووریی، پێوەندییە نێوخۆیی و نێوچەیی و نێونەتەوەیی یەکانیش، لە بەرژەوەندیی پارتیدا بوون، بۆیە بەو شێوەیە رەفتاریاندەکردا
هەرچی لە رێککەوتننامەکەی واشنتۆندا هاتووە، تەنانەت گەر تەنیا هەنگاوێ، ئەو دوو لا شەرکەرە لە یەکدی نزیکبکاتەوە، ئاشتیی لە

کوردستاندا بچەسپێنن، ئەوا هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر دەبێ، بە دڵ و بە گیان پشگیرییبکا. هەرچەندە بەپێی ڕێککەوتنەکەمان، ئاشتیی ت بەشێکی نیشتمانەکەمان دەگەڕێتەوە، بەڵام دوورنییە، خوێنێکی زۆر ە چەند بەشێکی دیکەی کوردستاندا بڕێژرێ! بۆیە گەر، لە بەر ڕۆشنای بەرژەوەندیی نەتەوەکەماندا، سەرنجێکی سەرپێیی لە هێندێ خاڵی ڕێککەوتننامەکە بدەین، ئەوا چەند شتێکمان بۆ ڕووندەبێتەوە :

1. ئەم ڕێککەوتننامەیە، وەک خاتوو « ئۆڵبرایت » ، شالیاری دەرەوەی ئەمریکا گوتی : هەر هەمان ڕێککەوتننامە کۆنەکەی ساڵی(1996)ی ئەنقەرەیە و سەرلەنوێ دابڕێژراوەتەوە.

2. بەشێکی ڕێککەوتننامەکە، بۆ دژایەتیکردنی P.K.K تەرخانکراوە. پوختەکەی دەڵێ :

(هەر دوو پارتەکە پێکەوە هاوکارییدەکەن، پارێزگاریی ئاسایشی سنوورەکانی تورکیا و تێهران دەکەن. کۆنترۆڵی ڕێگاوبانەکان دەکەن، تا تیرۆریستەکان لەو سنووراتەدا جموجۆڵنەکەن و سنوور نەبەزێنن. هەر دوو پارتەکە پەیماندەدەن، لە هەر ناوچەیەکی کوردستانی عێراقدا، شوێنی حەوانەوە بۆ ئەندامانی P.K.K داببیننەکەن. جەخت لە سەر ئەوە دەکەن، هیچ بنکەیەکی P.K.K ، لە باکووری عێراقدا نەمێنێ. هەروەها ڕێگە لە شێواندنی ئارامیی و ئاسایش لە ناوچەکەدا و بەزاندنی سنووری تورکیا دەگرن.) «16» کەچی، ڕێککەوتننامەکە بە هیچ شێوەیە، لە دەستدرێژیی هەر دوو دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا و ئێران، بۆ سەر کوردستان نەکراوە!

هەر کوردێکی خوێندەوار، کەمێ بە وردیی، سەرنجی سەرتاپای خاڵەکان بە گشتیی، ئەو چەند دێرەی سەرەوە بە تایبەتیی بدا، بەکەسەر بۆی دەردەکەوێ، جگە لەوەی هەر دوولای شەڕکەر ئاشتدەکاتەوە، پارێزگاریی کورد لە باشووری کوردستاندا دەکا، لە ڕووی ڕامیارییەوە، هیچ جۆرە مژدەیەکی خۆش و نوێی، بۆ گەلی باشووری کوردستان تێدانییە. لێرەدا زۆر بە ڕوونی دیارە، چ ئەمریکا و چ تورکیا، چ پارتی و چ یەکێتی، هەموو لایەکیان لە سەر ئەوە ڕێککەوتوون، گەر پێویست بکا، هێزەکانی تورک بۆی هەیە، سنووری نێودەوڵەتیی عێراق ببەزێنن، بە دوای

گریلاکانی P.K.K.دا بگەڕێ و پەلاماریانبدا. ئەمەش هەر خۆی لە خۆیدا، لە لایەکەوە، بە یەکێ لە ناوەرۆکی ئەو خالانەی، ڕێککەوتننامە کۆنەکانی نێوان تورکیا و عێراق دادەنرێ، کە کاتی خۆی لە سەرەتای هەشتاکاندا، لە نێوان هەر دوو دەوڵەتی داگیرکەردا مۆرکرا. لە لایەکی دیکەشەوە، هەر هەمان ڕێککەوتننامەیە، کە چەندین جار سەرانی تورک، بە سەر سەرکردایەتی پارتی و یەکێتییاندا سەپاند. واتا لێرەدا دەتوانین، زۆر بە ڕاشکاوی بڵێین: ئەوەی ئەمەری ئەمەریکا، تورکیا و ئیسرائیل، لە نێوچەکەدا دەیانەوێ، بە تەواوی بە سەر پارتی و یەکێتیدا سەپاندوویانە. جا گەر ئەمە بۆ داڕۆژ، جێگای مەترسی نەبێ، ئیدی دەبێ، لەوە زیاتر مەترسی چی بێ؟!!

ئەوا سێوحەوت ساڵی ڕێکە، کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان، لە پێناوی شۆڕشی باشووردا، بە هەموو شێوەیە، قوربانیی بە دەسکەوتەکانی خۆیان دەدەن، بە سەدانیان لێ دەکوژرێ، ماڵیان وێراندەبێ، بە مەرجێ شۆڕشی باشوور، هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ، لە زیان زیاتر، چ سوودێکی بە ئەوەی کورد نەگەیاندووە، نازانم، بۆ دەبێ، بەو شێوەیە چاکەیان بدرێتەوە؟ ئایا ئەوانیش وەک کوردی باشوور، بە دەس ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە ناچەوسێندرێنەوە؟ ئایا ئەوان، لە نێو ئاو و هەوای سازگاری بەهەشتی پانوبەرینی تورکیا و ئێراندا دەژین، ئەمانیش لە نێو ژیلەمۆی دۆزەخی تەنگەبەری عێراقدا دەبرژێن؟ ئایا ئەوان داگیرکەرەکانیان، نوێژ لە سەر داوێنی فریشتە دەکەن، ئەمانیش داگیرکەرەکەیان، نوێژ لە سەر داوێنی ئەهریمەن دەکا؟ هەڵبەتە گەر وا بێ، ماڵی داگیرکەران، پانتکە و دوو هەوا!! کاتێ گوێمان لێ دەبێ، ئەندامانی پارتی و یەکێتی، پروپاگەندە بۆ ڕێککەوتنەکە دەکەن، بە یەک ساز و ئاواز، گۆرانیی بۆ دەچڕن، کەسێ شارەزا نەبێ، وا دەزانێ، سەرکەوتنێکی مەزنیان بە دەسهێناوە. بەڵام لە ڕاستیدا، هەر ئەوەیە، لە سەرەتاوە لە کوێوە دەسپێکردووە، پاش چوار ساڵ جەنگی نێوخۆ، بۆ هەمان جێگا گەڕاونەتەوە، بەڵکوو خراپتریش بووە، چونکە باری ئاسایش و هێمنیی کوردستانیان، بە تەواوی تێکداوە، هەڵە مێژوویی یەکەیان، لە کەس کورد داوە، بە هەزاران کوڕی کوردیان بە

کوشتداوە. بۆیە دەبێ، سەرلەنوێ لە نووکەوە دەستپێبکەنەوە، واتا گەر هەنگاوێکیان بۆ پێشەوە نابێ، دوو هەنگاو بۆ دواوە گەڕاونەتەوە.
ئێمە لە کاتێکدا، پڕ بە دڵ پشتگیریی پرۆسەی ئاشتیی دەکەین، لە هەمان کاتیشدا دەمانەوێ، چاوێ بە ڕووداوەکانی ڕابردوویەکی نزیکی گەلەکەماندا بخشێنینەوە. لە لایەکەوە، بۆ ئەوەی بزانین، دوێنێ چی ڕوویداوە؟ لە پێناوی چیدا، ئەو جەنگە چەپەڵە خۆکوژییە هەڵگیرسا و چوار دانە ساڵی ڕەبەق، بەردەوامبوو؟ لە لایەکی دیکەشەوە، تا بە تەواویی ڕێز لە ئاشتیی بگرین و نرخی بزانین.
ئێمە نابێ، هەرگیز ئەوەمان لە یادبچێ، لە ماوەی ئەم چوار ساڵەی جەنگەدا، هێندەی کوڕی ئازا و ڕۆڵەی تەنگانە کوژران، هێندەی کادیری ڕامیاریی و سەربازیی، گیانیان لەدەستدا، دەوڵەتی داگیرکەری عێراق، لە ماوەی چل ساڵدا، هێندەی بۆ نەدەکوژرا. هێندەی خوێنڕێژندرا، دوورنییە، بۆ ڕزگارکردنی کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی بندەستی عێراق، شتێ کەمتر یا هەر هێندەی خوێن بویستایە. هێندەی گوند و شارۆچکەکانی کوردستان وێرانکرانەوە، هێندەی ڕۆڵەکانی گەل دەربەدەری وڵاتان بوون، هێندەی بێهۆشتیی، بێکاریی و برسێتیی لە کوردستان بڵاوبۆوە، هێندەی دەزگا سیخوڕییەکانی، هەر چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکە، لە شارەکانی کوردستان تەراتێنیاندەکرد، هێلانەی سیخوڕییان دادەمەزراند، گەرای ناکۆکیی، دووبەرەکیی و ناپاکییان دەخست، هێندە دەوڵەتە داگیرکەرەکە، بەو هەموو دڕندەییەی خۆیەوە، لە هەڵەکەسمادانەبوو.
بە کورتییەکەی، هەرچی بەعسی فاشیست لە ماوەی دەسەڵاتیدا قڕیانەکەوت، دژی خەڵکی کوردستان جێبەجێیکا، ئەو دوو ڕێکخراوە لەم ماوەیەدا، بە زیادەوە بۆیان تەواوکرد. کەواتا ئێستا بۆمان هەیە، ڕووی دەمان، لە هەر دوو ڕێکخراوی شەرکەر بکەین، لە ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو دوو ڕێکخراوە بە گشتیی و بارزانیی و تاڵەبانیی بە تایبەتیی بپرسین، ئەو هەموو خوێنە کوردییە، لە پێناوی چیدا ڕێژندرا؟!! داوای خوێن و گیانی، ئەو ڕۆڵە قارەمانانەی گەلەکەمان لە کێ بکەین؟!!
ئێمە لەم ڕۆژە ناسکەدا، بۆیە ئەم شتانە باسدەکەین، بۆیە ئەم پرسیارانە،

ئاراستەی جەماوەر دەکەین، بۆیە بەخەی سەرکردەی ڕێکخراوەکان دەگرین، بۆیە قەڵاغەی ئەم برینە سەختانە هەڵدەکەنین و زامەکان دەکولێنینەوە، تا جارێکی دی، ئەو کارەساتە نەتەوەیی یە ترسناکانە، چەند بارە نەبنەوە، تا سەرلەنی ئەو دوو ڕێکخراوە، پەندێ لە مێژووی پڕ لە شەرەمەزاریی و لە خوێنهەڵکێشراومان وەرگرن، تا ئەوەی ماوە و لە دەستەچووە، بە هەمووەمان قەرەبوو تاریکەین. بەڵێ، نابێ هەرگیز ناخۆشیی و کارەساتەکانی جەنگی نێوخۆمان بیرچێتەوە. هەڵبەتە هەموو کاتێ دەبێ، لە ڕۆژانی خۆشیی، سەرکەوتن و ئاشتیدا، ناخۆشیی و کارەساتەکانمان لە یادنەچێ و بیری خۆمانی بێنینەوە، تا خۆشیی و سەرکەوتنەکانمان لێ تێکنەچێ. لە هەمان کاتیشدا دەبێ، لە ڕۆژانی ناخۆشیی و تەنگانەدا، هەرگیز ورە بەرنەدەین، ڕەشبین نەبین، بۆ ئاسۆیەکی گەش و پرشنگدار بڕوانین، ڕۆژی سەرکەوتن و سەربەرزیمان لە پێش چاوبێ، بۆ ئەوەی بە سەر ناخۆشیی و گرفتەکاندا سەرکەوین. لەگەڵ ئەوەشدا نابێ، هێندەش بلەی ناخۆشیە . . . ەکەی . . . ڕەی ڕۆڵەکانی گەل بڕوخێنێ. بۆیە . . . ە ئاشتیدا ڕۆژە سەختەکانی جەنگمان لە یادبێ، لە کاتی جەنگیشدا، ئاشتیی باوەڕ و هیوامان بێ!

هەر چەندە لە یەکەم ڕۆژەوە گوتوومانە، ئاگری ئەو جەنگە نارەوایەی، لە نێوان پارتی و یەکێتیدا هەڵگیرسا، لە مێژووی نوێی گەلەکەماندا، کارەساتێکی نەتەوەیی مەزنبوو، ناپاکییەکی گەورەبوو. بەڵام پێویستە، بە هەر شێوەیەبێ، کۆتایی پێبهێنرێ. هەر لە سەرەتاشەوە دەمانزانی، جگە لە ئاشتبوونەوەی گشتیی و دیمۆکراتیزەکردنی کوردستان، هیچ جۆرە چارەسەرێکی دیکە نەبووە و نییە و نابێ. هەروەها دەمانزانی، ئەم فیلمەی ئەم جارەی جەنگی نێوخۆی، نێوان پارتی و یەکێتیش، هەر لە سەر حسێبی، خوێنی گەشی ڕەشوڕووتی ڕۆڵەکانی گەل تەواودەبێ، سەرکردەی هەر دوو ڕێکخراوەکەش، وەک کورە نازاکانی فیلم، پێستی خۆیان ڕزگاردەکەن، وەک پاڵەوانەکانی چیرۆک، بە ساغی بێ دەردەچن. ئەو کوردە بێ‌بەلایەنە نیشتمانپەروەر و دڵسۆزانەی، هەر لە یەکەم ڕۆژی جەنگەکەشەوە، دژی ڕەفتار و گوفتاری شەڕخوازان بوون، هەمیشە هەوڵیان بۆ ئاشتیی داوە، لە کۆتاییدا، وەک گێرەشێوێن و ئاژاوەچیی نێوزەدەکرێن، وەک ناپاکیی فیلم

و چیرۆک باسدەکرێن! هەڵبەستەکانیش، ئەوانەی بە شێوەیە لە شێوەکان، پشتگیریی لایەنێکیان دەکرد، دژی لایەنەکەی دی دەدوان، پڕوپاگەندەی خراپ و درۆیان بڵاودەکردەوە، جنێوی پیسیان دەدا. ئەورۆ جارێکی دی هەوڵدەدەن، بەپێی بەرژەوەندیی تایبەتیی تاکەکەسیی خۆیان، گوڵەبەرۆژە ئاسا، لەگەڵ خۆری باروودۆخی پرۆسەی ئاشتییەکەدا، خۆیان بگونجێنن.

بە لای منەوە، شتێکی زۆر سەیرنییە، ئەو دەمە بۆگەنانەی تا دوێنێ بوو، فوویان لە گڕی ئاگری جەنگی نێوخۆ دەکرد، کەچی ئەورۆش گوڵاوپڕژێنی ئاشتیی بکەن! لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەکاندا، وتووێژیان لەگەڵدا دەکەن، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، بە گوتارنووسێ پێشبڕکێ لە سەر ئاشتیی دەکەن! بەڵام هەرچی چۆنێ بێ، دەبێ، هەمووومان کار بۆ ئاشتیی بکەین، چونکە تەنیا هەر بە ئاشتیی، برایەتیی، تەبایی و یەکێتیی، ڕیزە لێکدابڕاوەکانی گەل یەکدەگرنەوە، زامەکان سارێژدەبن، ڕۆڵەکانی گەل، بە وورەیەکی بەرز و پتەوی پۆڵاینەوە، بە هێزو توانایەکی مەزنەوە، بەرەنگاری نەخشە و پیلانە گڵاوەکانی، دوژمنانی نێوخۆ و داگیرکەران دەبنەوە، وەک قەڵایەکی قایم، بە ڕوویاندا ڕادەوەستن، کورد لە مەترسیی چەوساندنەوە ڕزگاردەبێ، وردەوردە پێشدەکەوێ، دوژمنانی نێوخۆ و داگیرکەرانیش تێکدەشکێن.

لێرەدا با بزانین، دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان، دوێنێ چییان دەکرد و ئەورۆش چی دەکەن؟ هەمووومان دەزانین، کاتێ بەرەی کوردستانیی هەبوو، پارتی و یەکێتی ڕێکبوون. دواتر جەماوەری چەوساوەی کورد ڕاپەڕی، هەر چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکەش، لەوە دەترسان، نەبا ڕاپەڕینەکە، ئامانجەکانی خۆی بە تەواویی بەدیبهێنێ. نەبا دەوڵەتێکی کوردیی، لە باشووری کوردستان دابمەزرێ. نەبا مەترسیی ڕاپەڕین، بۆ بەشەکانی دیکەی، کوردستانی بندەستی خۆشیان بتەنێتەوە. نەبا نەتەوەی کورد، لە هەموو بەشەکانی کوردستان، دژی داگیرکەر ڕاپەڕێ، داوای مافی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالی تایبەتیی بکا. بەڵام هەیبوو، ئاش لە خەیاڵێ بوو، ئاشەوانیش لە خەیاڵێکی دیکەدا بوو!

ئەوەبوو، کاتێ ڕاپەڕینەکەش سەرکوتکرا، ئەو مەترسییە لە بەردەم دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا نەما، نەدی ئەو ترسەیان نەما. کەچی کاتێ، پەرلەمانی

کوردستـان هەڵبژێردرا، دەزگاکـانی میریی هەرێم دامـەزرا، ئەم جارەش هەر چوار دەوڵەتەکـە، دەسـیـان بە جرتوفرتکردەوە. بە شـێـوەیەکی ئاشکرا و بە تایبـەتیـش، هەر سێ دەوڵەتەکـەی تورکـیـا، ئێران و سـووریا، هەر شـەش مـانگ جـارێ، لە یەکێ لە پێتـەختـەکـانی ئەو سێ دەوڵەتە داگیـرکـەرە کۆدەبوونەوە. بە ڕاشکاویی، دژی سیـسـتـێـمی فـیـدراڵی و پەرلەمـانی کوردسـتـان، نەخشـە و پیلانیـان دادەنا. کۆنەجاش، دوژمـنانی نێـوخۆ و ناپاکـەکـانی کـوردیـشـیـان، بە پارە دەکـری، ڕاپاندەسپـاردن، لە شارەکـانی کوردسـتـان خەڵکی بترسێنن، دژی بکەن، لە شوێنە قەرەباڵغەکان، بۆمبا و ئۆتۆمۆبێل بتەقێننەوە. بەڵام کاتێ جەنگی نێوخۆ دەسپێکرد و بە تەواویی گـەرمـبـوو، ئەواتیش و ازیان لەو پێکگەیشـتـنانە هێنا، ئەو کـۆبوونەوانە ڕاوەسـتـێنران. ئینجا سەرانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان، زۆر بە دڵخۆشیی و بە وردیی، سەرنجی جەنگەکەیان دەدا، لە دوورەوە جڵەوی ئەسپی سەرکێشی جەنگەکەیان ڕادەکێشا، بە شێوەیە لە شێوەکان، هەر دەوڵەتێ لەو دەوڵەتە داگیـرکـەرانە، پارمـەتی لایەنێکی شـەڕکـەریان دەدا، تا دەیانتـوانی، پتـر بەنزینیان بە ئاگری جەنگەکەی نێوان پارتی و یەکێتیدا دەکرد.

دیارە ناهەقیـشـیـان نەبوو، ئەو کارە بکەن، چونکە کـاتێ سـەرانی پارتی و یەکێتی، نەخشە و پیلانە گڵاوەکانی ئەواتیان پیادەدەکرد. ئیدی بۆچی و لە پێناوی چیدا، کۆبوونەوە بکەن؟ ئەدی کـورد دەبێ، لەوە زیاتر چیدیکە لە دوژمنان و داگیرکەرانی نیشتمانەکەی چاوەڕێبکا؟!! جا ئێستاش، کە ناوی پرۆسێسی ئاشتیی لە ئارادایە، بارزانیی و تاڵەبانیی، بە سەرپەرشتیی کاربەدەستانی واشنتۆن کۆبوونەتەوە، دوورنییە، جارێکی دی ئەو کۆبوونەوە سێقۆڵییانە دەسپێبکاتەوە، گەر ئەم جارە چوارقۆڵیش نەبێ و عێراقیش بە ئاشکرا بەشداریی تێدابکا! بۆیە هەر لە یەکەم ڕۆژی دانیشتنەکەوە، تورکیا، هاواری لێ هەستا، بە پەلە نوێنەری بۆ بەغدا نارد، پێوەندیی دیپلۆماسیی، بۆ سـەردەمی پێش جـەنگ گـێـڕایەوە، بە هەر دوولایان، دژی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە ڕاوەستان، دەسیان بە هەڕەشەکردن کرد.

ئەز لەو باوەڕەدام، وەک چۆن هەوا بۆ مرۆڤ، ئاو بۆ ماسی، شیر بۆ منداڵی ساوا پێویستە، هەر بەو شێوەیەش، ئاشتیی بۆ کورد پێویستە. بۆیە هەر

کەس، هەر دەستەیە، هەر ڕێکخراوێکی ڕامیاریی کوردستان، لە هەر پارچەیە بێ، دژی ئەو پڕۆسەی ئاشتییە ڕەفتار بنوێنێ، گەورەترین ناپاکیی بەرانبەر خوێنی شەهیدان و نەتەوەی کورد دەکا، بە دوژمنێکی گەورەی سەرسەختی کورد و کوردستان لە قەڵەمدەدرێ. چونکە جگە لەوەی، ئەورۆ کاتی ئەوە هاتووە، ئاشمەکینەی جەنگ، بە یەکجاریی لە کار بخرێ و چەندیکە لەوە پتر نەگەڕێ. ئاشتییەکەش، کوترایی بە چاوی دوژمنانی نێوخۆ، کۆنەچاش، بازرگانانی جەنگ، هەلپەرستەکانی نێو ڕیزەکانی پارتیی و یەکێتیدا دێنێ. بە شێوەیەکی گشتییش، لە قازانجی نەتەوەی کورد دایە، تەنیاوتەنیاش، داگیرکەرانی کوردستان زیانی لێدەبینن.

بەڵام کاتێ ئێمە، بێ لە سەر ئاشتیی دادەگرین، لە هەمان کاتیشدا دەبێ، ئەوە بزانین، مەبەستمان لە کام ئاشتییە؟ چ جۆرە ئاشتییەکمان دەوێ؟ ئاشتیی لەگەڵ کێ؟ ئاشتیی بە کێ پێکدێ؟ کێ دەیچەسپێنێ؟ کێ بەرەوی پێدەدا و دەیپارێزێ؟ بۆ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە، هەوڵدەدەین، بە چەند خاڵێکی کورت، باری سەرنجەکانی خۆمان دەربڕین :

1. دەبێ ئاشتییەکی ڕاستەقینەبێ، تا سەربێ و کاتیی نەبێ. تەنیا بۆ تاکتیک نەبێ. واتا لە پاوەڕووە هەڵقووڵا بێ.

2. دەبێ ئاشتییەکی سەرتاسەریبێ، هەموو گۆشەیەکی کوردستان بگرێتەوە. هیچ ڕێکخراوێکی کوردستانی لێدەرنەکرێ.

3. نابێ، هەل بۆ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تورکیا و ئێران بڕەخسێندرێ، بۆ ئەوەی بە ئاسانیی، بە ئامانجە چەپەڵەکانی خۆیان بگەن، کەڵک لەو بارە وەرگرن. هەر دەوڵەتێکیان دەرفەت بێنێ، دەلشمەاری خۆی بە سەر پارتیی و یەکێتیدا سوارکا، کاسەی پڕی ئاشتیی و تەبایی نێوان خۆیان، وەک بەڵا و نەگبەتییە، لە سەری هەر دوو(حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی کارگەرانی کوردستان)دا بشکێنن. بە هیچ شێوەیە نابێ، گزرەپانی جەنگەکە بۆ باکوور و ڕۆژهەلاتی کوردستان بگوێزرێتەوە. نابێ، سەرانی کورد وا تێبگەن، جەنگی نێوخۆ تەنیا لە نێوان پارتیی و یەکێتیدا ڕوودەدا، بۆ ئەوەی ئاشتیی لە باشووری کوردستان بچەسپێنن، هەموو شتێ لای ئەوان ڕەوابێ! واتا گەر پەلاماری ئەندامان و هێزە چەکدارەکانی ئەو دوو ڕێکخراوە بدەن،

ئەوە بە ئەرکی سەرشان و بە پێویستی بزانن، بە جەنگی نێوخۆیی دانەنێن!
لێرەدا شتێ هەیە، پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین، ئەویش ئەوەیە، تورکیا و تێهران، وەک دوو دەوڵەتی گەورەی داگیرکەری کوردستان، بەو هەموو سوپا گەورەیەوە، بەو هەموو چەکە مۆدێرنەوە، بەو هەموو توانا و دەسەڵاتەوە، گەر نەتوانن، پارێزگاریی سنوورە دەسکردەکانی خۆیان بکەن، ئایا پارتی و یەکێتی، بە چ شێوەیە دەتوانن، سنوورەکانی تورکیا و تێهران بپارێزن؟ پاشان بۆ کێ و لە کێی دەپارێزن؟ بۆیە دەبێ، زۆر بە وردیی، بیر لەم کێشە گرنگە بکەنەوە، بە زمانی دیالۆگ و بە شێوازێکی نەرم، پێوەندیی بە سەرانی ئەو دوو ڕێکخراوەوە بکەن، هەموو شتێکیان بە ئاشتیی لەگەڵدا بیرهێننەوە، بۆ ئەوەی ئەم جارەش، هەموو لایەنەکان، لاکیان بە تەڵەی، سەرانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا نەتەڵێتەوە!
جێگەی داخە، یەکێ لەو شتە خراپانەی، لە ڕێککەوتننامەکەدا تۆمارکراوە، ئەوەیە، سێ جار، ناوی P.K.K بە تیرۆریست هاتووە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا، هەر لە سەرەتاوە، مەترسیی بەردەوامبوون و دووبارەبوونەوەی جەنگی نێوخۆیی لێدەکرێ!
4. ج « حدکا » و ج « پکک » دەبێ، چاوێ بە بەرنامەی تایبەتیی، کاری ڕامیاریی و سەربازیی خۆیاندا بخشێننەوە، هەرگیز بە لیستی دەوڵەتە داگیرکەرەکان، کارێ نەکەن، زیان بەو بارودۆخە ناسکەی باشووری کوردستان و پرۆسەی ئاشتیی بگەیەنن.
5. ئەو ئاشتییەی لە ڕێی بالی ئەمەریکاوە بەدیدەهێنرێ، پارتی و یەکێتی لە نێوچەکەدا، وەک کلک بە تەوەری تورکیا ـ ئیسرائیلەوە ئەبەستێتەوە، چونکە گەورەترین دوژمنی نەتەوەی کورد تورکە و لە داهاتووشدا کورد زیانی زۆری لێدەبینێ.
6. کۆمیتەیەکی تایبەتیی، لە کەسانی بێلایەن، نیشتمانپەروەر، پیاوانی ئایینیی و نوێنەرانی ڕێکخراوەکان پێکبهێنرێ، لە نزیکەوە چاودێریی جێبەجێکردنی پرۆسەکە بکەن. لە هەر جێگەیەکی کوردستان، هەر کەسێ، هەر لایەنێ، کارێکی خراپی کرد، بە مەرجێ لەگەڵ ڕێباز و ئامانجی پرۆسەکەدا نەگونجێ، هەر زوو بیگرن و دادگایی بکەن.

7. لەبەرئەوەی، چوار ساڵی ڕەبەق، جەنگی ناوخۆ لە کوردستان گەرمبووە، خەڵکێکی زۆر کوژراوە، جۆرە دوژمنایەتییە لە نێوان ڕۆڵەکانی گەلدا دروستبووە. دەبێ، زۆر ئاگاداری باری دەروونیی خەڵکی بکرێ. بە هیچ جۆرێ نەهێڵن، کاری تۆڵەسەندنەوە سەردەربێنێ، هەوڵبدەن، ئاسایش و هێمنیی شارەکان و ناوچەکانی دیکەی کوردستان بپارێزن.

8. دەبێ، دەزگاکانی ئاسایش، هەموو ڕێکخراوە پیشەیی، دێموکراسیی و ڕامیارییەکانی کوردستان، زۆر وریابن، ماوە بە سیخوڕەکانی چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکە نەدەن، دەسی نامەردانەی خۆیان، لە تێکۆشەرانی کورد بوەشێنن، سەرلەنوێ فتیلەی ئاگری جەنگی ناوخۆ هەڵگیرسێننەوە.

9. بمانەوێ و نەمانەوێ، بارزانیی و تاڵەبانیی، لە ناو ڕێکخراوەکانی خۆیاندا، دەسەڵاتێکی ڕەها و بێ چەندوچوونیان هەیە. دیارە، ئەم جەنگە ماڵوێرانکەرانەیەش، لە سەر دەسەڵاتی ڕامیاریی و کێشەی ڕابەریی بوو. لەبەرئەوە، قورسایی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە، بە پلەی یەکەم، لە ئەستۆی بارزانیی و تاڵەبانیی دایە. بۆیە هەر دووکیان بەرانبەر دادگای گەل و مێژوو، وەک یەک بەرپرسیارن. جا بۆ ئەوەی، چیدیکە گەلەکەمان، بەرەو گێژاوێکی نوێ نەبەن، دەبێ، شەو و ڕۆژ، بە دڵ و بە گیان، کار بۆ ئاشتیی بکەن. هەوڵی جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەکە بدەن. ماوە بە هەڵپەرست و دەستەخۆرەکانی دەسەڵات و دەستەچەپیان نەدەن، چیدی لەوە زیاتر، کەڵکی ئاژاوەیان، لە هەموو کاروبارێکی ڕێکخراوەکانیان و گەلی باشووری کوردستان وەرگرن. لەبەرئەوە، زۆر بە پێویستی دەزانم، زوو زوو یەکدی ببینن، تا ئەو بەستەڵەکە سایکۆلۆژییەی نێوانیان، بە تەواویی بتوێتەوە، هەرچی گرێوگۆڵێکی دەروونیی هەیە، لە نێوانیاندا نەمێنێ. بۆیە دەبێ، هەر دوو سەرکردەی ڕێکخراوەکە، بە کوڵودڵ هەوڵبدەن، ئاشتییەکە بە تەواویی بچەسپێنن. هەر دووکیان ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی پرۆسێسەکە بکەن، بۆ کارێکی زۆر پەلە و پێویست نەبێ، هیچیان کوردستان بەجێ نەهێڵن.

10. دەبێ، لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، هەموو خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە جێبەجێبکرێ. دەسەڵاتی هەر دوو ڕێکخراوەکە، لە هەر دوو ناوچەکەدا یەکبگرنەوە. لە کاتی خۆیدا هەڵبژاردن بکرێ، بە هیچ شێوەیە، هیچ

هەنگاوێ دوانەخرێ. بەڵام بە داخەوە، گۆڕانێ لە کاتی هەڵبژاردنی پەرلەماندا کراوە، ئەوەش خۆی لە خۆیدا، لە لایەکەوە گومان پەیدادەکا، لە لایەکی دیکەشەوە، جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە دوادەخا.

11. سەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە، هەرچی چۆنێ بێ، دەبێ وەک خۆیان هەڵێنیانداوە، پەسەندییکەن. بە هیچ شێوەیە نابێ، ئەزموونی تفتوتاڵی پەنجاوپەنجا دووبارەبکرێتەوە. گەر لایەکیان دەنگی پتری هێنا، لایەنەکەی دی کەمتربوو، دەبێ، زۆر بە سنگفراوانیی و بە دڵێکی پاکەوە، بەو سەرئەنجامە ڕازیبێ. بەرژەوەندیی بڵندی بزووتنەوەکە و گەلی باشووری کوردستان، پێش بەرژەوەندیی تەسکی پارتایەتی بخا. دیارە، ئەو لایەنەی دەنگ کەمتردەهێنێ، جەماوەری گەل هەر هێندەی دەوێ! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بە پێی ڕێژەی ئەو دەنگانەی دەیانهێنێ، لە پەرلەمان و میری هەرێمدا بەشداربیدەکا، یا لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆندا دەمێنێتەوە، تا جارێکی دی هەڵبژاردن دەکرێتەوە، چاوەڕێی هەلی سەرکەوتن دەکا.

گەر هەر دوولایان بەم شێوەیە، هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکدی بکەن، بەپێی پرینسیپەکانی دێموکراسیی بجوڵێنەوە و بڕیاربدەن، ئەوا جگە لەوەی جەنگی نێوخۆ، بۆ تاهەتایە زیندەبەچاڵدەکرێ، ڕۆڵە ڕەشڕووتەکانی گەلی باشووری کوردستان دەحەوێنەوە، نیشتمانەکەمان دەگەشێتەوە و پێشدەکەوێ. کورد لە مەترسی لەدەستدانی دەرفەتەکە ڕزگاردەبێ، ئەو کلتوورە دێموکراسییەش دەچەسپێ، لە داهاتووشدا هیچ لایە ناتوانێ، لێی لادا، وەک لە وڵاتە دێموکراسییەکانی جیهاندا پێڕەودەکرێ. هەروەها هەموو گەلانی جیهان، ڕێکخراو و دەزگا نێودەوڵەتییەکانیش، بە جۆرێکی دی لە گەلەکەمان دەڕوانن، بە شێوەیەکی دی، هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەی نەتەوەیی کورددا دەکەن، وەک پەیمانیشیانداوە، لە قڕکردن دەمانپارێزن.

12. ئەم تراژیدیا نوێیەی گەلەکەمان، کە لە ماوەی ئەم چوار ساڵەی جەنگی نێوخۆدا ڕوویداوە، نابێ، هەروا بە خۆڕایی چاوی لێ بنوقێنرێ. نابێ، ئەو ئەزموونە تفتوتاڵە، بێ هەڵسەنگاندن پشتگوێبخرێ. بەڵکوو دوای ئەوەی، ئاشتیی ڕاستەقینە بە تەواویی دەچەسپێ، پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی زانستانە و بێلایەنانەی لە سەر بکرێ، هەر دوولای شەڕکەر دەبێ، زۆر

نازاپانە، دەکۆمێنتەکانیان لە بەردەستی نووسەران و لێکۆڵەراندا دابنێن، تا بتوانرێ، دەستپێشکەر و تاوانبارە ڕاستەقینەی جەنگ دیاریبکرێ. بەرەو ڕووی دادگای گەل و مێژوو بکرێنەوە، بۆ ئەوەی هەروا بە خۆڕایی، وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرنەچن! ئەو کاتە دەبێ، ئەو لایەنە، دان بە هەموو هەڵەکانی خۆیدا بنێ. داوای لێبووردن، لە خێزان و بنەماڵەی شەهیدان بە تایبەتی، لە سەرجەمی گەلی باشووری کوردستان بە گشتی بکا، پەیمان نوێبکاتەوە، جارێکی دی تاوان و ناپاکیی وا دووبارەنەکاتەوە.

13. گەلێ بە پێویستی دەزانم، هەر کاتێ باروداخی کوردستان، بە تەواوی هێمن بووەوە، ئاشتیی لە هەموو گۆشەیەکی نیشتمانەکەمان، ڕەگی قووڵی داکوتا، ئەو کاتە کۆنفرانسێکی نەتەوەیی بگیرێ، هەموو کەسایەتییە نیشتمانپەروەرە بێلایەنەکان، پیاوانی ئایینی، ئەکادیمییەکان، نوێنەری هەموو ڕێکخراوە پیشەیی، دێموکراسی و ڕامیارییەکانی باشووری کوردستان، بەشداریی تێدابکەن، پەیماننامەیەکی نەتەوەیی مۆربکەن، بەڵێنی کوردایەتیی و مەردایەتیی، بۆ گەلەکەمان نوێبکەنەوە. گفتبدەن، جارێکی دی، هیچ جۆرە گیروگرفتێکی نێوان ڕێکخراوەکان، بە جەنگی نێوخۆ چارەسەرناکەن، پەنا بۆ بەر چەک و هێز نابەن. پاشان ئەنجوومەنێکی یەکگرتووی ئاشتیی هەڵبژێرن، تا داهاتوویەکی دووریش کاربکا، ئەرکی سەرشانی، چەسپاندنی ئاشتیی و تەبایی ڕیزەکانی گەل بێ. هەر لەو کۆنفرانسە نەتەوەیی بەشدا دەتوانن، هەرچی گرفتی نێوان ڕێکخراوەکان و گەل هەیە، چارەسەرێکی بنەڕەتیی بۆ بدۆزنەوە، بە تەواویش بڕیار لە سەر، پاشەڕۆژی گەلی باشووری کوردستان بدەن. چونکە ئەوە ماوەی هەشت ساڵە، کێشەی کورد لە بازنەیەکی بۆشدا دەخولێتەوە، ئیدی لەمەودوا بەرەو کوێ دەڕوا؟ چی بکەین؟ هەنگاوی داهاتوومان چۆن دەبێ؟ تا ئێستا کەس هیچ نازانێ، چارەنووسی گەلەکەمان دیارنییە!!!

ئەوڕۆ کاتی ئەوەمان هاتووە، چ وەک تاک و چ وەک ڕێکخراو، کەمێ بیربکەینەوە، کەمێ لەگەڵ خۆمان و ڕۆڵەکانی گەلەکەماندا ڕاستبین، درۆ لەگەڵ یەکدی نەکەین، یەکدی هەڵنەخەڵەتێنین. لە کاتێکدا دڵەوە پێخۆشبوونی خۆمان، بەرانبەر پرۆسەی ئاشتیی دەربڕین. وەک ڕۆڵەی

گەلێکی چەوساوە و بندەس، بە هەموو شێوەیە پشتگیریی پرۆسەی ئاشتیی
بکەین. بە هەموو توانامانەوە، هەوڵ بۆ چەسپاندنی بدەین. لەگەڵ ئەوەشدا،
تا دەتوانین، دوژمنانی ئاشتیی ڕیسوابکەین. هەرچەندە لە ڕاستیدا، ئەز
وەک کوردێ زۆر گەشبین نیم، بەڵام هەرگیز ڕەشبین نەبووم و ڕەشبینیش نیم،
چونکە وەک مارانگازانمان لێهاتووە، مارانگازانیش لە خشەی پەتکێکیش
دەترسن! جا بۆیە، گەر جەماوەری گەلەکەمان بسڵەمێتەوە، یا باوەڕ بەو
ئاشتییە نەکەن، ناهەقیان ناگرم! چونکە لەو بوارەدا، چەندین ڕێککەوتن و
تاقیکردنەوەی، وەک دانیشتنەکانی(پەرلەمانی کوردستان، پاریس، دبلن و
ئەنقەرە)مان هەیە، هیچیان سەرکەوتوونەبوون. بۆیە تا هەر دوو سەرکردە، بە
کردەوە نیازپاکیی خۆیان، بۆ جەماوەر نەسەلمێنن، باوەڕناکەم، کەس باوەڕیان
پێ بکا! ئەوڕۆش دوو مانگی تەواو، بە سەر مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکەدا
تێدەپەڕێ، تا ئێستا شتێکی ئەوتۆ هەستپێناکرێ. بەڵام خۆزگە پرۆسەی
ئاشتیی، بە تەواویی سەریدەگرت، بۆ تاهەتایە دەچەسپی، جا ئەو کاتە، با
هەزارانی وەک ئێمە، گومانەکەی لە جێی خۆیدا نەبووایە!
گەرانا، با بە هەموومان کار بۆ چەسپاندنی ئاشتیی بکەین، چونکە
دوورنییە، گەر ئەم جارە، ئەو هەلە زێڕینەمان لە کیس چێ، ئەوە دوا
پەلەقاژەی مەرگی، هەوڵدانی پرۆسێسی ئاشتیی بێ! گەر ئەم جارە
پرۆسێسەکە سەرنەگرێ، لەوانەیە هەموو ڕیسەکەمان بێتەوە بە خوری!
لەوانەیە ئیدی هیچ جۆرە چارەسەرێکی دیکەمان، لە بەردەمدا نەمێنێ!
هێندەی دی ئەو ڕووبارە خوێنە کوردییە، بە خوڕ لە بەر گەلەکەمان بڕوا.
لە کۆتاییدا دەڵێم: هەرچەندە هیچ کوردێکی دڵسۆز، هەرگیزاوهەرگیز، ئەو
چوار ساڵە ڕەشکە، پڕ لە دڕکوداڵە مەترسییەی جەنگی نێوخۆیی بیرناچێتەوە،
هیچ کوردێکی نیشتمانپەروەری ڕاستەقینە، ناپاکیی سەرانی پارتی و
یەکێتی لە یادناچێ. چونکە گەر ئەو چوار ساڵە، پڕ لە قاتوقڕیی، بەڵا و
نەگبەتییەی جەنگی نێوخۆمان بیرچێ، گوێ بەو هەموو خوێنە کوردییە
بەناهەقڕژاوە نەدەین، باوەڕناکەم، هیچ جۆرە ژیریی و دڵسۆزییەکی تێدابێ!
ئەوەی ئەو مێژووە ڕەشەش لە بیر خۆی دەباتەوە، نیشتمانپەروەری
ڕاستەقینە نییە. گەر کارەسات و ڕووداوەکانی ئەو چوار ساڵە لە یادکەین،

لەوانەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا، بە خراپترین شێوە سەرهەڵبداتەوە. بۆیە ئەز لەو باوەڕەدام، هێشتا ئاکۆکیی و دووبەرەکییەکە، بە تەواویی کۆتایی نەهاتووە، هێشتا هەموو دەردەکان تیمار نەکراون. هێشتا هەموو زامەکان قەتماغەیان نەبەستووە. ئەمەی تا ئێستا هەیە، هەر ئەوەیە، بارزانیی و تالەبانیی ڕێککەوتننامەیەکیان ئیمزاکردووە، چەند جارێ یەکدیان بینیوە، لە سەر شووشەی تیلیڤیزیۆنەکانی جیهان دەرکەوتوون، ئەمانەش هەمووی، بە شتێکی سەرزارەکیی و بابەتی ڕۆژانەی کاری ڕامیاریی و دیپلۆماسیی دادەنرێن. بەڵکوو لە هەموو شتێ گرنگتر ئەوەیە، هەر دوو لایان، خاڵ بە خاڵی ڕێککەوتننامەکە جێبەجێبکەن. هیچ کەلێن و کەلەبەرێ، بۆ بروبیانووی پێکدادانی دوارۆژ نەهێڵنەوە، چونکە ئاشتیی، تەنیا هەر بە دەنگ نییە، بەڵکوو بە ڕەنگە!

هەروەها، جگە لەوەی نابێ، سەرانی پارتی و یەکێتی، ڕێگا بە هیچ گێرەشێوێن و ئاژاوەچییەکی نێوخۆ بدەن، سەرلەنوێ فوو لە ئاگر بکا و گڕی جەنگەکە خۆشبکاتەوە. لە هەمان کاتیشدا دەبێ، گوێ بۆ سرتەوبۆڵە، هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەی، دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان ڕانەگرن. دەبێ، بە هەموو توانایەکمانەوە هەوڵبدەین، ئاشتی لە کوردستاندا بچەسپێنین، هەر کارەساتێ، ناخۆشییە لە هەر شوێنێکی کوردستان ڕوویدا، هەر زوو دەبێ، چواردەوری بگیرێ، دەنگی کپبکرێ، هەر لە بێشکەدا بتاسێنرێ، لە شوێنی خۆیدا سزای تاوانباران بدرێ، بە هیچ شێوەیەکیش نەهێڵین، وەک سەرەتای جەنگەکە، لە شارۆچکەی «قەڵادزێ»وە دەستپێبکرد، پاشان هەموو کوردستانی گرتەوە، جارێکی دیکە بەو شێوەیە بتەنێتەوە و جەنگێکی دی سەرتاسەریی هەڵگیرسێتەوە.

[ ]ا خەریکە ڕەگی گوڵیی جەنگی نێوخۆ دەفەوتێ، خونچەی هیوای کورد دەگەشێتەوە. بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم، زۆر بە ڕاشکاویی بڵێم: هەزار سڵاو و ئافەرین، بۆ هەموو ئەو کوردە بە ئەمەک و بە ئابڕووانەی، چ لە کوردستان و چ لە هەندەران، چ لە دوورەوە و چ لە نزیکەوە، چ بە دەم و چ بە کردەوە، بە هیچ جۆرێ، بەشدارییان لەو جەنگە چەپەڵ و ناپاکییە گەورە مێژوویی یەدا نەکرد، چیلکەوچەوێڵی پێتریان لە ئاگری کوردقڕان

ئەماڕیشت، ئەمڕۆ بە ملکەچیی، لە بەر دادگای ڕەوای گەلدا ڕاتەوەستاون، شەرمەزاری بەر دەروازە گەورەکەی مێژوو و یەزدانی گەورە ئەبوون، سەریان هێندەی هەموو چیا سەرکەشەکانی کوردستان بەرزە، هێندەی قووڵایی هەموو زەریاکان، شانازیی بە خۆیان و نەتەوەکەیانەوە دەکەن!

ستۆکهۆلم
1998/ 11 /18

تێبینی :

1. ناوەرۆکی ئەم گوتارە، دوو جار لە ڕادیۆی « هەنگاو »ی شاری « ستۆکهۆلم » لە(1998/09/13 و 1998/10/18) پەخشکراوە.

2. جارێ لە بەرنامەی ڕادیۆی « هێلی » شاری « مالمێ » لە (1988/09/27)، بە وتووێژێکی تەلەفۆنی ڕاگەیەندراوە.

3. لە دیمانەیەکی « تەلەفـــــزیۆنی نامــــیـــز »، لە شـــاری « یۆتێبۆری » لە (1988/10/31)دا بڵاوکراوەتەوە.

4. هەروەها جـــارێکی دیکەش، لە ڕادیۆی « هەنگاو »، لە(1998/11/15) خوێندرایەوە.

5. دوای ئەوەی دوو مانگی تەواویش، بە سەر مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکەدا تێپەڕیوو، لە شێوەی ئەم گوتارەدا ئامادەکرا.

6. لە گەرمەی جەنگی نێوخۆیی نێوان پارتی و یەکێتیدا، نامەیەکی درێژم بۆ هەر دوو سەرکردەی ئەو دوو ڕێکخراوە نووسی و بۆم ناردن. لەبەرئەوەی ناوەرۆکی ئەم گوتارە، لە گەلێ ڕووەوە، پەیوەندییەکی زۆری بە ناوەرۆکی ئەو نامەیەوە هەیە، بە پێویستم زانی، وەک خۆی چۆن بووە، لە کۆتایی گوتارەکاندا بڵاویبکەمەوە. تکایە تەماشای ل93 بکە.

ئۆجەلان

ئەزموونێکی نوێ

و

پەندی مێژوویی

هەمووممان دەزانین، ماوەی پازدە ساڵێ دەبێ، شۆڕشی چەکداریی لە باکووری کوردستان دەستیپێکردووە. ماوەی پازدە ساڵێ دەبێ، گریلا ئازاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، تفەنگیان بە کاربەدەستانی، دەوڵەتی داگیرکەری تورک هەڵچنیوە. گەورەترین زیانیان بە ئابووریی تورکیا گەیاندووە. بۆیە هیچ ڕێگایەکی سەرکەوتکەرانە نەماوە، تورکەکان بەکاریبنەهێنن. هیچ دەوڵەتێ نەماوە، پەنای بۆ نەبەن، تا جووڵانەوە چەکدارییەکەی P.K.K لەنێوبەرن. تەنانەت لە دوا پەلەقاژەی مەرگیاندا خەریکبوون، پەلاماری سووریا بدەن، جەنگێکی گەورەی ماڵوێرانەکەرانە هەڵگیرسێنن، نێوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە زەریای خوێن و فرمێسکدا نقومبکەن.

تا ئۆجەلان لە سووریا بوو، تا دەسەڵاتی هەبوو، تا گلۆڵەی بەرەو لێژی تلۆرنەبووبۆوە، بە شێوەیەکی دیکە خۆی دەنواند، کردارێدەکرد، گوتارێدەدا،

هەڵوێستێکی دیکەی، بەرانبەر سەرانسەری کێشە نەتەوەیی یەکانی کورد هەبوو. بەڵام ئەورۆ، لە جیهانێکی دیکەی گەلێ جیاوازدا دەژی، شێوەیەکی دیکەی هەیە، ئەو توانا و دەسەڵاتەی نەماوە، تووشی شکستێکی رامیاریی و سەربازیی بووە. بۆیە وا بەو شێوەیە، تامی دەمی گۆڕاوە، زمانی توندوتیژیی و هەڕەشەکردنی بڕاوە. تەنانەت جەماوەری کوردیش، پێبەپێی ئەو بارودۆخە گۆڕاون. هێندێ لەوانەی کاتی خۆی، کاڵەکخۆربوون و بێستانڕن نەبوون، هەمیشە ویردی سەر زمانیان، ئۆجەلان بوو، ئەورۆ پشتیان لە ڕووگەی بێستانەکەی وەرگێڕاوە. هێندێکی دیکەش، لەوانەی دژایەتییاندەکرد، ئەورۆ هەڵوێستیان گۆڕیوە، چونکە ئەرکی نیشتمانیی و نەتەوەیی وا پێویستدەکا، بە هەموو توانایەکەوە پشگیریی بکەن و دژی دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی تورک بوەستنەوە.
وە نەبێ، ئەز ئێستا ئەم قسانە دەکەم، یەکێ لەو کاڵەکخۆرانە بوویم، ورگم لە بێستانەکەی « ئۆجەلان »دا تێرکردبێ، هەڵەکەسەمام بۆ کردبێ. بە پێچەوانەوە، ئەوەتەی پێوەندیم، لەگەڵ ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەدا هەیە، هەمیشە دەنووکم لەسەریانبووە، بەرەوڕوو ڕەخنەم لێگرتوون. تەنانەت زۆر بە ڕاشکاریی و بە ئاشکرا، لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی لە برۆکسل و ستۆکهۆڵم، لە کۆڕە ڕووناکبیرییەکانی شاری ستۆکهۆڵم، لە سەر شووشەی تەلەفیزیۆنی مەد و لە ڕێگەی رادیۆ کوردییەکانی شاری ستۆکهۆڵمەوە، ڕەخنەی توندوتیژم ئاراستەکردوون، بە شێوەیە سەرانی ئەو ڕێکخراوە، هەموو پێوەندییەکیان لەگەڵ مندا پچڕاندووە. چونکە ڕێکخراوێکی هێندە کەللەڕەق و لووتبەرزبوون، ڕەخنەیان لە کەس قەبووڵ نەدەکرد. کەس بۆی نەبوو، بە خراپ ناوی سەرۆک « ئاپۆ »یان بەرێ! بەڵام ئەورۆ، هەستدەکەم، ژیانی ئۆجەلان لە مەترسیدایە، P.K.K. لە تەنگانەدایە، دواڕۆژی گەلی باکووری کوردستان، لە بارێکی سەختدایە، تورکە داگیرکەرەکان بە هەموو شێوەیە، هەڕەشە لە چارەنووسی، شۆڕشی چەکداریی گەلی باکووری کوردستان دەکەن. بۆیە منیش وەک ناسیۆنالیستێکی نیشتمانپەروەری کورد، دەنگی خۆم بلندەکەم، تا دەتوانم، داکۆکیی لە ژیانی ئۆجەلان، دواڕۆژی گەلی باکوور و چارەنووسی شۆڕشە ڕەواکەیان دەکەم.

دیاره، ئەو کوردانەی، خەڵکی هەر پارچەیەکی کوردستان بن، گەر لە هەموو سەردەمێکدا، بە دوای بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیاندا وێڵبن، گومانی تێدا نییە، بە هەموو جۆرێ، دژی بزووتنەوەی کوردایەتی رادەوەستن. هەمیشە وەک پوازی کوردیی، چ بە دەم، چ بە نووسین، چ بە کردەوە، وەک کەری دێز، حەز بە تۆپینی خۆیان و مردنی خاوەنەکانیان دەکەن. تەور ئاسا پوازیان لە دارە. بۆیە ئەورۆ زۆر بێشەرمانە، دژی خەبات و ئامانجەکانی P.K.K رادەوەستن. ئاوات بە مەرگی ئۆجەلان دەخوازن. شانبەشانی داگیرکەری تورک، بە هەموو شێوەیە هەوڵدەدەن، رێکخستنی P.K.K لەنێوبەرن، تا ئافەرینێکی ژەنەراڵەکانی تورکیان پێببڕێ، دڵی ئاغاکانیان رازیکەن. بە لای منەوە، ئەو جۆرە کەسانە، تەنیا بە زمان کوردن. ئەگینا کوردێ، لە هەست و هۆشی نەتەوەیی شۆراپێتەوە، هیچ جۆرە لێکدانەوەیەکی دیکەی بۆ ناکرێ، جگە لەوەی، لەگەڵ داگیرکەری تورکدا هاوئامانج و هاورێن. چونکە یەک ئامانج کۆیاندەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە، P.K.K نەهێڵن! جا گەر ئەو مافە، وەک داگیرکەرێ بە تورک بدەین، بە درندانەترین شێوە پەلاماری کورد بدا و بیسووتێنێتەوە، ئەوا نازانم، ئەو جۆرە کوردانە، بۆ دەبێ، هێندە ساویلکەبن، مەرگی خۆیان بە ئاوات بخوازن؟!! تۆ بڵێی، جگە لە خۆفرۆشتن و چڵکاوخۆریی تورک زیاتر، لە هیچ فەرهەنگێکی دیکەی ئەم جیهانەدا، جێگایان بێتەوە؟!!

زۆرم لا سەیرە، ناکۆکیی لە سەر دەسەڵات، جیاوازیی دید و بۆچوون، لە نێوان سەرکردەی رێکخراوەکانی کوردستاندا، بەو رادەیە بگا، بۆ دوژمنە خوێنخۆرەکانی خۆیان، وەک سەگەکانی رمزاخان، کلک و گوێی بەکدی بخۆن! ئەمە گەر لە کورد رووینەدابێ، ئایا لە سەرتاسەری مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، لە نێو چ نەتەوەیەکی ئەم سەر زەوییەدا روویداوە؟!! بۆیە ئەوەی رۆژێ کوردی ناسیبێ، بێ پەردە کوردی، بە نەتەوەیەکی خۆخۆر، ناکۆک و ناتەبا داناوە.

بە باوەڕی من، ئەو ناکۆکییەی لە نێوان ئۆجەلان، بارزانیی و تاڵەبانیدا هەیە، ناکۆکییەکە بە پلەی یەکەم، دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان دروستیانکردووە. هەر ئەوانیش، رۆژبەرۆژ بازنەی ئەو ناکۆکییانەی

نێوانیان، گەورەتردەکەن و گەشەپێدەدەن. چونکە هەر کاتێ، داگیرکەران چۆکیان بە ویست و ئارەزووی، ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان دانەداین، بە چەک دەوڵەتی کورد نەهاتبێ، ئەوا هەر زوو وەک پێشەی سەدان ساڵەیان، پەنایان بۆ بەر ئاژاوەنانەوە و گێرەشێوێنیی بردووە، تیرە و هۆزەکانی کوردیان، بە گژ یەکدیدا کردووە، کوردی نێوچە جیاجیاکانی کوردستانیان، لە یەکدی بەرداوە، جەنگێکی خوێناوی کوردکوژییان هەڵگیرساندووە. بۆیە نووسەرێکی وەک « کەمپار دایون » لە ساڵی(1809)دا گوتوویەتی:
(تورک و ئێران لەوە بێهێزترن، کە بتوانن، بە چەک سەر بە کوردەکان دانەوێنن. لەبەرئەوە، ئاژاوە ئەخەنە ناو هۆزەکانەوە، پارمەتی لایەک ئەدەن و لایەکی تر تێژئەکەن و هەمیشە لەمەدا، کەڵکی خۆیان وەرئەگرن)«11، 32»
لەبەرئەوە، هەرچی جۆرە ناکۆکییە، لە نێوان سەرکردە و ڕێکخراوەکانی کوردستاندا هەبێ، دەبێ، هەمیشە وەک یاسا و سەرەتایەکی نەتەوەیی، ئەوە لە یادنەکرێ، هەر دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان کەڵکی لێوەردەگرن، تەنیا لەو کەلێنانەشەوە، زەفەر بە کورد دەبەن. تەنیاوتەنیاش، هەر کورد زیانی لێدەکەوێ. دەبێ، ئەوەش بزانێ، لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا، هەر سەرکردەیەکی کورد، هەر ڕێکخراوێکی کوردستانیی، بە هەر جۆرێ، تووشی زیانێکی بچووک یا گەورە بێ، ئەوا بێ چەندوچوون، زیانێکی گەورە، لە سەرجەم بزووتنەوەی کوردایەتیی دەکەوێ. وەک پەیامبەری ئیسلامیش دەفەرموێ: (گەر یەکێ لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ، بە دەس ئازارێکەوە ناڵاندی، هەموو ئەندامەکانی دیکەی جەستەی هاوار دەکەن).
بۆیە دەبێ، هەموو ئەو ناکۆکییە لاوەکییانە وەلاخەین، هەمیشە برابین، ڕوو لەیەکدی و پشت لە دوژمن بکەین، پشتی یەکدی بگرین، بە هەموو شێوەیە، دژی هەموو نەخشە و پیلانە گڵاوەکانی، داگیرکەرانی کوردستان ڕابوەستێن، بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەی کورد، لە سەروو هەموو شتێکی دیکەوە دابنێین، نەک هەر کاتێ داگیرکەرەکە ویستی، وەک کەر کورتانمان کا، بۆ کوێی بۆێ، هەر چۆنێکی برێ، وامان لێخوڕێ!
هەر وەک هەژاری موکریانیی دەڵێ: (هەر کەس لە هەموو جیهاندا ناوی تورکی بەر گوێ کەوێ، ئەعوزبیللایەک دەڵێ، تورک و دڵڕەشیی و

خوێنەخۆریی سێ ووشەن لە یەک مانادا. مێژووی ئەورووپا و ئاسیا، چەندین
سەدە لە باسی شومیی و بەدفەڕیی حوکمی تورکان هەڵاوزناوە. (840.8)
هەڵبەتە، هەموو مرۆڤێکی بە ویژدان دەزانێ، هەموو کوردێکی
نیشتمانپەروەر بە چاوی خۆی دەبینێ، سەرانی دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی
تورک، بە چ شێوەیە، مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ، لە تورکیادا پێشێلدەکەن،
بە دەیان تاوانی تیرۆریستیی، بە ئەنجامدەگەیەنن، ساڵانە بە هەزاران تەن،
تلیاک بە ئەورووپا دەفرۆشن، کەچی سەرەڕای ئەوەش، هەموو ئەو تاوانانە،
بە نێوچەوانی (ئۆجەلان و P.K.K)ەوە دەلکێنن! پێش ئەوەی، بەرەو قووڵایی
باسەکە هەنگاوبنێین، لێرەدا دەمەوێ، دوو حاڵی گرنگ ڕوونبکەمەوە :

یەکەم ـ کێشەی تیرۆریستیی: ئەوڕۆ را خەریکە، تیشکی خۆری سەدەی
بیستەم ئاوادەبێ. نزیکەی بیست میلیۆن کورد، لە باکووری کوردستاندا
دەژین، لە هەموو جۆرە مافێکی نەتەوەیی و مرۆیی خۆیان بێبەشکراون. لە
لایەن دەوڵەتی تورکیاوە، بە خراپترین شێوە دەچەوسێندرێنەوە، بە هیچ
شێوەیە، دان بە بوونی نەتەوەیی و کێشە ڕەواکەیاندا نانێن، بە هەموو
شێوەیە، هەوڵی تواندنەوەیان دەدەن. کەچی تازە سەرانی دەوڵەتێکی
کۆلۆنیالیستی وەک تورکیا، ئەو تاوانانە دوای کورد دەخەن! شتێکی سەیر
نییە، گەر داگیرکەرانی کوردستان، دەوڵەتێکی وەک ئیسرائیل و زلهێزێکی
وەک ئەمریکا، هەرچی پڕوپاگەندەی ناشیرین و تاوان هەیە، دوای
سەرکردە، ڕێکخراو و شۆڕشەکانی کوردی بخەن. چونکە لە لایەکەوە، ئەمە
یەکەم جار نییە، ئەم تاوانانە لە ملی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمانەوە دەئاڵێنن. لە
لایەکی دیکەشەوە، لەوە زیاتر دەبێ، چی لە دەوڵەتێکی داگیرکەری
گەورەترین بەشی کوردستان و دۆستەکانی چاوەڕێبکەین!

بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی داخە، ناکۆکیی و دووبەرەکیی نێوان ڕێکخراوە
کوردستانییەکان، بە ڕادەیە گەیشتووە، تازە هێندێ کوردی ساویلکە، لە
شیرین خەوی غەفڵەتدان، تازە هێندێ ڕێکخراوی کوردستانیی، بە دەم
خەوەوە دەبزرکێنن، ناوو ناتۆرەی ناشیرین و درۆودەلەسەکانی تورک، دوای
ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی وەک P.K.K دەخەن. بە هەموو توانایانەوە، دژی
خەباتی ڕامیاریی، بزووتنەوەی چەکداریی، ئامانج و ئاواتەکانیان

رادەوەستن! بە تیرۆریست و قاچاغچیی نێوزەدیاندەکەن! لێرەدا پرسیارمان هەیە، لەو کوردانە بپرسین: کێ ئەم ناوونازۆرانەی بە سەر(ئۆجەلان و P.K.K.)دا دابڕیوە؟ ئایا جگە لە تورک و هاوسەنگەرەکانی، هیچ لایەنێکی دیکە هەیە، ئەو تاوانانەی پاڵ ئەوان دابڕێ؟

لە ڕاستیدا، کێشە و باسی تیرۆریستیی، لە جیهانی رامیاریدا، شتێکی نوێ نییە. بەڵکوو هەر کاتێ، داگیرکەران ویستبێتیان، کەسایەتییە شۆڕشگێڕ و ڕێکخراوەکانی گەلانی بندەستی ئازادیخوازی جیهان، سووک و ریسوابکەن، ئەوا چەند تاوانێکی وەک بەکرێگیراو، چڵکاوخۆر، ناپاک و تیرۆریستییان پێوە لکاندوون. شتێکی زۆر سەیر نییە، گەر سەرکردەیەکی تێکۆشەری وەک « یاسر عەرەفات » و ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی وەک (ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین)، لە لایەن دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیل و ئیمپریالیزمی ئەمەریکاوە، تا دوێنێ بوو، بە تیرۆریست ناودەبران. ئەو عەرەفاتەی هاوڕێی تیرۆریستێکی وەک « کارلۆس » بوو، لەگەڵ دوو ڕێکخراوی مافیا و تیرۆریستی وەک(بەدرماینهۆف و ئاڵای سوور)دا هاوکاریدەکرد، کەچی ئەوڕۆ، زۆر ڕێزی لێدەگرن، بە شۆڕشگێڕ، تێکۆشەر، نیشتمانپەروەر، دیمۆکراسیخواز و ئاشتیخواز باسیدەکەن. تەنانەت خەڵاتی ئاشتییشی وەرگرت! کەچی فەلەستینییەکان، جاران چۆن بوون، ئێستاش هەر وان! هیچ لە کێشەکە نەگۆڕاوە، تەنیا ئەوەندە هەیە، ئەوڕۆ لە دەربەدەریی ڕزگاریانبووە، لە سەر خاکی خۆیان تۆزدەکەن و ئاڵای فەلەستین، بە سەر کۆشک و تەلارەکانیانەوە دەشەکێتەوە!

با لێرەدا، نموونەیەکی دیکەی زیندوو بێنینەوە. دوای ئەوەی، بەعس لە ساڵی(1968)دا، بە پیلانی ئیمپریالیزم، کودەتا خوێناوییەکەیان جێبەجێکرد، دەستیان بە سەر دەسەڵاتی رامیاریی و دەزگاکانی دەوڵەتدا گرت، هەموو ڕۆژێ، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتەوە، بە دەیان تاوانیان پاڵ سەرۆک بارزانیی دەخست. تاوێ بە چڵکاوخۆری ئێران، تاوێکی دیکەش بە بەکرێگیراوی ئیسرائیل و ئەمەریکا، تاوانباریاندەکرد. تەنانەت هێندێ کوردی هەڵخەڵەتاویش، پڕوپاگەندەکانی دوژمنان و داگیرکەرانیان دووبارەدەکردەوە، قسەی ساردوسووکیان، بە سەرۆک بارزانیی دەگوت. لە

تەلەڤزیۆنی کەرکووکەوە، کاریکاتێریان لە سەر بارزانیی پیشاندەدا، بە (مەلا چۆمبی!) ناویاندەبرد. ئەم کاریکاتێرە، ماوەیەکی زۆر، هەموو ڕۆژێ چەندین جار پیشاندەدرا. کەچی کاتێ، لە(11/ مارسی/1970)دا، سەرکردایەتیی شۆڕش و بەعس پێکهاتن، ڕێککەوتننامەکەی نێوانیان بڵاوکرایەوە، ئیدی هەر هەمان بارزانیی چڵکاوخۆر و بەکرێگیراو بوو، زۆر بە ڕێزەوە باسدەکرا، سەرانی بەعس سەردانیاندەکرد، سووکایەتیپێکردن لە گۆڕێداما، نە کاریکاتێریش پیشاندەدرا! نە کوردە هەڵخەڵەتاوە نەیارەکانی بارزانیش، قسەی نابەجێی دەزگاکانی بەعسی داگیرکەریان دووپاتدەکردەوە. بەڵکوو بارزانیی، لە مەلا چۆمبیی، چڵکاوخۆر، بەکرێگیراوی ئێران، ئیسرائیل و ئەمریکا ڕزگاریبوو، وەک پیاوێکی تێکۆشەر، نیشتمانپەروەر، ئاشتیخواز، خواناس و سەرکردەی گەلی کورد ناسرا!

ئەمە گەر شتێ بگەیەنێ، تەنیا ئەوەیە، کورد هەرگیز نابێ، بەپێی بالۆرە و قسەی ناشیرنی داگیرکەرانی بە مێشکدا بچن. گەر درێنێ، ناو و خەباتی سەرۆک بارزانییمان، بەو پڕوپاگەندانە لەکەداردەکرد، ئەوڕۆ مەسعوود بارزانیی و جەلال تاڵەبانیی، بە بەکرێگیراوی ئەمریکا دادەنێن! ئایا ئەم جۆرە پڕوپاگەندانە ڕاستن؟ نەخێر. بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ، کورد پێویستی بە یارمەتیی و پشتگیریی، ئەو دەوڵەتە گەورانە هەیە. ڕاستە، ئەوان لە بەر خاتری چاوی کاڵی کورد، ئەو یارمەتییە نادەن و ئەو پشتگیرییە ناکەن. بەڵکوو چۆن کورد پێویستی بە یارمەتیی ئەوان هەیە، ئەوانیش لە ناوچەکەدا، بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان هەیە، پێویستیان بە کورد هەیە، تا نەخشە و پلانەکانیان جێبەجێبکا. هەرچەندە، هەمیشە هەر ئەوان، گرێیان بردۆتەوە و کورد دۆڕاندوێتی، هەر ئەوان سەرکەوتووبوون و کورد ژێرکەوتووبووە، هەر ئەوان ئامانجەکانی خۆیان بەدیهێناوە، کوردیش ئامانجەکانی خۆی نەپێکاوە. چونکە ئەوان، بە نەخشە و پلان کاریانکردووە، کورد نەخشە و پلانی نەبووە. ئەوان لە گەلی کورد بە تواناتر و زاناترن، دەسەڵاتی پتریان هەیە، گەلێ دۆستی گچکە و گەورەشیان، لە ناوچەکە و جیهانیشدا هەیە، بەڵام کورد وەک سێلقی ڕووت وایە و کەسی نییە!

دە دیارە ئەوڕۆش، کێشە و باسی تیرۆریستی و تلیکافرۆشتنەکەی (ئۆجەلان و P.K.K)ش، هەر لە هەمان قاڵبدا جێگای دەبێتەوە. تورکیا، ئیسرائیل و ئەمێریکا، ئەم جۆرە پڕوپاگەندە ژاراوییانە بڵاودەکەنەوە، کوردە بێهۆش و گۆشەکانیش، دووبارەیاندەکەنەوە. ئەگینا ئەوا ماوەی حەفتاوپێنج ساڵ دەبێ، دەوڵەتی نوێی تورکیا دامەزراوە، گەلی باکووری کوردستان، بە هەموو شێوەیە دەچەوسێننەوە، بە هەزاران کوردیان تیرۆرکردووە، چەندین کۆمەڵکوژیی وەک شێوی «زیلان»یان بە ئەنجامگەیاندووە، بە سەدان جار، لە بەر چاوی باوک، برا و مێرد، بە ئاشکرا لاقەی دایک، خوشک و ژنانیان کردووە، گەر خەڵکی وێژدانیان هەبێ، دەبێ، زۆر بە ڕاشکاویی، دان بە تاوانەکانی تورکدا بنێن.
بە ڕاستیی، تراژیدیایەکی سەیر و پڕ لە شەرمەزاریی و گاڵتەجاڕانەیە، مێژوو بە خراپترین شێوە خۆی دووبارەدەکاتەوە. کورد هەرگیز فێری تێکۆشانی ڕاست نابێ. کەڵک لە تاقیکردنەوەکانی مێژوو وەرناگرێ. جیاوازیی لە نێوان دۆست و دوژمندا ناکا. پەی بە پیلانە چەپەڵەکانی داگیرکەران نابا. هیوادارم، گەر کۆمەڵانی خەڵکی کورد، گوێ لە نووسەر و نیشتمانپەروەرانی کورد ناگرن، گوێ لە ئازاوەچیی، گێرەشێوێن و ناپاکەکانی کوردیش نەگرن! نازانم، بۆ ئەو جۆرە کوردانە، گوێ بۆ پڕوپاگەندەکانی تورک و داگیرکەرانی دیکەی کوردستان ڕادەدێرن؟ کەچی گوێ بۆ دوو دیموکراسیخوازی مرۆڤدۆستی تورکی وەک (سمایل بێشکچیی) زاناو نووسەر، «ئێکیم بیردال»ی سەرۆکی کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە تورکیادا ڕاناگرن، کە هەردووکیان بە دوو دۆستی هەرە نزیک و دڵسۆزی نەتەوەکەمان دادەنرێن! ئایا تەنیا لەبەرئەوەیە، ئەوان پشتگیریی کورد دەکەن، گرلی گەنجێتی خۆیان، ژیانیان، سەر و ماڵیان، لە پێناوی کێشە ڕەواکەی کورددا بەختکردووە، یا هەر کورد خۆی، نەتەوەیەکی بێ هەست و هۆشە، ڕاست و چەپی خۆی نازانێ، چاک و خراپ لێکجیاناکاتەوە، دۆست و دوژمنی خۆی بە باشیی ناناسێ!
بۆیە دەبێ، جارێکی دی لە خۆمان بپرسین: کێ تیرۆریست و قاچاغچیی ڕاستەقینەیە؟ کێ لە تورکیادا، مافی کورد و مرۆڤ پێشێلدەکا؟ ئایا

(ئۆجەلان و P.K.K) تیرۆریستن، یا سەرانی دەوڵەتی تورک؟ من پێموایە، گەر یەک تیرۆریست لە تورکیادا هەبێ، تەنیا دەسەڵاتدارانی تورک خۆیانن، هەر لە ئەتاتورکەوە تا بە مەسعوو یەڵماز دەگا! ئایا ئەندامانی P.K.K قاچاغچێتی دەکەن و تلیاک دەفرۆشن، یا سەرانی ڕژێمی تورک، ئەو کاریەدەکەن؟ ئایا لە باکووری کوردستان و تورکیادا، P.K.K خەڵک دەکوژێ، یا میتی تورکیی و ڕێکخراوە شۆڤێنیستەکانی تورک، خەڵک دەکوژن؟!! وا بزانم، هەر مرۆڤێ کەمێ هۆشی هەبێ، بەکرێگیراوی لایەنێ نەبێ، شتەکان بە لێکدانەوە و وێژدان هەڵسەنگێنێ، لەگەڵ دەروونی کەیلی خۆیدا، ئەم شتانە بەراوردبکا، بەو ئەنجامە دەگا، هەرچی ئەم بەیتوبالۆرانە هەیە، دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر دەیهۆنێتەوە، کوردە ساویلکە و ناپاکەکانیش، زۆر بێباکانە کاوێژیدەکەنەوە! مەگەر ئەوانەی بڕیاریانداوە، تا سەر دوژمنی خۆیان و نەتەوەکەیان بن، ئەگینا هیچ باوەڕ و وێژدانێ ئەوە پەسەند ناکا. کورد بەو شێوەیە، دواکەوتووبێ، لە بندەسی تورکدابێ، بە هەموو جۆرێ بچەوسێندرێتەوە، کەچی هێندێ کورد هەبن، کاغەزی سپی پێشکەوتنخوازیی، دیمۆکراسیخوازیی و مرۆڤدۆستیی بۆ تورک مۆربکەن. بە هەموو شێوەیە، پشتی داگیرکەری تورک بگرن. هەروەها لە هەمان کاتیشدا، تاوانی تیرۆریستیی و تلیاکفرۆشیی، بە تەوێڵی(ئۆجەلان و P.K.K)ەوە بنێن، هەموو خەسڵەتێکی خراپیان، دوابخەن! ئەمە وەک « پیرەمێرد »ی ئەمر دەفەرمووێ: مەگەر هەر مەسەلەی کورد بێ و لە کورد ڕوبدابێ، ئەگینا وەک دەڵێن: لە قوتووی هیچ عەتارێکدا جێی نابێتەوە!!!

دووەم ـ ڕوودلوەکە لە ڕووی مێژوویی یەوە: هەڵبەتە، ئەمە یەکەم جار نییە، سەرکردەکانی کورد و شۆڕشی کوردستان، تووشی هەرەس و کارەساتی تێکشکان دەبن. ئۆجەلان، یەکەم سەرکردەی ڕێکخراوێکی کوردستانیی نییە، لاکی بە تەڵەی داگیرکەراندا دەتەقێتەوە، بەو شێوەیە دەسی بە زاخدا دەکرێ. واتا ئەم تالیکردنەوەیەی ئۆجەلان، لە مێژووی نەتەوەکەماندا، شتێکی نوێ نییە، بەڵکوو هەر هەمان ڕووداوە، بەڵام لە سەردەمێکی دیکەی مێژوویدا، بە شێوەیەکی دیکە دووبارەدەبێتەوە.

هەمووەمان دەزانین، هەر کاتێ، دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان

وپستبێتیان، سەرۆک تیرە و هۆزێکی کورد، ڕابەری شۆڕشێ، ڕێکخراوێکی ڕامیاریی کوردستان، وەک مقاشێ بەکاربهێنێن، هەر کە ئامانجەکانی خۆیان بەدیهێناوە و ئیشیان پێیان نەماوە، ئیدی زۆر بە ئاشکرا، بە تەواویی پشتیانتێکردوون، دەستبەرداریانبوون، بە یەکجاریی هێز و توانایان لێ بڕیوون، لە سەر خوێن و فرمێسکی کورد، لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکەی دیکەدا ڕێککەوتوون. لە مێژووی نەتەوەی کورددا، گەلێ نموونە و ئەزموونی لەو جۆرانەمان هەیە، بەڵام لێرەدا، تەنیا سێ نموونەیان لێ باسدەکەین :

1. دوای ئەوەی جەنگی یەکەمی جیهان تەواوبوو، تورکیا و ئێران لە سەر هێندێ کێشە ناکۆکبوون. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان،(سمایلاغای سمکۆ) دژی ئێران ڕابەڕی. داوای سەربەخۆیی دەکرد. پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا بەتینبوو. تورکەکان لە سەرەتادا یارمەتییاندەدا، تا ئامانجەکانی خۆیان پێکا. کاتێ تورکیا و ئێرانیش ڕێککەوتن، ئیدی پشتیان تێکرد. سمکۆش تێکشکا و بەرەو باشوور هەڵات.

2. کاتێ جەنگی دووەمی جیهان دەستپێکرد، ڕووسەکان بەشێکی ئێرانیان داگیرکرد. کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕابەڕی. کۆماری کوردستان بە پشتیوانی سۆڤیەت دامەزرا. بەڵام کاتێ ستالین لەگەڵ ئێران ڕێککەوت، لەشکری سوور گەڕایەوە. ئێران هەموو کوردستانی داگیرکردەوە. لەو ناوەدا کورد بە تەنیا مایەوە، هێندێ لە سەرکردەکان هەڵاتن، هێندێکی دیکەشیان لە سێدارەدران. ئیدی هەموو شت کۆتاییپێهات.

3. لە دوای کۆدەتا سەربازییەکەی(14/یولی/1958)، ناکۆکییە لە نێوان ئێران و عێراقدا دروستبوو. بارزانیی بە هەموو شێوەیە، لە شۆڕشی (11/سێپتێمبەر/1961)دا، پاڵی بە ئێرانەوە دابوو، تا بە پیلانێکی نێودەوڵەتیی پشتیانشکاند. ئێران ئەوەی ویستی، دەستیکەوت، ئیدی وازی لە بارزانیی و شۆڕش هێنا. چارەنووسی بارزانیی و شۆڕشەکەش ئاشکرایە!

ئەمانە، چەند نموونەیەکی زیندووبوون، لە مێژووی نوێی نەتەوەکەماندا ڕوویانداوە. بەڵام ئەمڕۆ دەبینین، جارێکی دیکەش دووبارەدەبنەوە. ئەم جارە، ناکۆکییەکە لە نێوان، دوو دەوڵەتی داگیرکەری دیکەی، وەک تورکیا و سووریادا خۆی دەنوێنێ. ئەم جارە، بازی کارەسات و لێقەومانەکە، بە سەر

ئۆجەلانەوە دەنیشێتەوە. با بزانین، ئەم ڕووداوە چیمان بیردەخاتەوە؟ ئێمەی کورد دەتوانین، چ جۆرە پەندێ، لە زەربای ئەم تاقیکردنەوە تفتوتاڵەی (ئۆجەلان و P.K.K.)ەوە هەڵێنجین. گەر کەمێ بە وردیی، لەم ڕووداوەی ئۆجەلان وردبینەوە، دەتوانین، چ جۆرە پەندێکیان لێوە فێربین؟!!

لێرەدا هەوڵدەدەین، باری سەرنجەکانمان بە چەند خاڵێ دەربڕین :

1/ هەرچەندە ئۆجەلان، لە لایەکەوە، بە یەکێ لە سەرکردە ڕووناکبیرە تێکۆشەرە مەزنەکانی گەلی باکووری کوردستان دادەنرێ. ڕۆڵێکی گەورەی لە بواری خەباتی کلتووریی، کۆمەلایەتیی، ڕامیاریی، سەربازیی و دیپلۆماسیدا وازیکردووە. ئۆجەلان تێکۆشەرێکی کوردە، خۆی خۆی پێگەیاندووە، لە سەرشانی یەکێ لە بنەماڵە دەرەبەگ، ئایینیی، تیرە و هۆزەکانی کوردستان بەرزنەبۆتەوە. پارتی کارگەرانی کوردستانی دامەزراندووە. چەندین ساڵی تەمەنی ژیانی خۆی، لە پێناوی کورد و کوردستاندا بەختکردووە. ئەمە یەکەم جارە، لە دوای سەرۆک بارزانیی، سەرکردەی ڕێکخراوێکی کوردستانیی بتوانێ، بەو شێوەیە، لە هەموو پارچەکانی کوردستان، جەماوەر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە.

بەلام لە لایەکی دیکەوە، بە گوتەکانیدا دەردەکەوێ، تا بلێی پیاوێکی کەللەڕەق و تووڕەیە. زۆر شانازیی بە خۆیەوە دەکا. وەک سەرکردەی P.K.K.، ڕەنگی ڕێبازێکی دیکتاتۆرانەی، لە نێو ڕێکخراو و گەلی باکووری کوردستاندا ڕشتووە. پێوەندیی ڕامیاریی و نەتەوەیی، لەگەڵ ڕێکخراوەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بە گشتیی، لەگەڵ باشووری کوردستان بە تایبەتیی باش نییە. چونکە دوای ئەوەی، جەماوەری گەل لە باشوور ڕاپەری، هەڵبژاردن کرا، میریی هەرێم دامەزرا، ئۆجەلان هەڵوێستێکی خراپی، بەرانبەر ئەو تاقیکردنەوە نوێیەی گەلەکەمان دەربڕی. بۆیە شتێکی سەیر نییە، ئەورۆ تورکەکان وەک کوردێ ڕاوێدەنێن، هەوڵی لەنێوبردنی دەدەن، کەچی لە بستێکی نیشتمانەکەیدا جێینابێتەوە، پارتەکانی باشوور نەک هەر ئامادەنین، یارمەتیبدەن، بەڵکوو هێندێکیان گەر بۆشیان بلوێ، دەستگیریدەکەن و بە بالبەراویی ڕەوانەی تورکیای دەکەنەوە. هەرچەندە ئۆجەلان، وەک سەرکردەی ڕێکخراو و شۆڕشێکی

گەورەی پاکووری کوردستان، لە نێو گریلادا نەژیاوە. بەڵکوو هەر لە سەرەتاوە، لە لوبنان و سووریا بووە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر ئازادیی هاتوچۆکردنی نەبووە، بە تایبەتیی لەم سێ ساڵەی دوایدا. لە سووریا وەک دەسبەسەر وابووە!

/2 P.K.K.،(لە رووی ئایدۆلۆژیای رامیاریی و شیکردنەوەی باری کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە، بە رێکخراوێکی « مارکسیی ـ لێنینیی » ناوی رۆیشتووە. لە رووی ستراتیژەوە، بە رێکخراوێکی رامیاریی کوردستانی دەناسرێ.)«63،6» لە رووی مەڵبەندی کارگوزارییەوە، بە رێکخراوێکی کوردستانیی دادەنرێ. لە رووی رێکخستنەوە، پێڕەوی سیستێمی دیمۆکراسیی ناوەندیی دەکا. ئەندامەکانی(زۆر کوردانە و کوردستانیانە پێی دەکەنەوە. گەلێ دڵسۆزی پارت، نیشتمان و نەتەوەکەی خۆیانن. دیسیپلینێکی بەرز و پتەوی پارتایەتییان هەیە.)«68،6-69» تا بڵێی، پارتێکی رێکوپێک و توندوتۆڵە. ئەمە یەکەم جارە، لە مێژووی نەتەوەی کورددا، پارتێکی وا بەهێز و بەتوانا دادەمەزرێ، ئەو هەموو جەماوەرە زۆرە، لە دەوری ئاڵاکەی خۆی کۆدەکاتەوە، ئەو هەموو ئەندامە گوێڕایەڵانە پێدەگەیەنێ، لەبەری دیسیپلینێکی توندوتۆڵی پۆڵایینیان دەکا. وەک پارتێکی چەپ، جڵەوی تێکۆشانی پارتایەتیی، خەباتی رامیاریی، بزووتنەوەی چەکداریی و سەرکردایەتیی، لە قوولی مشتی چینی دەرەبەگ ـ نیمچەدەرەبەگ و شێخە ئایینییەکانی کوردستان دەردێنێ. ئەندامەکانی خۆیان، بە شیری پاکی کوردایەتیی راستەقینە پەروەردەدەکەن. بە شێوەیە، ئەو گیانبازییەی ئەوان، لە پێناوی کورد و کوردستاندا دەیکەن، هێشتا لە مێژووی هیچ رێکخراوێکی کوردیی و کوردستانییدا نەبووە و نییە. سەرکردە و رێکخراوەکەی خۆیان زۆر خۆشدەوێ، گەلێ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی سەرکردایەتێن، سەر و ماڵ و گیانیان، لە ئاستی فەرمانەکانی سەرۆک و سەرکردایەتیی P.K.K.دا دەبەخشن. رێکخراوێ ئەندامەکانی خۆی، بەو شێوەیە پەروەردەبکا، نەوەی ئەو پارەیەی دەسیاندەکەوێ، بۆ پارتەکەیانی تەرخانکەن، بێ ئەوەی دزی لە رێکخراو و گەلەکەیان بکەن. رێکخراوێ بە سەدان ئەندامیان، لە گرتووخانەکانی دەوڵەتی داگیرکەری

تورکیادا، مان لە خواردن بگرن، بەربەرەکانییەکی پاڵەوانانەی ڕژێمی تورکیا بکەن، بەرگەی لێدان و ئازاری جەندرمەکانی تورک بگرن، پێشبڕکێ لەگەڵ مەرگدا بکەن، بۆ ئەوەی یەک تۆز لە وورەیان کەم بێتەوە، بۆ ئەوەی ناپاکیی لە ڕێکخراو و گەلەکەی خۆیان بکەن. ڕێکخراوێ بە دەیان هەڤاڵیان، لە گۆڕەپانەکانی وولاتانی ئەوروپادا، نارەزایی خۆیان بەرانبەر تورک دەربڕن و خۆیان بسووتێنن، ئەمە مەگەر هەر لە قوتابخانەکەی P.K.K.دا هەبێ، ئەگینا نەک هەر تەنها، لە نێو ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستاندا، بەڵکوو لە نێو هەموو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا، زۆر بە دەگمەن نموونەی وەک P.K.K. دەبینین. بۆیە دەبێ، لێکۆڵینەوەی تایبەتیی، بێلایەنانە و زانستانە، لە سەر باوەڕ، ڕێکخستن، هەڵوێست و بۆچوونەکانیان بکەین.
لەگەڵ ئەم هەموو خەسڵەتە باشانەی هەشیانە، گەورەترین کەموکوڕیی ئەم ڕێکخراوە ئەوەیە، لە سەدا سەد بە هەموو بڕیارەکانی سەرۆکەوە بەسراونەتەوە، وەک بت ئۆجەلان دەپەرستن. بە هیچ شێوەیە دیمۆکراسیی لە نێو ڕیزەکانی P.K.K.دا نییە. تا ئێستا ئەندامانی سەرکردایەتییان دیارنین. سکرتێری گشتیی، جێگری نییە. ئەمانەش هەموو وایان لێدەکا، لە ڕۆژێکی ناوادا، کە ئۆجەلان لێی دەلەوەمێ، سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوە نەتوانن، بە تەواویی بڕیارێکی کۆنکرێت بدەن، چی بکەن؟ چ جۆرە هەنگاوێ بهاوێژن؟ بەڵکوو تا ئەوڕۆش، لە قۆزینی گرتووخانەکەیەوە، بە هۆی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، هەر خۆی بڕیاردەدا! یا گەر ئۆجەلان مرد، دوای ئەوە چارەنووسی ئەو ڕێکخراوە چی لێ بەسەردێ؟ کێ جێی دەگرێتەوە؟ تۆ بڵێی، وەک کورد دەڵێ: گەر مانگا مرد، دۆ بیرێ!
هەروەها ئەندامانی P.K.K.، (بۆ لە سەر خەباتێکی وشکی ئایدۆلۆژیی دادەگرن، کە سەردەمەکەی بە تەواویی کزولاوازبووە.) (67،6)، هەرچەندە ئەوان وا خۆیان پیشاندەدەن، هەموو داگیرکەرانی کوردستان، بە یەک چاو تەماشادەکەن، باوەڕیان بەو سنوورە دەسکردانە نییە، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە، چونکە کردار و ڕەفتارەکانیان، پێچەوانەی ئەوەی سەلماندووە. ئەوان تورک بە گەورەترین دوژمنی داگیرکەری کوردستان دادەنێن، لەبەرئەوە، دژی

دەوڵەتی تورکیا خەباتی چەکداریی دەکەن. لە هەمان کاتیشدا، پێوەندییەکی باشیان، لەگەڵ هەر سێ دەوڵەتە داگیرکەرەکەی دیکەی تێران، عێراق و سووریادا هەیە. ئەو پێوەندییە بە شێوەیە بووە، هێندێ جار لە سەر حسێبی خەباتی کوردی، ئەو بەشانەی کوردستان تەواوبووە. بۆیە گەلێ هەنگاوی هەڵەیان ناوە، تاوانیان بەرانبەر کورد کردووە. ئەوە جگە لەوەی، هەر لە زوومەوە گوتوومانە: (پێوەندییەکی نابەرانبەر و ناتاسایی، لە نێوان P.K.K و دەوڵەتی داگیرکەری سووریادا هەیە. ئەو پێوەندییە بە شێوەیەکە، لە داهاتوودا مەترسییەکی گەورەی لێ چاوەڕواندەکرێ.) «67،6» گەر ئەوڕۆش، ئەو بەزمە ڕوویداوە، ئەوا شتێکی سەیر نییە و چاوەڕوانکراوبووە!

3/ هیچ کوردێکی دڵسۆز، هیچ ڕێکخراوێکی نیشتمانپەروەر نابێ، باوەڕ بە داگیرکەرانی کوردستان بکا. چونکە داگیرکەر هەر داگیرکەرە، هیچ جۆرە جیاوازییەکیان، لە داگیرکردنی کوردستان و دیلکردنی نەتەوەی کورددا نییە. گەر تەنیا جیاوازییەکیشیان هەبێ، ئەوا لە شێوازی چەوساندنەوەکەدا خۆی دەنوێنێ! لەوانەیە، ئەم داگیرکەر بەهێزتر، بە تواناتر و دەوڵەمەندترین، ئەوی دیکەیان بێهێز، بێ توانا و هەژارین. ئەمیان نەرمونیانترین، ئەوی دیکەیان توندوتیژترین. ئەمیان کەمێ باوەڕی، بە سیستێمی دێمۆکراسی هەبێ، ئەوی دیکەیان پێڕەوی، سیستێمێکی دیکتاتۆریی بکا.

لە بەر تیشکی ئەم ڕاستییانەدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، چەندین ساڵە، سەرکردەیەکی وەک ئۆجەلان خەباتدەکا، لە هەمان کاتیشدا، یارمەتییەکی گەورەی ڕژێمی داگیرکەری سووریای داوە، ئەوانیش وەک کارتێکی ڕامیاریی و سەربازیی، دژی تورکیا بەکاریانهێناوە. هەمیشە سەری ئۆجەلان، لای سووریەکان، لەگەڵ ئاوی فوراتدا بەکسانبووە. کەچی سەرەڕای ئەوەی ئۆجەلان، بە کامی دڵی خۆی، بە (سەرکردەی مێژوویی شۆڕشگێڕی سووریا حافز ئەسەد!)یدا هەڵدەدا، «153،15» لە ناسکترین کاتدا، چۆکیان بۆ هەڕەشەکانی تورکیا دادا، ئەو سووریا پێشکەوتنخوازەی، نەک هەر ئۆجەلان، بە شان و بازوویدا هەڵدەدا، بەڵکوو هەموو سەرکردەی ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستانی مەزنیش، دەهۆڵیان بۆ دەکوتا، ئەو سووریایەی ماوەی پازدە ساڵێ دەبێ، نکوڵی لەوە دەکا، ئۆجەلان لە سووریا

بێ، بارەگاکانی .P.K.K کرابنەوە، کەچی لە چاوترووکاندنێکدا، دانی بە هەموو شتێکدا نا! نەک هەر ئۆجەلانی بە ئاسانترین شێوە دەرکرد، نەک هەر بارەگاکانی .P.K.Kی داخست، نەک هەر پەیمانی بە تورکەکان دا، جارێکی دیکە ڕێگەیان نەدا، بە سووریادا هاتوچۆبکەن، بەڵکوو بە هەر دەپەنچە، بۆی مەزرکردن، ئۆجەلان تیرۆریستە و .P.K.Kکەش ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە. ئەوە لە کاتێکدا، ئەوەی ئۆجەلان بۆ سووریا بە تایبەتیی، بۆ فەلەستین و لوبنان بە گشتیی کردی، هێندەی خوێنی ڕۆڵەکانی کوردی بۆ عەرەب ڕشت، کەم عەرەب هەیە، بۆی کردبێ! لە کاتێکدا ئۆجەلان، لە بەر خاتری چاوی کاڵی، سەرانی دەوڵەتی داگیرکەری سووریا، پازدە هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی، لە خاکی خۆراوای کوردستان داپڕی.(نکوڵی لە بوونی کوردستان لە سووریادا دەکرد)«167،15»، کەچی چونکە سووریا، هەر لە بەکەم ڕۆژەوە، وەک دەوڵەتێکی داگیرکەر، هەڵسوکەوتی لەگەڵ (ئۆجەلان و .P.K.K) بە تایبەتیی و هەموو نەتەوەی کورد بە گشتیی کردووە، هەموو ئەو ئەرک و ڕاژەکردنەی ئۆجەلان، بایی ئەوەندە نەبوو، لە ژێرزەمینێکی سووریادا بیشارنەوە! ئەمە پەندێکە، پێویستە، هەموو سەرکردەی ڕێکخراوەکانی کوردستان کەڵکی لێوەربگرن.
هەرچەندە، هەر ئۆجەلان خۆی بوو، کاتێ هەر دوو شالیاری دەرەوەی تورکیا و سووریا (فاروق ئەلشەرع و سمایل جیم) لە مانگی مارسدا، پێکەوە لە شاری « دەوحە » کۆبوونەوە، هەوڵی نزیکبوونەوەیان دەدا، هێندە باوەڕی بە دەوڵەتی داگیرکەری سووریا هەبوو، لەو بارەیەوە هێندە کورتبینبوو، دەیگوت:(پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوولا، بە هیچ جۆرێ ناماناترسێنێ، بەڵکوو بە تەواویی بە پێچەوانەوەیە.)«18،17» هەروەها لەبەرئەوەی، دڵی هەر سێ دەوڵەتە داگیرکەرەکەی تاران، عێراق و سووریا ڕابگرێ، دژی هەموو دەسکەوتەکانی گەلی باشوور دەجوڵایەوە! ئەو دەسکەوتانەی بە دژایەتیکردنی خۆی دادەنا. پێی وابوو، گەر دەوڵەتێکی کوردیی دابمەزرێ، وەک خەنجەرێ لە پشتی دەچەقێ. بۆیە بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی، بە هەموو شێوەیە، بەر بە دامەزراندنی بگرێ! ئەوەتا زۆر بە ڕاشکاویی دەڵێ:(هەر لەبەرئەوەشبوو، لە باشوور، بە

شێوەیەکی زۆر توندوتیژ و چڕوپڕ، بەرەو قۆناغی بەرگریکردن هەنگاومانناوە.
گەر بهاتایە، ئەو قەوارەیە دابەزرایە، هەرمەشەیەکی ڕاستەوخۆی لە باکووری جیهانی عەرەب، خۆراوای ئێران و هەموو گەلانی ئێرەچەکە دەکرد، بەڵام تواتیمان، ئەو مەترسییە بڕەوستێنین.)و«19،17» کەچی سەیر ئەوەیە، چ عێراق و چ سووریا، کاتێ ئۆجەلان لێیقەوما، نەیان لێرە نەهات، بە هیچ شێوەیە، پاداشتی ئەو قسانەیان نەدایەوە، بەڵکوو بە یەک هەڕەشەی تورک، وازیانلێهێنا، ئەوەیە پاداشتی داگیرکەرانا کورد چاکی فەرمووە: (هەزار ساڵ بکەی بێگانەپەرستیی، ئاخری هەر دەهێنی نووشوستیی)!
تەنانەت سەرانی دەوڵەتی ئێران، هەر زوو جرتوفرتیان دەسپێکرد، زۆر بە کوڵوڵەوە هەوڵیاندەدا، لە نێوان تورکیا و سووریادا، ناوبژییکەن. کاتێ هەر دوولاش، لە سەر حسێبی ئۆجەلان ڕێککەوتن، ئێرانییەکان گوتیان: سووریا ڕێگایەکی ژیرانەی هەڵبژارد. بە مەرجێ ئۆجەلان، تا ئێستا لە گوڵ کالتری، بە دەوڵەتی داگیرکەری ئێران نەگوتووە! تەنانەت هەمووی پێش چەند مانگێ بوو، گریلاکانی P.K.K، ئۆ کوردی شۆڕشگێری ڕۆژهەلاتیان کوشت، تەرمەکانیان بە دیاری پێشکەش بە ئێران کردەوە، ئێرانیش ئەوە هەڵوێستیانبوو! جگە لەمانەش، ئەوەتا ئێران دلوا لە سەرانی تورکیا و سووریا دەکا، کۆببوونەوە سێقۆلییەکانی جارانیان زیندووبکەنەوە، تا بەر بەو تاقیکردنەوەیەی باشووری کوردستان بگرن، پڕۆسەی ئاشتیی تێکبشکێنن، هەر ترووسکایی یەک، لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا بگرێ، هەر زوو بە هەر سێلایان بیکوژێننەوە.
4/ ئێمە تا ئێستا، چەندین جار، ئەوەمان دووپاتکردۆتەوە :
یەکەم ـ هەڵکەوتی باری جیۆپۆلێتیکی کوردستان، لە پێناوی مافی (ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیی)دا، خەباتی چەکداریی هەڵناگرێ. ئەو خەباتە، پتر لەگەڵ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالدا دەگونجێ.
دووەم ـ مۆدێلی خەباتی چەکداریی، لە مێژە بەسەرچووە. لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا، هەرچی نەگبەتیی، مالوێرانیی و بەڵا هەیە، هەر لە کۆنەوە یەخەی کوردی گرتووە، هەمووی لە ئەنجامی ئەو شێوە خەباتە سەختەدابووە. گەر خەباتی چەکداریی نەبووایە، چۆن هەر چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکە

دەیانتوانی، چ بە نهێنی و چ بە ئاشکرا، دەس لە کاروباری نێوخۆیی، پارچە جیاجیاکانی کوردستان وەردەن! چ بە کۆمەکی مرۆیی و چ بە کۆمەکی سەربازیی، سەرکردەی ڕاپەڕیکخراوەکان ڕستکەن؟ لە پێناوی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا، هەڵیانسوڕێنن! گەر خەباتی چەکداریی نەبووایە، بۆچی هەر جارەی بە نۆرە، ڕێکخراوەکان لەشکری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی (تورکیا، ئێران و عێراق)یان، بۆ سەر یەکدی دەهێنا؟ بۆچی بە دەسی خۆیان، لە ژێر دروشمی ناچاریدا، ناپاکییەکی گەورەی مێژوویی یان، بۆ خۆیان و ڕێکخراوەکانیان تۆماردەکرد؟

لێرەدا سەیر ئەوەیە، هەموو ڕێکخراوە رامیاریی یەکانی کوردستانی مەزن، داوای(ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیی)دەکەن، کەچی دەیانەوێ، ئەو مافە سەرەکییە دیمۆکراسییانە، بە شۆڕشی چەکداریی بەدیبێنن! لە کاتێکدا، تاقیکردنەوەی گەلانی ئازادیخوازی جیهان، ئەوەی سەلماندووە، خەباتی چەکداریی و (ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیی)، وەک حوشتر و قاپقاپ وان، بە هیچ شێوەیە ڕێک ناکەون. چونکە جوڵانەوەی چەکداریی دەبێ، تەنیا لە پێناوی ئازادیی، سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالی تایبەتیدا بکرێ!

بەڵێ گەر ڕێکخراوەکان، پەندیان لە وانەکانی مێژوو وەربگرتایە، هەڵبەتە، لە دوای شۆڕشەکانی(شێخ سەعیدی پیران، ژەنەراڵ ئیحسان پاشا و سەیید رەزا) لە باکوور، لە دوای شۆڕشەکانی(سمکۆ و کۆماری مهاباد) لە ڕۆژهەڵات، لە دوای زنجیرە شۆڕشەکانی(شێخ مەحموود و سەرۆک بارزانیی) لە باشووری کوردستان، هەرگیز بیریان لە شۆڕشی چەکداریی نەدەکردەوە. چونکە هیچ نەتەوەیە، بە قەدەر نەتەوەی کورد، لە خەباتی چەکدارییدا، زیانی لێ نەکەوتووە. لەبەرئەوە، سێ شت هەیە، دەبێ، بە باشی بیزانین :

یەکەم ـ خەباتی چەکداریی، گەر بۆ سەردەمێکی دیاریکراویش گونجاو بووبێ، ئەوا ئەوڕۆ سەردەمەکەی بەسەرچوو.

دووەم ـ کورد نەتەوەیەکی بێ پشت و پەنایە، دۆستی ستراتیژیی نییە، بۆیە تەنیا بە خەباتی چەکداریی ناتوانێ، ئامانجە نەتەوەیی یەکانی خۆی

بەدەستبهێنن. هیچ گەلێکی ئەم جیهانەش، بە تەنیا بە هێزی بازووی خۆی، خۆی ڕزگارنەکردووە، بەڵکوو هێندێ لە دەوڵەتەکانی جیهان، یارمەتییەکی زۆریان داوە، تا سەربەخۆیی چنگکەوتووە.
سێیەم ـ خەباتی چەکداریی، گەر لە ماوەیەکی کورتدا، ئامانجەکانی خۆی نەپێکا، ئەوا جگە لەوەی شۆڕشگێڕەکان ماندوودەبن، لە هەمان کاتیشدا، ناکۆکیی و دووبەرەکییەکی گەورە، لە نێوان ڕیزەکانی گەلدا دروستدەکا، پاشان جەنگی نێوخۆیی لێدەکەوێتەوە، هێندێ جاریش بە ناپاکیی کۆتاییدێ.
بۆیە گەر ڕێکخراوەکان، لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، ئەم شۆڕشە چەکدارییەیان بەرپانەکرادیە، هەڵبەتە، یەکێکی وەک سەرۆک بارزانیی، ئاوارەی ئەمەریکا نەدەبوو، بە دەربەدەریی سەری نەدەنایەوە. یا یەکێکی وەک ئۆجەلان، پێویستی بەوە نەدەکرد، بە دەوڵەتەکانی جیهاندا بخولێتەوە، هیچ دەوڵەتێکیش لە ترسی تورک و ناتۆ، لە بەر بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان، جێگەی نەکەنەوە، تەنانەت وەک پەنابەرێکیش وەرینەگرن. بەڵکوو ئەمەریکای ئاغاشیان دەیەوێ، ئوجەلان لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا داڵدەنەدرێ، وەک تیرۆریستێ ڕەوانەی تورکیا بکرێتەوە. یا دەیانەوێ، وەک تاوانباری جەنگ، دادگایی بکرێ!! ئەوە لە کاتێکدا دەبووایە، دەبانی وەک(سەددام حوسێن)ی خوێنرێژ دادگایی بکرایە، کە بەرانبەر بە خوێنی چەندین ملیۆن مرۆڤ بەرپرسیارە، بەڵام چونکە ئەو دەوڵەتی تایبەتیی خۆی هەیە، دەوڵەتەکان ناتوانن، بڕیارێکی لەو بابەتە بدەن!!!
پێموایە، کاتی ئەوەمان هاتووە، سەرکردە و ئەندامانی سەرکردایەتی ڕێکخراوەکان، زۆر بە کوڵوڕی، بیر لەم کێشە گرنگە بکەنەوە. بە هەر شێوەیە بێ، زەمانێکی هاوبەش، لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا بدۆزنەوە، لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا، بە شێوەیەکی ئاشتییانە، چارەسەرێکی نیوەناچڵی دیمۆکراسییانە، بۆ کێشەی کورد بدۆزنەوە، تا گۆڕانکارییەکی دیکەی گەورە، لە جیهاندا ڕوودەدا، تا هەلێکی دیکەی مێژوویی بۆ کورد هەڵدەکەوێ، بە شێوەیەکی بنەبڕیی، چارەسەری کێشەکەی دەکرێ و دەوڵەتی یەکگرتووی ناسیۆنالی خۆی دادەمەزرێنێ. یا لەم بوارەدا،

چاو لە تاقیکردنەوەی فەلەستینییەکان بکەین. ئەوان زۆر ئازایانە، لە ساڵی (1988)ەوە، وازیان لە خەباتی چەکداریی هێناوە. ئەوەتا ئەورۆ دەبینین، کەڵکیان لە گۆڕانکارییەکانی جیهان وەرگرتووە، خاوەنی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمیی خۆیانن، ڕۆژبەڕۆژیش، پرۆسەکەیان بەرەو پێشەوە دەڕوا، لە ئایندەیەکی نزیکیشدا، دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆیان دادەمەزرێنن. بەڵام گەر هەر لە سەر خەباتی چەکداریی بەردەوامبوونایە، لەگەڵ ئیسرائیلدا تا سەر بیانکێشلایە، باوەڕناکەم، جگە لە تیرۆریست، بە شێوەیەکی دیکە ناویان بهاتایە و بە هیچ ئامانجێکی خۆشیان نەدەگەیشتن!

5/ ئەم تاقیکردنەوەیەی ئۆجەلان، دیسانەوە ئەوەمان فێردەکا، ڕێکخراوەکانی کوردستان. چەند بە دەسەڵاتبن، چەند بە تواناین، چەند پارەوپولیان زۆربێ، چەند خاوەنی دەزگایەکی ئابووریی بەتەو و سەربەخۆبن، چەندین هەزار ئەندامیان، لە ڕیزی پارتەکەیاندا ڕێکخستبێ، خاوەنی سوپایەکی مەشقپێکراوی گوێڕایەڵ و زۆریش بن، هەر کاتێ سەرکردەی ڕێکخراوەکە بە تایبەتیی، یا جوڵانەوە رامیاریی و چەکدارییەکە بە گشتیی، تووشی گرفتێکی گەورە بوون، لێیان قەوما، لە نێو چوارچێوەی چوار دەوڵەتەکە و لە سنووری دەوڵەتەکانی نێوچەکەدا، تەنانەت لە گۆڕەپانە نێونەتەوەییەکەشدا، بە پلەی یەکەم، بەرژەوەندیی ئەو دەوڵەتان، ڕۆڵی سەرەکیی دەبینێ. ئەگینا لە مێژووی کورددا، بە دەیان جار، کارەساتی گەورە و دڵتەزێن، بە سەر نەتەوەیەکی مەزنی وەک کورد هاتووە، کەس گوێی خۆی بۆ لە خوم نەداوە! کێشەی کورد و شۆڕشە ڕەواکانی لە نێوچەکەدا، تەنیا وەک جوڵانەوەیەکی ئاژاوەچیی، گێرەشێوێن، یاخیبوو، تێکدەر، تیرۆریست و جیاوازیخواز تەماشاکراون، هیچ جۆرە لێکدانەوەیەکی دیکەیان بۆ نەکراوە، تا سەریش، هیچ جۆرە پشتیوانیەکی نەبووە. کەچی دەوڵەتێکی بچکۆلانەی وەک(کوێت)، ژمارەی دانیشتووانی دوو ملیۆن نابێ، کاتێ عێراق پەلاماریدا، بە سی دەوڵەت پەلاماریان دایەوە و لە کوێتیان دەرپەڕاند.

6/ هەموو داگیرکەرانی کوردستان، بە یەک چاو لە سەرکردە و ڕێکخراوە رامیارییەکانی کوردستان دەڕوانن. یەک حسێبیان بۆ نەتەوەی کورد کردووە.

هەموویان لە یەک ئامانجی سەرەکیدا یەکدەگرنەوە، ئەویش ئەوەیە، هەرگیز کورد بە هیچ نەبێ، بەشە کوردستانەکەی بندەستیان لە کیسنەچێ، تا دەتوانن، بە گژ یەکدیاندا بکەن، ئاسایش و ئارامیی لە کوردستاندا نەبێ، بۆ ئەوەی بە ئاسانترین شێوە کورد بتوێننەوە. لای ئەوان کوردی هیچ پارچەیە، لەگەڵ کوردی پارچەکەی دیکەدا جیاوازیی نییە. چونکە پێیانوایە، کورد لە هەر پارچەیەکدا، فشەمانێکی دەسکەوێ، لە دوڵرۆژێکی نزیک یا دووردابێ، کار لە هەست و هۆشی، کوردی هەموو پارچەکانی دیکە دەکا، ئەوانیش وەک شارە زەردەواڵە، لێیان دەوروژێن، داوای مافە رەواکانی خۆیان دەکەن، وەک ئێستا بە ئاشکرا، لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا دەیبینین.

7/ هەرچەندە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، لە نێوخۆیاندا زۆر ناکۆکیشبن، چەند ساڵ جەنگی خوێناویی، لە نێوانیاندا رویدا، بەڵام هەمیشە هەموویان، لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا، یەک باری سەرنجیان هەیە. هەموویان یەکدەگرن، هێز و توانایان یەکدەخەن، دەوڵەتەکانیان لە مەترسیی جوڵانەوەی کورد و پارچەپارچەکردن رزگاردەکەن. چونکە بە هیچ شێوەیە، هیچ دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان، باوەڕ بە هیچ رێکخراوێکی رامیاریی کوردستان ناکا. واتا ئەوان، بۆ لەنێوبردنی کورد، هەمیشە یەکدەگرنەوە. کەچی بە پێچەوانەوە، هەرگیز کورد، بۆ سەربەخۆیی و بەربەرچدانەوەی داگیرکەران یەکناگرێتەوە. تەنیا لە یەک شتدا یەکدەگرنەوە، ئەویش ناکۆکیی و دووبەرەکییە. هیچ لایە دان بە لاکەی دیکە و هیچ سەرکردەیە دان بە سەرکردەکەی دیکەدا نانێ. بۆیە هەمیشە، یەکێ لە رێکخراوەکان، وەک بەرخی نێر، خۆیان بە قوربانی نەخشە و پیلانەکانی، یەکێ لە دەوڵەتە داگیرکەرەکان کردووە، دژی هاوزمان و هاونیشتمانەکانی خۆیان راوەستاون، داگیرکەرەکەش بۆ خۆی حەواوەتەوە. کورد لە نێوخۆدا یەکگرتوونییە. تەنانەت دەوڵەتە داگیرکەرەکان، چەند لە نێوخۆشیاندا ناکۆکبن، کورد کەڵک لەو ناکۆکییانەش وەرناگرێ.

8/ ئەم رووداوەی ئۆجەلان، شتێکی دیکەمان بۆ دەسەلمێنێ، ئەویش ئەوەیە، کورد تەنیا لە رۆژانی تەنگانە و لێقەوماندا، بیر لە یەکێتیی،

تەنیایی، برایەتیی و لاوازیی خۆی دەکاتەوە. گەلێ جار، تەنیا کارەساتێکی گەورەی نەتەوەیی جولاندوویەتی، وەک لە سێدارەدانی سەرکردەیەکی کورد، هەرەس، کیمیابارانی کوردستان و ئەنفالەکان، هەموو لایەکی کۆکردۆتەوە، هەست و هۆشی هەموو رۆڵەکانی نەتەوەکەی، لە ناخەوە هەژاندووە. هەموو لاکان بیریان لە بێکەسیی، بێدەسەلاتیی، لاوازیی، بێتوانایی و لێقەومایی کورد کردۆتەوە. ئەورۆش دەبینین، زۆربەی زۆری کورد، دژی داواکارییە نارەواکانی تورک و ئەمەریکا راوەستن، داوای ئازادیی و سەفرازیی بۆ ئۆجەلان دەکەن. هەرچەندە ئەمەش خۆی لە خۆیدا، هەر دەرکەوتەیەکی باشە، جارێکی دیکە، یەکێتی ریزەکانی کورد بەهێزدەکاتەوە، هێزێکی مرۆیی گەورەی کوردیی، پیشانی دۆست و دوژمنانی نەتەوەکەمان دەدا. بەلام بریا هەمیشە کورد، لە تێوخۆدا کۆک و تەبابووایە، لە رۆژانی خەبات و ئاشتیشدا، یەکگرتووبووایە، ئینجا دەمانبینی، چۆن سەردەکەوت! ئینجا دەمانزانی، چۆن دوژمنان دۆشدادەمان، بە هیچ شێوەیە نەیاندەتوانی، پشتی کورد لە زەوی بدەن و زەفەری پێبەرن!

9/ بە راستیی، بۆ نەتەوەیەکی چل میلیۆنی وەک کورد، بۆ خاکێکی گەورە و پانوبەرینی پێنجسەدهەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی وەک کوردستان، مایەی شەرمەزارییە، گەر نەتوانرێ، لە گۆشەیەکی نیشتمانەکەماندا، یەکێکی وەک ئۆجەلان دالدەبدرێ. لە کاتێکدا، بە سەدان ئۆپۆزیسیۆنی عەرەب، فارس و تورک، لە دەس رژێمەکانی خۆیان هەڵهاتوون، لە کوردستانی بندەستی خۆیاندا جێگایان بۆتەوە، رێزیان لێ دەگیرێ، کەچی سەرکردەیەکی تێکۆشەری وەک ئۆجەلان، بە هیچ شێوەیە ناوێرێ، روو لە بستێکی نیشتمانەکەی خۆی بکا! لەوانەیە، ئەمەش بۆ دوو هۆ بگەرێتەوە :
یەکەم ـ سەرانی رێکخراوەکان ناوێرن، لە ترسی تورک دالدەی بدەن.
دووەم ـ پێوەندیی ئۆجەلان، لەگەڵ سەرکردەی رێکخراوەکانی دیکەی پارچەکانی کوردستاندا باش نییە.

10/ ئێمە لە باشووری کوردستاندا دەبینین، ماوەی سیوحەوت ساڵ دەبێ، خەباتی چەکداریی دەکرێ، بێ ئەوەی تا ئێستا هیچمان دەسکەوتبێ. دوو سەرکردەی وەک(بارزانیی و تاڵەبانیی)ش، بە خۆیان و پارتەکانیانەوە، بە

شێوەیەکی بەردەوام کاردەکەن و تا ئەمڕۆ ماونەتەوە. بە ئاشکرا دەتوانن، کاربکەن، بێن و بچن. وا دیارە، لە لایەکەوە ئەوان بە قەدەر ئۆجەلان، هەم مەترسییان بۆ سەر داگیرکەرانی کوردستان نییە. هەم دژی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و ئەمەریکا نین. چونکە ئەوان زۆربەی کات، زۆر بە ئاسانیی و بە ئاشکرا، بە ئاسمانی ئەو چوار دەوڵەتە داگیرکەرانەدا، وەک کۆتری ئاشتیی، لە شەقەی باڵدەدەن و دەفڕن، بێ ئەوەی کەسێ ڕێگەیان لێ بگرێ یا هەوڵی لەنێوبردنیان بدا! دیارە، گەر ئۆجەلانیش لە باکووری کوردستان بووایە، لە سەر پەتی ناکۆکییەکانی، ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانە یاریبکردایە، هەڵبەتە ئەویش وەک ئەوان دەمایەوە.
لە لایەکی دیکەشەوە، گەر ئۆجەلان نەخشە و پلانەکانی، دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانی، بە تەواویی جێبەجێبکردایە، هەر ڕۆژەی لەشکری دەوڵەتێکی داگیرکەری، بۆ سەر لایەنێ لە لایەنەکان کێشبکردایە، هەڵبەتە زۆر بە ئاسانیی دەیتوانی، لە یەکێ لەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی وەک ئێران و عێراقدا، جێگەی خۆی بکاتەوە، وەک پشیلەی حەوت گیانی لێبێ، بە هیچ داگیرکەرێکی کوردستان نەکوژرێ!
11/ ئەم ڕووداوە، دۆست و دوژمنی نێوخۆ و دەرەوەی، بۆ نەتەوەکەمان بە گشتیی و P.K.K بە تایبەتیی ئاشکراکرد. لە لایەکەوە، هەموو ئەو کەسایەتیی، ڕێکخراو و دەوڵەتانەی، لەگەڵ ئەوەدابوون، پەنابەریی رامیاریی بە ئۆجەلان بدرێ، وەک دۆستێکی نەتەوەکەمان ناسران. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەوانەی دژی ئۆجەلان بوون، بە تیرۆریست تاوانباریانەدەکرد، داوایان لە ئیتالیا دەکرد، ڕەوانەی تورکیا بکرێتەوە، وەک دوژمنی دەسەکانیان کەوتەڕوو.
12/ سەرکردایەتی P.K.K، لە پێش هەموویشیانەوە ئۆجەلان، پێویستە، بە نەخشەی ستراتیژیی، رامیاریی، سەربازیی، پەیوەندیی خۆیان و باڵەکانی دیکەی بزووتنەوەی کوردایەتیدا بچنەوە. چاوێ بە بەرنامەی کار و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ داگیرکەراندا بخشێننەوە. پێبەپێی باروودۆخە نێونەتەوەیی بە نوێکە، هەنگاوبنێن. ڕێز لە ویست و ئارەزوو، دید و بۆچوونەکانی، جەماوەری نەتەوەکەمان بگرن. بناغەی پەیوەندییەکی نوێی

توندوتۆڵ، لەگەڵ جەماوەردا دابڕێن. واز لە لەخۆبایی‌بوون، کەللەڕەقیی، توندوتیژیی، بەرگیریی، تۆڵەسەندنەوە و پاوەنخوازیی بهێنن. لە نێو ڕێکخراوەکەی خۆشیاندا، پڕۆسێسێکی دیمۆکراسیانە پیادەبکەن. دڵن بە هەڵەکانی خۆیاندا بنێن، کەڵک لەم ئەزموونە گەورەیە وەرگرن، تا جارێکی دیکە، تووشی ترازیدیای لەو چەشنە نەبنەوە. ئەگینا گەر هەر لە سەر، ڕێوشوێنە کۆنەکەی خۆیان برۆن، باوەڕناکەم، سەد ساڵی دیکەش بێنن، تێبکۆشن، هیچ بە هیچ بکەن!

13 / با بە ئاسایی، شتێ بە گوێی زۆڵەکوردەکاندا بچرپێنین، با تورکیای ئەتاتورکیش باش بزانێ، ئەوەتەی تورکەکان ئیمپراتۆریای عوسمانیان لە تورکیای ئەوڕۆدا دامەزراندووە، هەوڵی تواندنەوەی کورد دەدەن، بەڵام تا ئەوڕۆ نەیانتوانیوە، ئامانجە گڵاوەکانیان بەدیبێنن.
کاتێ ساڵی(1923)، کۆماری تورکیا دامەزرا، ژمارەی دانیشتووانی کورد، لە باکووری کوردستاندا، نزیکەی دوو میلیۆن دەبوو، کەچی لەگەڵ ئەو هەموو چەوساندنەوە، ژینۆسایید، ڕاگواستن و تواندنەوەیەدا، ئەوڕۆ دوای حەفتاوپێنج ساڵ، نەک هەر کورد نەتواوەتەوە، بەڵکوو ژمارەی کورد دە هێندەی دیکە زیادیکردووە. لەبەرئەوە، باشتر وایە، سەرانی تورک، هۆشێ بە بەر خۆیاندا بێننەوە، کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە و دیمۆکراسییانە چارەسەربکەن، نەک هەر وەک لە کۆنەوە، قەوانە سوواوەکەیان لێدەدەنەوە و دەڵێن:(لە هەر کوێ خەنجەری تورک لە کێلانەکەی هەڵکێشرا، گیروگرفتی کورد لەو جێیە تەواودەبێ.) «202،4»
یا دەڵێن:(ئەوەی لەم وڵاتەدا لە ڕەگەزی پاکی تورک نەبێ، تەنیا یەک مافی دەکەوێ، مافی خزمەتکاریی و کۆیلەیی)«4، 201-202».
14 / هەرچەندە تورکەکان، لەو ڕۆژەوە کوردستانیان داگیرکردووە، هەوڵی تواندنەوەی کوردیان داوە، بەڵام تا ئەوڕۆ نەیانتوانیوە، گەلی باکووری کوردستان لەنێوبەرن. هەرچەندە تورکەکان توانیویانە، یەک لە دوای یەک، هەموو شۆڕشەکانی کورد، زۆر بێبەزەیی یانە بکوژێننەوە، بەڵام تا ئەوڕۆ نەیانتوانیوە، گڕ و کڵپەی ئاگری شۆڕشەکانی دیکەی کورد دابمرکێننەوە.
هەرچەندە تورکەکان توانیویانە، چەندین سەرکردەی قارەمانی وەک

(میربەدرخان، یەزدانشێر، شێخ عوبێدوڵلای نەهری، شێخ سەلیم، شێخ سەعیدی پیران، دوکتۆر فوواد، شێخ عەبدولقادر و سەیید ڕەزا ... تاد)یان دەربەدەرکرد و لەنێوبرد، بەڵام تا ئەورۆ نەیانتوانیوە، وزە لە نەتەوەکەمان بېن، ڕێگە لە پێگەیاندنی سەرکردەی نوێ بگرن.

هەمووەمان دەزانین، شۆڕشی دەرسیم، لە ساڵی1937دا، زۆر بە شێوەیەکی درندانە سەرکوتکرا، سەرکردەی شۆڕشەکەشیان، لە تەمەنی حەفتاوپێنج ساڵیدا لە سێدارەدا. لێرەدا بە پێویستی دەزانم، سەرنجی خوێنەران، بۆ دوا گوتەکانی، شەهید « سەیید ڕەزا » ڕابکێشم، تا بزانن، چی گوتووە.

بەڵێ، شەستویەک ساڵ لەمەوبەر، شەهید فەرموویەتی :(هەر وەک ئاگاتان لێیە، بزووتنەوەکەی دەرسیم شکا، بەڵام کورد و کوردستان هەروا لە سەر پێی خۆی ڕاوەستاوە، ژیانی خۆی ڕادەبوێرێ، هەرگیزاوهەرگیز نامرێ. گەنجەکان بە هیچ چەشنێ نایەڵن، ئەو بزووتنەوەیە بکوژێتەوە. ئەوان تۆڵەی من دەستێننەوە، بژی کورد و کوردستان، بروخێ دەزگای زاڵمان، ستەمکاران و نەفرین لێبووان)«212،9» دیارە سەرکردەی شەهید ڕاستی فەرمووە، کورد نەتوایەوە و کوردستانیش بزرنەبوو، کوانووی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکەشی، بە ڕژێمە یەک لە دوایەکەکانی تورک نەکوژایەوە. بە زیادیشەوە تۆڵەی سەیید ڕەزا و شەهیدەکانی دیکەیان، لە سوپای تورک سەندەوە. گەر شۆڕشی دەرسیم تێکشکا، کەچی دوای نزیکەی پەنجا ساڵ، جارێکی دیکە شۆڕشی P.K.K بەرپابۆوە. گەر سەیید ڕەزا نەما، کەچی دوای ئەویش، چەندین خونچەگوڵی سەرکردەی دیکە، لە باخە گەورە گەشەکەی نەتەوەی کورددا پشکوت. بۆیە گەر ئەورۆش تورکەکان، ئۆجەلان لەنێوبەرن، سبەینێ بە دەیان ئۆجەلانی دیکە لەدایکدەبێ و پەیدەگا. گەر تورکەکان هەر لە سەر ویستی خۆیان بەردەوامبن، بیانەوێ، گەلی باکووری کوردستان تووێربکەن، وەک ئەوە وایە، خەو بە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە ببینێ! ئەگینا گەر کورتبین نەبن، ئەو جۆرە ورێنانە ناکەن. تورک خەیاڵی خاوە، هەرگیزاوهەرگیز، کورد نامرێ، دەبێ، تا ماون، هەر بەو دلخەوە سەربنێنەوە. بەڵام سەرشۆڕیی، ڕوورەشیی و مردن، تەنیاوتەنیا بۆ خۆفرۆشان و داگیرکەرانی کوردستانە، لاپەڕەکانی مێژووش، گەواهیی قسەکانمان دەدەن!

بۆیە هیچ کوردێ نابێ، لەوە زیاتر بنیشتەتاڵی ژێر دانی داگیرکەران بجوێتەوە. کورد نەتەوەیەکی ئازا و قارەمانە، ژمارەی دانیشتووانی چل میلیۆنێ دەبێ، کەچی تا ئێستا، لە هەموو مافێکی نەتەوەیی و مرۆیی بێبەشکراوە. لە نیشتمانەکەی خۆیدا، بە خراپترین شێوە دەچەوسێندرێتەوە. کورد دوا نەتەوەی ئەم جیهانەیە، لە پێناوی ژیان، ئازادیی، سەربەخۆیی و سەلماندنی بوونی خۆیدا، خەباتی چەکداریی دەکا. ئیدی با هەموو ئەو کوردە بێ هۆش و گۆشانە، باش بزانن، کورد نە دەتوانێ، شۆڤێنیی بێ، نە هەرگیزاوهەرگیزیش تیرۆریست بووە. گەر یەک تیرۆریست لەم جیهانەدا هەبێ، تەنیاوتەنیا، سەرانی هەر چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکەی کوردستانن.
ئایا ئەوانەی، چوار هەزار گوندی کوردستنیان سوتاند و ڕوخاند، بە هەزاران خەڵکی بە ڕووەمەتی کوردیان، لە قوژبنی زیندانەکانی تورکیادا توندکردووە، بە سەدان کورد لە سەر جادەکانی تورکیا دەکوژن، تیرۆریستێ یا کورد؟!! ئایا ئەوانەی، (قاسملۆ و شەرەفکەندیی)یان لە ئەوروپا تیرۆرکرد، تیرۆریستێ یا کورد؟!! ئایا ئەوانەی، بە هەزارلن کوری کوردیان، لە گرتووخانەکانی عێراقدا لە داردا، زۆربەی زۆری گوند و شارۆچکەکانی کوردستانیان وێرانکرد، هەڵەبجە و نێوچەکانی دیکەی کوردستانیان کیمیابارانکرد، هەشت ئەنفالی گچکە و گەورەیان کرد، هەشت هەزار بارزانیان کوشت، سەدوهەشتاودووهەزار کوردی بێچارەیان گوللەبارانکرد، تیرۆریستێ یا کورد؟!! ئایا ئەوانەی، لە سەرەتای ساڵەکانی شەستەوە، هەموو خۆرئاوای کوردستانیان بە عەرەبکرد، ئەوانەی نوزەیان لە مرۆڤی کورد بڕیوە، ئەوانەی تا ئەمڕۆش ڕەگەزنامەی سووریا، بە کورد نادەن، تیرۆریستێ یا کورد؟!!
کارەساتێکی نەتەوەیی زۆر گەورەیە، تاڵەبانیی و بارزانیی، دەم لە نێو دەمە بۆگەنەکەی، سەددامێکی دیکتاتۆری تیرۆریستی شەلاتی پیاوکوژ دەنێن، زۆر بە گەرمیی دەسی مەسعوود یەڵمازێکی سەرسەریی و تلیاکفرۆش دەگوشن، کڕنووش بۆ مەلا دواکەوتووەکانی ئێران دەبەن. کەچی ناتوانن، لەگەڵ برا کوردە هاوخوێن و هاوزمانەکانی خۆیاندا ڕێککەون، یەکدی لە ئامێزبگرن، دەسی یەکدی بگوشن، برایەتیی و یەکێتی نەتەوەیی سازکەن!! لە بری ئەو برایەتیی و یەکێتی نەتەوەیی یە، زۆر بە ئاسانیی یاوەش بۆ

سەرانی تورک دەکەنەوە، بەهانەیان بۆ نوێدەکەنەوە، تا پارێزگاریی سنوورەکانی تورکیایان بۆ بکەن. P.K.K بە تیرۆریست دادەنێن و چەند جارێ، لە ڕێککەوتننامەکەی نێوان پارتی و یەکێتی لە واشنتۆن، ئەوە تۆمار دەکەن.«3-2،16» وەک تورکیا خۆی دەس و قاچی شکابێ، ئەستۆی وردبووبێ! دیارە، سەرکردەی ئەم ڕێکخراوانە، تامەزرۆی ئەوەن، هەمیشە ئازناوی پاسەوانی سنوورەکانیان پێببەخشن!

راستیان فەرمووە، کورد لە نێوخۆدا، نەتەوەیەکی ناکۆک و ناتەبایە. نەتەوەیەکی زیندووکوژی مردوو پەرستە. با ئۆجەلان بکوژرێ، جا دەبینین، ئەوانەی ئەمڕۆ دژی دەدوێن، لە نۆکەری تورک زیاتر چیدیکەیان دەسدەکەوێ! با بزانین، دوای کوژینی ئۆجەلان، ئەو جۆرە کوردانە، چ جۆرە پروپاگەندەیەکی دیکەی ژاراویی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بلاودەکەنەوە!

ئەو کوردە بێ هەستانە، بیری لەوە ناکەنەوە، باکووری کوردستان، گەورەترین بەشی نیشتمانەکەمان پێکدەهێنێ. نزیکەی دوو لە سەر سێی هەموو کورد، لەوێ دەژین. چەندین شۆڕشی خوێناویان بەرپاکردووە، هەر هەموو شۆڕشەکانیش، لە لایەن تورکەکانەوە، بە ئاگر و ئاسن کوژێندراونەتەوە. لە دوای شۆڕشی دەرسیمەوە، ئەمە یەکەم جارە، بە هۆی شۆڕشی P.K.Kەوە، گەلی کورد هۆشیەکی بە بەرداهێتەوە، بەو شێوەیە هەستی نەتەوەیی دەبوژێتەوە، گەشەدەکا، دژی داگیرکەری وولاتەکەی ڕادەپەڕێ، داوای ئازادیی و سەربەخۆیی دەکا. لەوانەیە، گەر بلێسەی ئەم شۆڕشە نەتەوەیی یەی ئەم جارەش بکوژێندرێتەوە، کورد بە پەنجا سالی دیکەش، جارێکی دیکە نەتوانێ، لە شوێنی خۆی بجوولێ! لەوانەیە، گەر ئەم جارە کورد، لە سەر خاکی نیشتمانەکەی خۆی هەلکەنن، وەک ئاردی نێو درک بلاوەی پێبکەن، هەلی مێژوویی وای بۆ هەلنەکەوێتەوە. چونکە نابێ، ئەوەمان لە بیربچێ، هەلی مێژوویی، بۆ ئەو گەلانەی پشت ئەستوورنین و دۆستی ستراتیژییان نییە، هەروا بە خۆڕایی و زووزوو هەلناکەوێ.(هەر هەلێکی مێژوویی بۆ نەتەوەی کورد ڕێدەکەوێ، گەر لە کات و شوێنی پێویستی خۆیدا، هەولی بۆ نەدرێ و نەقۆزرێتەوە، بۆ نەتەوەیەکی بێچارەی وەک

نەتەوەی کورد، دوورنییە، ئەو هەڵە مێژوویی یە، دوای چەند ساڵێکی دووروودرێژی دیکەی چاوەڕوانیی لە قاپیـمـان بداتەوە. بۆ نموونە: بەدرخان بەگی بۆتان، لە «1846»دا، میرنشینەکەی لە کوردستانی بندەستی عوسمانیدا، لە باکووری کوردستان دامەزراند، تورکەکان میرنشینەکەیان لەنێوبرد، پاش سەد ساڵی خشت، قازی شەهید و هاوەڵەکانی، لە «1946»دا توانییان، کەڵک لە هەلی جەنگی دووەمی جیهانی وەربگرن و کۆماری ئۆتۆنۆمیی، لە بەشێکی رۆژهەڵاتی کوردستاندا دابمەزرێنن. کە کۆمارەکەش ڕوخا، پاش «46» ساڵ، گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا، بە سوودوەرگرتن لە باروەزعی نێوچەکە و جەنگی دووەمی کەنداو، دوای ئەو هەموو جەنگی قەلاچۆکردن، بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی، ئەنفالەکان و لەدەستدانی باشووری کوردستان توانییان، داگیرکەر لە کوردستان بەدەربنێن و لە «1992/05/19»دا، هەڵبژاردنی یەکەم ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە ئەنجامبگەیەنن و لە «10/04»ی هەمان ساڵیشدا، فیدرالیزم بۆ باشووری کوردستان ڕابگەیەنن.) «187،4».

لە کۆتاییدا دەڵێم: نیشتمانپەروەری خاوەن باوەڕ، کوردپەروەری دڵسۆز، ناسیۆنالیستی ڕاستەقینە ئەو کەسانەن، هەمیشە لە بەرەی گەلدا، خۆیان دەبیننەوە. لە پێناوی ئامانجە ڕەواکانی گەلدا دەکۆشن. دژی نەخشە و پیلانە گڵاوەکانی، دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان رادەوەستن. لە ڕۆژی تەنگانە و لێقەومانی نەتەوەکەیاندا، هەرچییەکیان پێبکرێ، دریغی ناکەن. بە ئاسانیی دۆست و دوژمن لە یەکدی جیادەکەنەوە.

هەموو سەرکردەی ڕێکخراوەکان، هەموو ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی کوردستان، هەڵە، تاوان و ناپاکییان هەبووە و هەیە. دەبێ، هەر کێشەیە بە جیا، حسێبی خۆی بۆ بکرێ. نابێ، هەموو کارتەکان پێکەوە تێکەڵاوبکرێن. پێویستە دوو شت لە یەکدی جیابکرێنەوە، ڕقوکینە، کێشەی تاکەکەسیی، پاوەنخوازیی پارتایەتیی و گرلتی ڕابەریی، لەگەڵ کێشەی نەتەوەییدا تێکەڵ نەکەین. پێویستە هەموو ناکۆکیی، دووبەرەکیی و کێشە لاوەکییەکان، بە تەواویی پشگوێبخرێن، تەنیا بایەخ بە کێشە سەرەکییە نەتەوەیی یەکەی کورد بدرێ. بۆیە، هەرچەندە ئۆجەلان هەڵەی

زۆربن، تاوانی بەرانبەر نەتەوەکەی خۆی کردبێ، ئەمڕۆ وەک سەرکردەی ڕێکخراوێکی مەزن و شۆڕشگێڕ، ژیانی لە مەترسی دایە، لە سەر هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر پێویستە، پشگیری ئۆجەلان بکا، وەک کوردێکی نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕ بیناسێنێ. دژی داواکارییەکانی تورک ڕاوەستێ، پڕوپاگەندەکانی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان پووچکاتەوە. هەرچی شتێ پێویستە، بۆ ئەوەی ژیانی ئەو کوردە خەباتگێڕە، لە مردن ڕزگاربکرێ، پێویستە بێ یەک و دوو بە زوویی بکرێ.

ستۆکهۆلم
1998/11/15

تێبینی :
هێندێ لەم بۆچوونانە، لە ڕادیۆی کوردیی شاری ستۆکهۆلم، لە بەرنامەکانی « هەنگاو » ڕۆژی(1998/11/15) و « دەنگی گەلی کوردستان » ڕۆژی(1998/11/20)، لە وتووێژێکی تەلەفۆنیدا باسکراوە.

با جارێ پەلە نەکەین
هێشتا زووە فتوای وا بدەین!

لە گۆڤاری « ڕەنگین »ی ژمارە « 103 »ی ساڵی « 1997 »دا، مامۆستای مێژوونووسمان دوکتۆر کەمال مەزهەر، گوتارێکی کورتی لە ژێر ناونیشانی « ویژدان و مێژوو ... یان دادگەی موشیری حەمەی سلێمان »دا نووسیوە. مانگنامەی « پەیام »یش لە لەندەن، دووبارە بڵاویکردۆتەوە. گەر « پەیام » ئەو گوتارەی بڵاونەکردایەتەوە، لەوانەیە، زۆر درەنگتر بماندیایە، چونکە هەموو بڵاوکراوە کوردییەکانی کوردستان و عێراق، هەروا بە ئاسانیی لە هەندەران، دەس هەموو کەس ناکەون. لەبەرئەوە، ئەم دەمەتەقێیە لەسەر ئەو بابەتە کەمێ دواکەوت.
ئەوەتەی دوو گوێمان لێ ڕاوە، ئەوەتەی ڕاست و چەپی خۆمان دەناسین، ئەوەتەی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد، یەک لە دوای یەک بڵاوەیانپێکراوە، باووباپیر و مێژوونووسانمان، دەمبەدەم و پشتبەپشت بۆمان دەگێڕنەوە، کە (ئیدریسی بدلیسی، مەلای خەتێ و موشیری حەمەی سلێمان) و کێ و کێی دیکە، ناپاکییان لە کورد کردووە. بەڵام ئەوەتا ئەوڕۆ، دوکتۆر کەمال ڕامانئەچڵەکێنێ و دەیەوێ، بۆمان ساغکاتەوە، گوایە ئەو پیاوانە ناپاک نەبوون و غەدریانلێکراوە، بۆیە سەرەتای نووسینەکەی بەم شێوەیە دەڕازێنێتەوە و دەڵێ: (بە داخەوە جاری وا هەیە درۆیەکی هەڵبەستراوی لێتەبازێکی ناحەز بە زۆری زۆردارەکی دەکرێتە ڕاستییەکی مێژوویی،

هەمووان لە ئاسمانەوە دەیقۆزنەوە. هی وایان هەیە مشتێکیشی دەخەنە سەر و وەک شایەر هەر دەیلێن و دەیلێنەوە، نان و پیازی پێوە دەخۆن. ئێمە بۆ بیرکردنەوەی قووڵ، بە درێژایی دەیان ساڵ تاوانی نیشتمانفرۆشیمان داوەتە پاڵ زانایەکی دووربینی وەک مەولانا ئیدریسی بدلیسی، یان مەلای خەتێ و کەسانی تر.
مورشیری حەمەی سلێمانی هەمەوەندیش، یەکێکە لەوانەی مێژوونووسی کورد لەخۆڕا، بە تۆمەتێکی هەڵبەستراو ناوی زڕاندووە.)«5.10»، دیارە هەر یەکێ لەو پیاوانەی دوکتۆر ناویهێناون، چیرۆک و بەسەرهاتی تایبەتیی خۆیان هەیە. بەڵام با جارێ، واز لە هەر دوو زانای بە ناوبانگی موسوڵمان، (بدلیسی و خەتێ) بهێنین، تا لە دەرفەتێکی دیکەدا، هەڵیان بۆ دەرەخسێ و بەسەریاندەکەینەوە. هێندەی بابەتەکەی دوکتۆر، سەرنجڕاکێشە و ئەوە دەهێنێ، خۆمانی پێوە ماندووکەین، سەرەتا سەردانێکی ئەرشیفی مێژوو دەکەین، تا بزانین مورشیر ئاغای هەمەوەند، چۆن کوردێ بووە، وا دوکتۆر داکۆکیی لێ دەکا !!
پێشەکی دەمەوێ، بڵێم: وا بزانم، هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز، لە کانگای دڵەوە حەزیدەکرد، لە سەرانسەری مێژووی نەتەوایەتیماندا، لە نێو ڕیزەکانی کورددا، یەک تاکە کوردی خۆفرۆش و نیشتمانفرۆشی تێدانەبووایە. بەڵام کە باخە پانوبەرینە ڕازاوە مێژوویی یەکەی کورد، وەک باخی زۆربەی نەتەوەکانی دیکە، بێ درک نابێ، ئەوەیان لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە. وا دیارە «حوکمی قەدەر وای کردووە !»، دەبێ، چەمی مێژووی کوردیش، بڕێ چەقەڵی تێدابێ! کەواتا گەر لە مێژووی نەتەوەکەماندا، چەند ناپاکێکمان تێداهەڵکەوتبێ، دەبێ ناویانبهێنین، لە خراپەکاریی، خۆفرۆشیی و ناپاکیدا، بە نموونە بیانهێنینەوە، بەڵام پێویست ناکا، بە خۆڕایی غەدر لە کەس بکەین، مێژووی نەتەوەکەمان بشێوێنین، بەڵکوو دەبێ، ئەو مێژووە، لەسەر بنچینەیەکی زانستانە شیبکەینەوە، بە بەڵگەی ڕاستەقینەی مێژوویی بیسەلمێنین، لە کەفوکوڵی دەروون، هەست و سۆزی نەتەوەیی دووربکەوینەوە، مێژووەکەمان بە باشی شمن و کەوکەین و لێکۆڵینەوەی لە سەر بکەین.

دیاره، مێژوونووسەکانی ئەو سەردەمانە، هەر لە خۆڕا شەقوەر، تاریکەشەوی کۆمەڵگەی کوردەواریان، بەر تەقەی تفەنگ نەداوە. چەند جارێ جەنگ، لە نێوان سوپای ئینگلیز و شۆڕشگێڕانی کورددا قەوماوە، ئەوانیش چاکی چالاکییان بە لاداکردووە و بەسەرهاتەکانیان بۆ تۆمارکردووین. ڕووداوەکانی ئەو جەنگانەیان چۆن دیوە، بە تایبەتیی جەنگی دەربەندی بازیان، هەر بەو شێوەیەش نووسیوویانە. بۆیە ئەوڕۆ، لەو سەرچاوانە زیاتر، هیچی دیکەمان لە بەر دەستدانییە. جا لە ڕاستیدا، سەرەتای ڕووداوەکە و کۆکردنەوەی هێزەکان، چۆن بووە و چۆن نەبووە، ئێمە ئێستا هیچی لێنازانین، بەڵکوو هەر هێندەی لێدەزانین، کە مێژوونووسەکانمان بۆمان دەگێڕنەوە. وەک دوکتۆر کەمالیش، لە مێژوونووسەکانی ئەو سەردەمەی کورد و لە دەکۆمێنتەکانی ئەرشیفی بریتانیای وەرگرتووە، دەڵێ: (ڕۆژی حەقدەی حوزەیرانی ساڵی (1919) هێزەکەی جەنراڵ فریزەر لە کەرکووکەوە کەوتە ڕێ و لای ئێواری گەیشتە نزیک دەربەندی بازیان. دوای ئەوەی تاریکایی داهات، بەپێی نەخشە و پلانێکی سەربازیی ورد بەشێکی زۆری ئەو هێزە، بێ ئەوەی ئەو دیو هەست بەم دیو بکات، بە شاخ و گرد و تەپۆڵکەکاندا هەڵگەڕان. تۆپە دوورهاوێژەکانیشیان سەنگەری لەباریان لێدا. بەرەبەیانی ڕۆژی داهاتوو ئەو هێزە گەورەیە لە ناکاودا کەوتە هێرش و لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا هەموو شت بڕایەوە.)«5.10». بەڵام لێرەدا، مشتومڕەکەی ئێمە لەسەر ئەوە نییە، جەنگەکە چۆن ڕوویداوە، بەڵکوو لەسەر ئەوەیە، ئایا ئەو هێزە گەورەیە، تەنیا بە شارەزایی خۆیان، بە هەر دووبەری ڕێزەچیاکانی دەربەندی بازیاندا هەڵگەڕان، یا پێشەکی نەخشە و پلانیان بۆ داڕژابوو، چاوساغێکی وەک مورشیر ئاغایان لەگەڵدا بووە، تا ڕێگایان پیشاندا؟

پێش ئەوەی، پەل بۆ نێو قووڵایی ئەو باسە بکوتین، دەمەوێ چەند شتێکی بەڵگەنەویست باسبکەم. هێزەکەی ئینگلیز مورشیر ئاغا یا هەر خۆفرۆشێکی دیکەیان لەگەڵ بووایە، یا کەسیان لەگەڵ نەبووایە و هەر خۆشیان بە تەنیا بوونایە، گومانم لەوە نییە، هێزی شۆڕشگێڕەکانیان تێکدەشکان. چونکە ئەمە پێموانییە، هێزەکەیان تەنیا لەبەرئەوە شکاوە، مورشیر ئاغایان لەگەڵ بووە، ڕێگای پیشانداون و ناپاکیی لە کورد کردووە، وەک هێندێ لە

مێژوونووسان باسیدەکەن، دوکتۆریش بە تەوسەوە ئاماژەی بۆ دەکا و دەڵێ: (دوای ئەو تێکشکانە گەورەیە بەندوباوی ئەوە بڵاوبۆوە گوایە مەشیری حەمەی سلێمان، کە یەکێک بوو لە ئاسراوانی هەمەوەند، لە پشتەوە ڕێگەی نیشانی ئینگلیز داوە بۆیە هێزەکەی جەنراڵ فریزەر توانیویە زەفەر بە کورد بەرێ. ئەوانەی پێیان وایە کورد هەرگیز ناشکێ، تایبەت لایەنگرانی شێخ مەحموود، ئەم بەندوباوەیان لە ئاسمانەوە قۆستەوە، چونکە بیانوویەکی باش بوو بۆ لێکدانەوەی تێکشکاندنی کورد. دوایی مێژوونووسانی کوردیش سووک و ئاسان کردیانە ڕاستییەکی نەلەقاو لە ناو تۆماری مێژوونووسیی کوردیدا.) (5، 10)، دوکتۆر بۆ ئەوەی دید و بۆچوونە نوێکانی خۆیان بۆ بسەلمێنێ، سێ خاڵی سەرەکیی پێش چاوخستووین. ئێمەش کەمێ دواتر، بەپێی توانا هەوڵدەدەین، بە کورتیی لێیان بدوێین.
هەرچەندە لە هێندێ کاتدا، ناپاکیی و تێکشکان، پێوەندییەکی توندوتۆڵیان لە نێوانادا هەیە. گەر کەسێ، کۆمەڵێ، خێڵێ یا ڕێکخراوێکی ڕامیاریی، ناپاکیی لە گەلەکەی خۆی نەکا، هێزی دوژمن بۆ سەر سەنگەری شۆڕشگێڕان بانگنەکا، پێش سوپای داگیرکەر نەکەوێ، دوورنییە، سەرئەنجامی جەنگەکە بە شێوەیەکی دیکە بشکێتەوە. بەڵام ناپاکییەکەی مەشیر ئاغا، هەموو شتێ نییە، هێزەکەی شێخ تەنیا لەبەرئەوە نەشکاوە، چونکە مەشیر ئاغا پێش سوپای ئینگلیز کەوتووە، بەڵکوو ئەوە تەنیا، یەکێ لە هۆکانی ئەو گەمارۆدان، پەلاماردان، شەڕی دەستەویەخە و تێکشکانە دادەنرێ، ئەگینا گەر وانەبووایە، ئەوان هەر دەشکان.
بەڵام تێکشکانی هێزەکە، نە تەنیا بۆ ناپاکییەکەی مەشیر ئاغا دەگەڕێتەوە، نە دەشتوانین، پاساوی ناپاکییەکەی ئەویشی پێبدەین. چونکە هەر دوو ڕووداوەکە، ناپاکیی و تێکشکان، شانبەشانی یەکدی ڕۆیشتوون و لە یەک کاتدا ڕوویانداوە. واتا هێزەکەی کورد شکاوە و مەشیر ئاغاش ناپاکیی خۆی کردووە. بەڵام ناپاکییەکەی ئەو، تەنیا هۆی ئەو تێکشکانە گەورەیە نەبووە، بەڵکوو کۆمەڵێ هۆی دیکە هەبوون، هەموو پێکەوە بڕیاری ئەو تێکشکانەیان داوە. ئەمە ڕاستییەکی بێ چەندوچوونە و دەمەتەقێ هەڵناگرێ. بۆیە ئەز پێموایە، گەر مەشیریش لەگەڵ هێزەکەی شێخ بووایە،

لەو جەنگەدا هەر تێکدەشکان، بەڵام ئەوەی گومانی تێدانییە، ئەوەیە، ئەنجامی پێکدادانەکە بەو شێوە تراژیدییە نەدەشکایەوە، شۆڕشگێڕەکان تووشی شەڕی دەستەویەخە نەدەبوون، ئەو هەموو خەڵکە بریندارنەدەبوون، ئەو هەموو شەهیدەیان نەدەدا. لەوانەیە، گەر بیانزانیایە، بەرگەناگرن، هەر زوو پاشەکشەیان بکردایە، یا شێخ مەحموود بە برینداریی نەگیرایە.

هەڵبەتە وەک دوکتۆریش باسیدەکا، ئەو لێکدانەوەیەی دەڵێ: (گەر خیانەتی مرشیری حەمەی سلێمان نەبووایە هەرگیزاوهەرگیز ئینگلیز نەیدەتوانی بەسەر کورددا زاڵ ببێ.) «5،10» زۆر ساکارە، زیاتر لەوە دەچێ، لە کەفوکوڵێکی هەڵچووی هەست و سۆزی نەتەوەیی یەوە هەڵقوڵابێ. گوایە کورد هێندە ئازایە، نابێ، لە هیچ سەردەمێکدا، لە هیچ جەنگێکدا، بە هیچ جۆرێ تێکبشکێ.

گەر ڕووناکبیر و مێژوونووسەکانمان، بەو شێوەیە لە کوردیان ڕوانیبێ، گەر ڕووداوەکانیان بەو شێوەیە شیکردبێتەوە، گەر ئەنجامی تێکشکاندنەکانیان بەو جۆرە لێکدابێتەوە، ئەوە تەنیا نیشانەی ئەوەیە، ئەوان لە باروودۆخی قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو تێنەگەیشتوون، هەلومەرجی نێوخۆیی و دەرەکیی کوردستانیان ڕەچاونەکردووە، بەڵکوو هەموو توتی ئاسا، بۆچوونی نووسەرەکانی پێش خۆیان دووبارەکردۆتەوە. ئەگینا یا کورد، بە نەتەوەیەکی ئازا ناوبدەرکردبێ، یا بە دەیان لەشکری وەک یۆنانییەکانیشی ڕاونابێ، بەڵام مەرج نییە، لە هەموو پەلاماردان و پێکدادانەکانیدا، تاهەتایە هەر سەرکەوتووبووبێ، یا کاتێ لە جەنگێکی دیاریکراودا شکێندرابێ، هۆکەی بۆ چەند خاڵێکی لاواز بگێڕێتەوە. بەڵکوو کوردیش، وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی سەر ڕووی ئەم زەوییە، چەندیش ئازابێ، لە سەرانسەری مێژووی خۆیدا، لە جەنگەکانیدا دژی دوژمنان و داگیرکەران، بە شێوەیەکی زۆر خراپ شکێنراوە. بە پێچەوانەشەوە، هێندێ جاریش، گەلێ سەرکەوتنی مەزنی بەدەستهێناوە. بۆ نموونە:

هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، لە شۆڕشی(1961/09/11)دا، لە گەلێ لەو نەبەردانەی، دژی سوپای داگیرکەری عێراق بە ئەنجامیاندەگەیاند، سەرکەوتنی زۆر قارەمانانەیان بەدیدەهێنا، وەک لە جەنگە بە ناوبانگەکەی

و هەندرێن ەی(1966/05/12)دا ڕوویدا، کـــە نموونەی جـــەنگی پارتیـزانیی، لەخۆبوردوویی، ئازایی و دڵسۆزیی پێشـمەرگەکانی ئەو سەردەمە بوو. کەچی هەر ئەو پێشمەرگانەی هەمان شۆڕش بوون، لە بەهاری (1974)دا، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردسـتان تێکشکان، هەموو(دەشتی هەولێر، شارۆچکەی ڕانیە، پشدەر، ڕەواندز، نەوچەی بادینان، قەرەداغ و ناوچەی شارەزووری)یان، بۆ دوژمن چۆڵکرد و بەرگرییـان پێنەکرا. دیارە، ئەوە بە کـارێکی سروشـتیی جەنگ لە قەڵەمدەدرێ، چونکە پێوەندییـەکی توندی بە باروودۆخی سەردەمەکە، تەرازووی هێزەکان، ژمارەی جەنگاوەرانی هەر دوولا، هێز و توانای جەنگاوەرەکان، کەرەسەی جەنگیی مۆدێرن، جۆری چەک، بەرژەوەندیی هێزەکانی نەوچەکە و دەوروبەرەوە هەیە. هەروەها نابێ، باری جوگـرافـیـا، شێـوەی تۆپۆگـرافـیـای زەوی و هەڵکەوتی گـۆڕەپانی جەنگەکەمان لە بیربچێ، چونکە جوگرافیا و تۆپۆگرافیای ناوچەکە، وەک فـاکـتـەرێکی گرنگ، کـاریگەرێتی تایبەتیی خۆیان هەیە، هێندێ جار چارەنووسی جـەنگەکـە دیاریدەکـەن. ئەوە جگە لەوەی، خـواردن و ئاویش، کـارێکی یەکـجـار گرنـگ لە مـانەوە، خۆڕاگـرتن، بەردەوامـبـوون و پلەی بەرەنگاربوونەوەی جـەنگاوەرەکـان دەکـا، وەک ناپلیـۆنیش دەڵێ:(لەشکر لەسەر گەدەی دەڕوا).

جا با ئێـســتـا پێکەوە، بازێ بەســەر ئەم باسـانەدا بدەین، سـەرێ بە لای بەڵگەکانی دوکتۆر کەمالدا شۆڕبکەینەوە، تا بزانین، چۆن بۆمان دەسەلمێنێ، مێـژوونووسـان غـەدریان لە مـوشـیـر ئاغـا کـردووە و بە نیـشـتـمـانفـرۆش ناویانزڕاندووە، دوکتۆریش لەبەرچی، داوای لێبوردن لە گیانی پاکیی دەکا و بە نیشتمانپەروەر ناوی‌دەبا!

ئاشکرایە، لەو ڕۆژەوە لەشکرەکەی شێخ مەحموود، لەگەڵ سوپای ئینگلیز، لە نێـو دەروازەکـەی دەربەندی بازیان، دەسـەویەخـە تێکـئالان، لە ئەنجـامـدا هێزی کورد تێکشکا و سوپای ئینگلیز سەرکەوت، ڕووناکبیر، نووسەر و ڕامـیـارەکـانی کـورد، لە ئاخافتن و نووسـینەکـانی خۆیاندا،(موشیر ئاغای حەمەی سلێمانی هەمەوەند)، بە ناپاک لە قەڵەمدەدەن. ئەم تاوانبارکردنەش هەروا بەخـۆڕایی نەهاتووە، بەڵکوو لە ئەنجـامی کـردەوەکـانیـدا بووە.

تاوانەکەش خۆی لەوەدا دەبینێ، ئەو پیاوە، سوپای داگیرکەری ئیمپریالیزمی بریتانیای، لە پشتەوە و بە قاچاغەڕێدا، بۆ سەر لەشکرەکەی شێخ هێناوە.
بەپێی لاپەرەکانی «چیم دی»، جەنگەکە لە(22/یونی/1919)دا ڕوویداوە. کەچی دوای نەوەی نزیکەی هەشتا ساڵ، بە سەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕدەبێ، ئێستاش دەسی ناپاکیی بۆ ئەو پیاوە ڕادەکێشرێ.
بەڵام ئەوا ئەوڕۆ، یەکەم کەس و یەکەم ڕووناکبیری کورد «دوکتۆر کەمال مەزهەر»، پێ بە جەرگی خۆیدا دەنێ، دەیەوێ، پلەوپایەی نیشتمانپەروەریی و کۆمەڵایەتیی، بۆ موشیر ئاغا بگێڕێتەوە، دوای ئەوەی ئەو پیاوەی لە مێژووی کورددا، چەند جارێ وەک ناپاکێ ناساندووە و دەڵێ:(من بۆ خۆم سێ جاران لە نووسینی بڵاوکراوەی خۆمدا ئەو قسەڵۆکە هەڵبەستراوەم تۆمارکردووە، دڵخەکەم هەر سێ جارەکەش بە زمانی ڕووسی بوون)«5، 10» ئێستاش دەیەوێ، ئەو خەدرەی لە گیانی ئاغای هەمەوەند کراوە، بە زیادەوە تۆڵەی بۆ بکاتەوە. بۆیە لە کۆتایی گوتارەکەیدا، داوای لێبووردن لە گیانی پاکی دەکا، بڕوانامەی پاکیی و نیشتمانپەروەریی بۆ مۆردەکا و دەڵێ:(من بەش بە حاڵی خۆم، زۆر بە گەرمی، داوای لێبووردن لە موشیری حەمەی سلێمان و هۆزی سەربەرزی هەمەوەند و شۆڕەسوارانی دەکەم.)«5، 10»
ئەم دید و بۆچوونە نوێیەی دوکتۆر کەمال، ئەوەمان بیر دەخاتەوە، کە مێژوو لە گەڵێ شوێنی ئەم جیهانە و لە هێندێ بواردا،، چەندین جار خۆی دووبارە و چەند بارەدەکاتەوە. ئەوەتا، دوای پتر لە هەشتا ساڵی ڕەبەق، ئێسکەکانی بنەماڵەی ڕۆمانۆڤی دوا تزاری ڕووسیا، لە گۆڕ دەردەهێنن و زۆر بە ڕێزەوە، لە تەنیشت باوروباپیرانی خۆیانەوە دەیاننێژن. هەروەها لە سەردەمی خرۆشیڤدا، لە یەکێتی سۆڤیەت، پەیکەرەکەی ستالینیان لابرد و مافی ئەندامێتیشیان لێ سەندەوە، کەچی پاشان لە سەردەمی برێژنێفدا، پلەوپایە و ڕێزی تایبەتیی خۆیان بۆ گێڕایەوە. لە عێراقیشدا، هەمووی چەند ساڵێ لەمەوبەر بوو، زۆر بە چاکە باسی ڕۆڵی بنەماڵەی شا لەبەسەڵیان دەکرد و مەزراکانیان بۆ هەڵبەستنەوە. گەر ئەوڕۆ لە کوردستانی بندەسی ئێمەشدا،

شتێ لەو ڕووداوە مێژووییانە نێقبداتەوە، شتێکی سەیر نییە!
بەڵام با جارێ، لێرەدا هەڵوێستەیە بکەین، پەلەنەکەین، بەخێرایی سەری قایلبوون بۆ دوکتۆر نەلەقێنین. هەر لەبەرئەوەی، مێژوونووسێکی شارەزا، بەتوانا و ناسراوی وەک دوکتۆر، سەرەداوی گرێکوێرەی کلاقەی گرفتێکی مێژوویی، لەو چەشنەی بۆ کردووینەتەوە، ئیدی هەر لە خۆمانەوە و بێ بەڵگە، لە پشتی ملی بۆ بدەین و پشگیرییکەین.
هەرچەندە، بەم هەواڵە نوێیەی دوکتۆر، هێندێ لە ڕووناکبیر و نووسەران، تووشی دڵەڕاوکە، دڕدۆنگیی و ڕاڕایی دەبن، بە چاوی گومانەوە لە مێژووی نەتەوەکەمان دەڕوانن، وایانلێدێ، بیربکەنەوە، پتر بە دوای ڕاستییەکاندا بگەڕێن. لەگەڵ ئەوەشدا، دوکتۆر هەوڵیداوە، تاڵەمووی باریکی ملی خۆی، لە دەس چەقۆی تیژی مێژووی تاوانباریی ڕزگاربکا. بەڵام هێشتا زووە و زۆری ماوە، ئەو ڕاستییەی دوکتۆر دەیەوێ، بڕوامان پێبهێنێ، بە تەواویی لە نێو بیر و هۆشی خوێندەوار و نووسەران بە تایبەتیی و کۆمەڵانی خەڵک بە گشتیی، جێگەی بکاتەوە و وەک ڕاستییەکی بێ چەندوچوون بیچەسپێنێ. چونکە :
1. تا ئێستا، هەموو سەرچاوە مێژووییەکانی وەک (یادداشتەکانی ڕەفیق حیلمی، جیم دی ئەحمەد خواجە ... تاد)، کە نووسەرەکانیان لەو ڕۆژگارانەدا، لە نێو جەرگەی کارەساتەکاندا ژیاون، ئەو ناپاکییەی مرشیر ئاغایان لە نووسینەکانی خۆیاندا تۆمارکردووە، تا دوارۆژەکانی ژیانیشیان، لێی پەشیمان نەبوونەتەوە و هیچ کەسێکیشیان پاکانەیان بۆ نەکردووە. با بزانین، ئەو دوو نووسەرە، لەو بارەیەوە چیمان بۆ دەگێڕنەوە؟
مامۆستا رەفیق حیلمی، لە یادداشتەکانیدا دەڵێ: (لەم دەربەندەوە کە بە لەشکری شێخ مەحموود تەنرابووەوە و گیرابوو، تێپەڕین بۆ لەشکرەکەی ئینگلیز شتێکی ئاسان نەبوو. « شێخ مەحموود »یش ئەوەی بە بیرا نەئەهات، کە لە لایەکی ترەوە بتوانن، لە دەربەندەوە تێپەڕن و هەڵمەتیان بەرنەسەر. چونکە لە زەمانی ئاسوورییەکانەوە تا ئەو ڕۆژە، هەر لەشکرێکی دوژمن ڕووی کردبێتە ئەم وڵاتە، تا لە شەڕی ئەم دەربەندە سەرنەکەوتبێ، نەیتوانیوە پێ بنێتە ئەو دیوی شاخەکەوە. بەڵام بە « ڕابەر »ی « مرشیری

حەمەی سلێمان »، یەکێک لە ڕەئیسە بەگزادەکانی « هەمەوەند »، کە ساردی و ناکۆکیی لەگەڵ « شێخ مەحموود » هەبوو، بەشێک لە لەشکرەکەی ئینگلیز، بەیانییەک پێش هەتاوکەوتن و لە ڕێگەیەکەوە بە بیری کەسا نەهاتبێ، لە لای ڕاستی دەربەندەوە بە شاخەکانا سەرکەوت. لە سفیدەی بەیانا و لە کاتێکا کە شێخ مەحموود لە بەردەمی دەربەندەوە بە تەمابوو، هەڵمەت بەرنەسەری، لە پشتەوە دەورەیان دا.)«7،124-125».

لێرەدا مامۆستا حیلمی، تەنیا باسی ناپاکییەکەی موشیرئاغا و دەربەندی بازیان دەکا. هەروەها دوکتۆریش هەر باسی ئەو ڕووداو و شوێنە دەکا. بەڵام « ئەحمەد خواجە »، جگە لە جەنگەکەی دەربەندی بازیان، لە چەند جێگایەکی دیکەی بیرەوەرییەکانیدا، ناوی موشیری هەمەوەند دەهێنێ، باسی پەلاماردان و هێرشەکەی « تاسلوجە »ش دەکا، بە چ شێوەیە، ڕۆڵی ناپاکانەی خۆی تێدا بینیوە.

دوای ئەوەی، ئەحمەد خواجە، تابلۆیەکی ڕەنگاورەنگی، چۆنێتی شەڕەکە و ئازایەتی بێچووە شێراتی کوردمان بۆ دەکێشێ، پاشان باسی موشیر ئاغا دەکا و دەڵێ:(تا پاش نیوەڕۆ، تاسلوجە بوو بە گۆڕستانی ئەو سوپایە و گیاندار لە دوژمن بڕا. وا ئەزانم، زابتێک لەگەڵ مشیری حەمەی سلێمانی هەمەوەندا ڕزگاری بوو.)«1،41» ئەمە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، موشیر ئاغا لە شەڕی تاسلوجەدا بەشداریی کردبێ، کە چەند ڕۆژێ پێش شەڕی دەربەندی بازیان ڕوویدابوو. پاشان لە جێگایەکی دیکەدا دەڵێ:(لەو کاتەدا، کە لە لای حاجی سەیید عومەر بووم، پیاوێکی شاڵ سەوز بەسەریان هێنا. لە ناو پێڵاوەکانیا نامەیەک دۆزرابۆوە، دایە دەستم، فەرمووی چی نووسراوە؟ ئەمە بوو: لە ع. بۆ م. ئەژمون خ ناچێت. پێی وت: ئێرە مراوی لە وشکی مەلە ئەکەیت، ئەمە چییە؟ وتی سێ زابت دایانمێ، کە بیبەم بۆ مشیر ئاغا. وتیان هێنێ خواردن ناچێت.)«1،45» ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخا، موشیر ئاغا نەک هەر لە شەڕەکاندا بەشداریکردووە، بەڵکوو تۆوی سیخوڕیشی ڕێکخستووە.

دەربارەی جەنگەکەی دەربەندی بازیانیش دەڵێ:(لە ژێر جڵەوکێشیی مشیر ئاغای هەمەوەندا، کە بە فەرمانی حوکمداری کوردستان کرابوو بە سەرۆکی

هێزی چەمچەماڵ، لە لاڕێی چیای دەربەندەوە، لە چەپ و ڕاست و ڕووبەڕوو، بە هێزێکی سوارەی گیان بەلاشی هیندییەوە، بە سێ لێشاوی بەدبەختی و خوێنمژ، لە ناکاو و سپیدەی عاسماندا هێرشیان هێنا.)«1، 47-48». پاشان دەڵێ:(لەسەر پیشاندان و پەیامی مشیر ئاغا، بە بریندارێی شێخ مەحموود لەگەڵ شێخ حەمە غەریب بە یەخسیر گیران و بران بۆ بەغداد و دوایی جەنگیش هات.)«1، 48».

هەڵبەتە شێخ مەحموود خۆی، لەو کاتەدا موشیر ئاغای دیوە، بۆیە ئەم قسەیە باسدەکرێ، ئەگینا چۆن موشیر، شێخی پیشانی ئینگلیزەکان داوە؟!!

وا بزانم، ئەم چەند کۆپلەیەی لەو دوو سەرچاوەیەوە وەرمانگرت، گەواهی ئەوە دەدەن، موشیر ئاغا لەو سەردەمەدا، پێوەندیی بە ئینگلیزەکانەوە هەبووە و دژی لەشکرەکەی شێخ مەحموود لە کاردابووە. ئەو دوو پیاوەش، خوێندەوار و ڕووناکبیری سەردەمی خۆیان بوون، لەو باوەڕەدانیم، شتێکی تایبەتیشیان لەگەڵ موشیر ئاغادا هەبووبێ، تا ئەو بوختانانەی بۆ هەڵبەستێنا

2 . ڕاستە وەک دەمەوێ دەگێڕنەوە و دەڵێن: موشیر ئاغا لە پێشدا، لەگەڵ شۆڕشگێڕەکان بووە، پاشان لەگەڵ شێخ مەحمووددا تێکچووە، بۆیە پەنای بۆ بەر ئینگلیزەکان بردووە. بەڵام جگە لەوەی، هیچ شتێ پاساوی ناپاکیی نادا، تا ئێستاش، چ بە دەمی و چ بە نووسین، لە مێژووی کورددا نەبیسراوە، دوای ئەو ڕووداوە، کەس بە نیشتمانپەروەر باسیکردبێ.

3. هێشتا خوێندەوار و نووسەرانمان، بە تەواویی هەموو کونوقوژبنی نووسراوەکانی مێژوویان نەپشکنیوە، هەموو بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی بریتانیا، بە دوای ئەو ڕووداوەدا نەگەڕاون. تەنانەت دوکتۆر خۆشی، زۆر لەو کارە دڵنیانییە، بۆیە داوا لە ڕووناکبیر و نووسەران دەکا، بۆ دڵنیایی تەماشای بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی بریتانیا بکەن و دەڵێ:(ئەم باسەی موشیری حەمەی سلێمان پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی قووڵە.)«5، 10».

هەروەها دەڵێ:(خۆزگە ئەو کوردانەی لە هەندەرانن، بە وردی لە ناو فایلەکانی وەزارەتی مەستەعمەرات و فەرۆکەوانیی بریتانیادا بە دوی ئەم باسەدا دەگەڕان، چونکە من هەموویانم لەبەر دەستدا نییە.)«5، 10».

کەواتە پێویستە بزانین، ئەو ئەرشیفە دەوڵەمەندەی بریتانیا، چی دیکەی لەسەر ئەو ڕووداوە بە تایبەتیی و لەسەر کێشەی کورد بە گشتیی، لە نێو هەناوی خۆیدا حەشارداوە، تا ئەو کاتە بە بەڵگە و لێکۆڵینەوە، لە هەموو باری سەرنجەکان بدوێین، ئینجا پێویستە بڕیار بدەین!

4. پاشان دوکتۆر لەسەر باسەکەی دەڕوا و دەڵێ: (لەو سەدان بەڵگەنامەیەی ئەو ڕۆژگارە، کە من دیومن ناوی موشیری حەمەی سلێمان بە خراپی نەهاتووە. بە پێچەوانەوە، لەم چەندانەدا لە بەڵگەنامەیەکدا، وەک کوردپەروەرێک ناوی هاتووە. یەکێکە لەوانەی سەرەتای سییەکان داوای مافە ڕەواکانی کوردی کردووە.) (5،10)

دەمێ، لێرەدا ئەوە بڵێین: مەرج نییە، کاتێ دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان، بە چاکە باسی کوردێکیان کرد، بە نیشتمانپەروەر لە قەڵەمیاندا، ئیدی ئەوان ڕاست بکەن و ئێمەش باوەڕیان پێبکەین. چونکە پێویستە، بزانین، بۆچی بەو شێوەیە، بە شانوبازوویدا هەڵدەدەن و بە نیشتمانپەروەری دادەنێن؟ ئایا ئەو سەردەمەی خوارووی کوردستان، لە لایەن ئیمپریالیزمی بریتانیاوە داگیرکرابوو، خەسڵەتی نیشتمانپەروەریی، بە چ سەنگ و تەرازوویەک دەکێشرا؟ نیشتمانپەروەریی لای ئینگلیزەکان چی دەگەیان؟ ڕەنگوبۆی چۆن بوو؟ کێ ئەو مافەی هەبوو، ئەو ناسنامە گرنگە بە خەڵکی ببەخشێ؟ ئینگلیزەکان یا نووسەر و شۆڕشگێڕەکانی کورد بۆیان هەبوو، بڕیار بدەن، نیشتمانفرۆش لە نیشتمانپەروەر، ناپاک لە پاک، ڕەش لە سپی جیابکەنەوە؟ جگە لەوانەش، گەر موشیر، بە ڕاستیی پیاوی ئینگلیز بووبێ و ناپاکیی لە شۆڕشەکەی شێخ مەحموود کردبێ، مەرج نییە، هەموو کاتێ، داگیرکەر فایلی ناپاکیی پیاوەکانی خۆی، بۆ خەڵکی ئاشکرابکا و پەردەیان لە ڕوو هەڵماڵێ، تا ئاوی نێوچەوانیان نەتکێ و خەڵکی دیکەی پێ بەچەترسێن نەبێ.

هەروەها، لە مێژووی کۆن و نوێی کورددا، چەندین نموونەی ناکۆکیی و ناپاکیی، لەو بابەتەی موشیر ئاغامان هەیە. هێندێ کەس لە سەرەتادا، نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕ بوون، پاشان ناپاکییان لە خاک و نەتەوەکەی خۆیان کردووە. هێندێکی دیکەش، هەر لە بنەڕەتدا خۆفرۆشبوون، بەڵام

پاشان هۆشیان بە بەر خۆیاندا هاتۆتەوە، وازیان لە ڕێگای ناپاکیی و دوژمنایەتی نەتەوەکەیان هێناوە، بەرانبەر بە داگیرکەری بیانیی ڕاوەستاون و ڕاپەریوون. تەنانەت هێندێکیشیان لەو ڕێیەدا، گیانی پاکیان بە دایکی نیشتمان بەخشیوە و لە سێدارەدراون، بە خوێنی گەش و ئاڵیان، پەڵە چڵکنەکانی ناپاکیی ژیانی خۆیان شتۆتەوە، بەو شێوەیە باجی ناپاکیی خۆیان داوە. بۆ نموونە « بەزدانشێر » ناپاکیی لە شۆڕشەکەی « میر بەدرخان بەگی بۆتان »کرد، لەگەڵ سوپای تورکدا، پەلاماری شۆڕشگێڕەکانیان دا و ئاگری شۆڕشەکەیان کوژاندەوە. کەچی هەر هەمان « یەزدانشێر »ی ناپاک بوو، دوای ماوەیە، گەورەترین شۆڕشی دژی تورکە عوسمانییەکان بەرپاکرد. بەپێی بۆچوونی، هێندێ لە نووسەر و مێژوونووسان، بڵێسەی شۆڕشەکەی « یەزدانشێر »، لەوەی « میر بەدرخان »، گەلێ بەتینتر و گەشەدارتربووە، لە زۆر ڕووەوە، ڕێکوپێکتر، بەهێزتر و پێشکەوتووتر بووە.
ئەوە جگە لەوەی دەتوانین، لەو بارەیەوە، چەندین نموونەی زیندووی دیکەی نوێ، لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، لەسەر سەرانی ئەوڕۆی کورد بهێنینەوە. ئەمە گەر شتێ بگەیەنێ، تەنیا ئەوەیە، مرۆڤ لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی خۆیدا لێهەڵدەوەشێتەوە، قاچی بەرەو لێواری چاڵی ڕەشی ناپاکیی هەڵخزێ و ناپاکیی لە خۆی، ڕێکخراوەکەی و نیشتمانەکەی بکا. لە هەمان کاتیشدا بۆی هەیە، لە قۆناغێکی دیکەی ژیانیدا، بیری لە خراپەکاریی و ناپاکییەکانی خۆی بکاتەوە، وەک نیشتمانپەروەرێ سەرلەنوێ تێهەڵچێتەوە، لە پێناوی ئازادیی، سەربەخۆیی و سەرفرازیی گەل و نیشتمانەکەیدا تێبکۆشێ و قوربانیبدا. جا مۆشیر ئاغاش لەم یاسایە، بەدەرنەبووە و بەدەرنییە. گەر لە سەردەمی شێخ مەحمووددا، دەمێ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا تێکەڵاوکردبێ، تەنیا بۆ ئەوەی پشتی شێخ لە زەوی بدا، دوورنییە، لە سییەکاندا پەشیمانبووبێتەوە، وەک دوکتۆریش دەڵێ: داوای مافە ڕەواکانی کوردی کردبێ! بەڵام جارێ ئەو گریانە، لە لاپەڕەکانی مێژووی ئەم هەشتا ساڵەی دوایی کورددا، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ، تا ئەو ڕووداوە بە تەواویی ڕوونەبێتەوە، تا بەڵگەی نیشتمانپەروەریی ئاغامان دەستەکەوێ، هەر وەک هەموو ناپاکێکی دیکەی نەتەوەکەمان تەماشادەکرێ.

پاشان دوکتۆر بەڵگەیەکی دیکە دەهێنێتەوە و دەڵێ: (جەنراڵ فرێزەر
پێویستی نە بە موشیری حەمەی سلێمان، نە بە هیچ کوردێک بوو تا بە سەر
هێزەکەی شێخ مەحموودا سەر بکەوێ، هێزەکەی ئەو بریتی بوو لە دوو
لیوای پیادە و سوارەی سیخ و گورگەی شەڕکەری شاخاویی مەشقپێکراوی
پڕ لە چەک و تفاقی نوێ و ژمارەیەکی زۆر لە زرێپۆش و تۆپی هەمەچەشنە،
کە هاتبوونە جەنگی هێزێکی بچووکی بێمەشقی کەم چەک و تفاقی کۆن، کە
تەنیا باوەڕیان بە کەرامات و تەلیسمی گوللەبەندەکەی شێخ مەحموود بە
ڕادەی یەکەم و کوردایەتی بە ڕادەی چوارەم لە سەنگەری شەڕەکەدا کۆی
کردبوونەوە.) (5،10)
تاقیکردنەوەی مێژوویی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد، ئەوەمان بۆ دەردەخا،
ئەم بەڵگەیە بێ بنچینەیە و لە ڕاستییەوە دوورە. چونکە داگیرکەرانی
کوردستان، گەر لەوەش بەهێزتربووبن، گەر سوپاکانیان لەوەش گەورەتر
بووبن، گەر سەربازەکانیان لەوەش زیاتر مەشقیان پێکرابێ، گەر لەوەش
زیاتر چەکی جۆربەجۆری مۆدێرنیان هەبووبێ، وەک دوکتۆر باسیدەکا، ئەوا
هێشتا هەر پێویستیان بە یارمەتیی و چاوساغیی خۆفرۆشانی نێوخۆ
هەبووە. بۆ نموونە: سوپای داگیرکەری دەوڵەتی عێراق، کە وەک ئینگلیزەکان
سوپایەکی نامۆ و بیانیی نییە، زۆربەی زۆری سەربازەکانی، لە ڕۆڵە
ڕەشوڕووتەکانی گەلانی عێراق پێکهاتووە. دەوڵەتی عێراق، باشووری
کوردستان بە بەشێ لە خاکی خۆی و نیشتمانی عەرەب دەزانێ، واتا
شارەزاییەکی باشی لە کوردستاندا هەیە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، لەو ڕۆژەوە
ئەو دەوڵەتە عەرەبییە دامەزراوە، هەر کاتێ ڕاپەڕین و شۆڕشێکی
چەکداریی، لە باشووری کوردستاندا بەرپابووبێ، سەرانی ئەو دەوڵەتە
داگیرکەرە، هەمیشە پەنایان بۆ بەر پوازی کوردیی و خۆفرۆشانی نێوخۆ
بردووە، تا هێرش بۆ سەر بنکە و سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کورد بەرن.
چونکە هەمیشە لە هێزی پێشمەرگە ترساون، ویستوویانە، بە کەمترین
زیان، شۆڕشەکە جوانەمەرگ بکەن. لەبەرئەوە، هەمیشە پێویستیان بە
جاشەکورد هەبووە، تا وەک چاوساغێ پێشیانکەون، ڕێگایان پیشاندەن،
لەگەڵ ئەوەشدا، سەردەمەکەش گەلێ گۆڕاوە، چەکی باشتر و فڕۆکەی

جەنگیی مۆدێرنیشیان هەیە، ئەو نەخشانەی(هەموو شار و شارۆچکە و گوند و شاخ و داخ و گرد و تەپۆلکە و دارستان و گۆم و ڕووبار و جۆگەی کوردستانیان بست بە بست پێوابوو)«5.10»، دوێنێ لای ئینگلیزەکان دەستدەکەوتن، ئەمڕۆ هەمان نەخشە و بگرە باشتریش، لای داگیرکەری دەوڵەتی عێراقیش چنگدەکەون.

ئەوە جگە لەوەی، هەمووی چەند ڕۆژێ، پێش ئەوەی ئەو جەنگەی دەربەندی بازیان ڕووبدا، شۆڕشگێڕەکانی کورد لە تاسلوجە، پەلاماری سوپای داگیرکەری ئینگلیزیان دا. جگە لە کوژراو و بریندار، وەک دوکتۆر خۆشی دەڵێ:(لەو شەڕەدا ئینگلیزەکان شکان. بەپێی سەرچاوەکانی خۆیان چوار زرێپۆش و نۆزدە ئۆتۆمبیلی ئۆردیان تێکشکێنران.)«5.10» جا ئیدی خەڵکینە هەر خۆتان بڵێن، هێزێکی وا کەم، بە چەند پارچە چەکێکی کۆنەوە، لە بەرزاییەکی وەک تاسلوجەدا، پەلاماری سوپایەکی گەورە و پڕ چەکی مۆدێرنی ئینگلیزیان دابێ،(کە لە تفەنگی پەڕپووتی ماوزەر و برنە و چەقۆ و خەنجەر و توورەکەیەک نانەوشکە بەولاوە هیچی تریان پێ نەبووبێ)«5.10»، تەنیا پشت و پەنایان، تەنیا سەرچاوە و قەڵەمی هێزی دەس و ئەژنۆیان، هەر خۆیان بووبێ، وەک دوکتۆریش خۆی گەواهییان بۆ دەدا و دەڵێ:(تەنیا باوەڕیان بە کەرامات و تەلیسمی گوللەبەندەکەی شێخ مەحموود بە ڕادەی یەکەم و کورداپەتی بە ڕادەی چوارەم کۆی کردبێتەوە)«5.10» ئیدی دوای ئەو سەرکەوتنە مەزنەی کورد، دوای ئەو تێکشکاندنە بێتاموەی ئینگلیزەکان، دوای ئەو هەموو زیانە گەورەیەی، لە شەڕی تاسلوجەدا لە سوپای ئینگلیز کەوت، بۆچی دەبێ، ژەنەراڵ فرێزەر لە هێزی کورد نەترسابێ و پەنای بۆ بەر یەکێکی وەک مورشیر ئاغا نەبردبێ؟!!

بۆچی دەبێ، پێویستی بە مورشیری حەمەی سلێمان یا هیچ کوردێکی دیکە نەبووبێ، تا بە سەر هێزەکەی شێخ مەحموودا سەرکەوێ؟ ئایا دوژمنان و داگیرکەران، بۆ ئەوەی سەرکەون، هەموو هۆیە بەکارناهێنن؟ لە هیچ شتێ سڵدەکەنەوە؟ ئایا مارانگاز لە خشەی مار و مێروو ناترسێ؟!!

هەروەها دوکتۆر لە جێگایەکی دیکەی گوتارەکەیدا، دەربارەی هێزی شۆڕشگێڕەکان دەڵێ:(بە داخەوە، شێخ مەحموود بۆ ئەو کارە گەورەیەی بە

هەزار ناری عەلی و ئەمەسەر و ئەوسەر ئەوجا تواتیەووی سێ سەد چەکدارێک کوێکاتەوە.) «5.10». دیارە، گەر ئەم ژمارەیەی دوکتۆر باسیدەکا، لە بەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەکاندا هەن، بەراوردیانبکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ، ڕاست نییە. چونکە وەک سەرچاوەکان بۆمان دەگێڕنەوە، هێزەکە گەلێ لەوە زیاتر بووە. شێخ مەحمود هێزەکەی خۆی بە سەر سێ دەستەدا دابەشکردووە. دەستەی یەکەم لەگەڵ شێخ قادری برای لە نزیک چەمچەماڵ، دەستەی دووەم لەگەڵ مەحمود خانی دزلی لە نزیک قەرەهەنجیر و دەستەی سێیەمیش لەگەڵ خۆیدا لە دەربەندی بازیان بوون. هەر بە تەنیا ئەو هێزەی شێخ قادر سەرپەرشتی کردووە، لەو ژمارەیە پتربووە. لەو بارەیەوە، مامۆستا حیلمی دەڵێ: (« شێخ مەحمود » فەرمانی دا بە « شێخ قادری » برای کە دەسبەجێ بە خۆی و «500» سواری کوردەوە بچێتە« پێە » کە ئەکەوێتە «4» میل ئەو لای باکووری چەمچەماڵ.) «121.7»

بۆیە تا ئەو ڕۆژەی، هەموو ڕاستییەکان بۆ جەماوەری گەل، بە تەواوی ڕووندەبنەوە، بەڵگە مێژووییەکان دەیسەلمێنن، ئەو دید و بۆچوونانەی دوکتۆر کەمال، هەروا لە خانەی گوماندا دەمێننەوە. لەبەرئەوە، با زۆر زوو بڕیارنەدەین، پەلەنەکەین، چونکە گەر پەلە لە تاوانبارکردنی موشیردا کرابێ، ئەوا پێویستناکا، پەلە لە سڕینەوەی ئەو تاوانەدا بکرێ، تا جارێکی دیکەش بە هەڵەدا نەچینەوە، سەرلەنوێ تاوانباری بکەینەوە و دیسانەوە لە بۆچوونەکانمان پەشیمانبینەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دوکتۆر کەمال کارێکی گەلێ چاکی کردووە، چونکە لە دەرگای باسێکی مێژوویی وا گرنگی داوە، ئەو دەرگایەشی لە بەردەمی ڕووناکبیر و نووسەرانی کورددا، لە سەر گازی پشت بە ئاواڵەیی بەجێهێشتووە.

هەڵبەتە کارێکی زۆر پێویست و ڕەوایە، گەر هەموو کاتێ، بە چاوی گومانەوە لە هەموو شتێ بڕوانین، بە دوای ڕاستیدا بگەڕێین، هەوڵبدەین، هەڵەکانمان ڕاسکەینەوە، پەڵەی تاوانە ڕەش و چڵکنە مێژووییەکان، بە بەڵگەی ئەکادیمیانە بشۆرینەوە، دەسی ناپاکەکانی مێژوو، بۆ ڕۆڵەکانی گەل ئاشکراکەین، ناویانبزڕێنین و لە قاویانبدەین. لە هەمان کاتیشدا، ئەو

کوردانەی بە خۆڕایی، سوکایەتییانپێکراوە، تاوانی ناپاکییان وەپاڵخراوە و ناویان لەکەدارکراوە، زۆر بە دڵپاکیی و لەخۆبووردنەوە، داوای لێبووردن لە گیانی پاکی خۆیان و نەوەکانیان بکەین و بە چاوی ڕێزەوە تەماشایانبکەین.
وەک دەڵێن، مێژوو لە قۆناغە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، هەر خاوەن دەسەڵاتە بەهێز و تواناکان نووسیویانەتەوە و دەشینووسنەوە. بەڵام مەرجنییە، ئەو مێژووە مێژوویەکی ڕاستودروست بێ، ئاوێنەیەکی بێگەرد و بالاغای ڕووداوەکانی، سەردەمە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگەیەبێ. بۆیە دەبێ، ڕووناکبیر و نووسەرانی کوردیش، بەندێ لەم ڕووداوانەی سەردەم وەربگرن، بە چاوی ویژدان و ڕاستییەوە لە مێژوو بڕوانن، بە شێوەیەکی ئەکادیمییانە، لاپەڕەکانی مێژووی کورد بڕازێننەوە، پەنا بۆ ئەرشیف و بەڵگەنامەکانی کورد و بیانیی بەرن، بە دەسپاکییەوە بیانگوێزنەوە و بەکاریانبهێنن، دوور لە گرێوگۆڵی سایکۆلۆژیی، بەرژەوەندیی تایبەتی تاکەسیی، بنەماڵەیی و ڕێکخراوەیی، مێژووی نوێی کورد، بۆ نەوەکانی داهاتوومان، وەک چۆن هەیە، هەر بەو شێوەیەش تۆماربکرێ، ئەگینا مێژوویەکی زۆڵەک و پڕ لە درۆدەلەسەی لێ دەردەچێ. گەر ئەوڕۆش ڕووناکبیر، نووسەر و مێژوونووسان، لە بەر هەر هۆیە بێ، چاو لە ڕاستییەکان بنوقێنن، ئەوا زۆر دڵنیام، لە پاشەڕۆژدا، ڕۆڵە شارەزا و بە ئەمەکەکانی کورد، هەموو هەڵە مێژوویی یەکان ڕاستدەکەنەوە، مێژوویەکی ڕاستەقینە و گەشاوەی کوردمان بۆ تۆماردەکەن.

1998/08/08

تێبینی :
دەقی ئەو کۆبلاتەی لە(یادداشت و چەم دی) یەوە وەرگیراوون، دەسکاریی ڕێنووسەکەیم کردووە، بەو شێوەیەی لەگەڵ ڕێنووسی ئەمڕۆدا بگونجێن.

قەرز کۆن دەبێ، بەڵام نافەوتێ!

دوای ئەوەی بەلشەڤیکەکانی ڕووس، بە سەرکردایەتی لینین، (17/ئەکتۆبەری/1917)دا، کۆدەتا خوێناوییەکەیان بە سەرکەوتوویی ئەنجامگەیاند، دوا تزاری ئیمپراتۆریای ڕووسیا (نیکۆلای ئەلێکساندەرە ڕۆمانۆف، 1894-1917)یان ناچارکرد، واز لە دەسەڵات و فەرمانڕەوا بهێنێ. بەڵام لینین بەوەش وازی لێ نەهێنا، بەڵکوو هەموویان گرتن، پاش بە شێوەیەکی ناڕەوا، خۆی، هاوسەرەکەی، منداڵەکانی، پزیشکی تایبەت خێزانەکەی و چەند دەستوپێوەندێکیان گوللەبارانکردن. دوای ئەو لاشەکانیشیان بە تێزاب سووتاندن، هەر بە کۆمەڵ لە گۆڕێکدا شاردیانەوە ئێمە لێرەدا، لە هۆکارە سەرەکییەکانی، ئەم کردەوە خراپەی کۆمۆنیستەکا ناکۆڵینەوە، چونکە ئەوە کاری ئێمە نییە و دادگای مێژوومان بۆ لینین هاوڕێکانی دانەناوە. بەڵام ئەوەی تا ئێستا، لە دووتوێی پەرتووکەکا نووسراون، لە سەر زاران و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکیدا بڵاوە، ئەوەیە کۆمۆنیستەکان دەیانویست، بە یەکجارەکی کۆتایی بە دەسەڵاتی بنەماڵ ڕۆمانۆف بهێنن، لاپەڕەیەکی نوێ، لە مێژووی نەتەوەی ڕووسدا هەڵبدەنەوە

دەسەڵات لە دەس کۆلاک، بۆرژوا و سەرمایەدارەکانی ڕووس بسێنن، دەوڵەتی کرێکار و جوتیار دامەزرێنن، ژێرخانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ڕووس بگۆڕن، سیستێمێکی نوێی ئابووریی، لە گشت ڕووسیا و وڵاتەکانی بندەستیدا بچەسپێنن.

هەرچەندە وا باربوو، لینین لەو باوەڕەدابوو، تا یەکێ لە بنەماڵەی ڕۆمانۆف لە ژیاندا بمێنن، مەترسییەکی گەورە، بۆ سەر پاشەڕۆژی شۆڕشە پرۆلیتاریاکەیان پەیدادەکا. دوورنییە، ئەو بنەماڵەیە دەسەڵات پەیداکەنەوە و تۆڵەی خۆیان بسەننەوە، دواتریش هەموو نەخشە و پلانەکانی لینین و هاوڕێ بەلشەفیکەکانی پوچکەنەوە. لەبەرئەوە، لینین بڕیاریداوە، بە یەکجاریی و بۆ تاهەتایە، پاکتاویانکا. بەڵام ئەز لەو باوەڕەدام، گەر ئەو بۆچوونەش ڕاستبێ، ئەوا بەشێکی زۆری هۆی ئەو کۆکوژییە، بۆ تۆڵەسەندنەوە دەگەڕێتەوە. چونکە (برا گەورەکەی لینین، ئەلێکساندەر ئیلیچ ئولیانۆف، لە ڕێکخراوێکی چەپی تیرۆریستی وەک نەرۆدنەیا ڤۆلیادا - ویستی گەل - کاری دەکرد. لە 1/مارسی/1887دا، یەکێ بوو، لەوانەی بەشداریی لە هەوڵی کوشتنی ئەلێکساندەری سێیەمی تزاری ڕووسیادا کرد. دوای ئەوەی ئەلێکساندەر ئولیانۆف گیرا، لە 8/مای/1887دا، لە سێدارەیاندا.) «18، 34-35»، دیارە، ئەو ڕووداوە لە ژیانی لینین و بنەماڵەکەیدا، هەروا ڕووداوێکی کەم بایەخ نەبووە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، تا ڕادەیەکی زۆر، کارێکی تەواوی لە هەست و هۆشی لینین کردووە، پەیوەندییەکی توندی، بە باری دەروونیی خودی لینین خۆیەوە هەبووە، لە دڵ و دەروونی لینیندا، گرێیەکی سایکۆلۆژیی گەورەی، بەرانبەر بنەماڵەی ڕۆمانۆف دروسکردووە. بۆیە لە ژێر پەردەی لەنێوبردنی دەسەڵاتی بنەماڵەی ڕۆمانۆف و پاراستنی شۆڕشەکەیدا، بەو شێوە تراژیدیی و درندانەیە، درەختی ئەو بنەماڵەیەی لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکێشاوە.

ئەم کارە، لە سەردەمی خۆی و تا دوارۆژەکانی دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان لە یەکێتیی سۆڤیەت، بە کارێکی باش و شۆڕشگێڕانە لە قەڵەمدەدرا. بە شێوەیە کەسێ نەبوو، دەنگ بەرزکاتەوە و بتوانێ، بڵێ: ئەم تۆڵەسەندنەوەیە لەگەڵ باوەڕی ئاسمانیی و زەمینیدا ناگونجێ، لەگەڵ ڕەوشتی کۆمەڵگەی

مرۆڤایەتیدا ئاگرکەی! چونکە کاتێ، یەکێ خۆی بە دەسەوەدەدا و واز لە دەسەڵات دەهێنێ، ئیدی نابێ، بەو شێوەیە سزای خۆی، منداڵ، دەسوپێوەندەکانی بدرێ و گوللەبارانکرێن. پاشان بە مردووییش وازیان لێ نەهێنرێ، لاشەکانیان بە کەرەسەی کیمیاویی بشێوێندرێ.

هەرچەندە، ماوەیەکی زۆر بە سەر ئەم کارەساتەدا تێپەڕیوو، بێ ئەوەی کەسێ لە ڕاستیی ئەو ڕووداوە ئاگاداربێ، تا لە ساڵی(1990)دا، کۆمارە یەککرتووەکانی یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشانەوە، پارتی کۆمۆنیست لە دەسەڵات کەوت. ئیدی کۆمەڵانی خەڵک، وەک شارە زەردەواڵە ورووژان، لەوە زیاتر نەیانتوانی، لە ئاستی کارەساتەکاندا بێدەنگبن. ژۆرنالیست و شارەزایانی مێژوو، بە سەرانسەری دەوڵەتی سۆڤیەتدا بڵاوبوونەوە، لاپەڕەی کۆن و نوێی مێژووی ئیمپراتۆریای سۆڤیەتیان هەڵدایەوە، زۆر بە کوڵودڵەوە، بە دوای هەواڵەکاندا دەگەڕان، کونوقوژبنی ئەرشیڤی دەزگا جۆربەجۆرەکانی دەوڵەتیان دەپشکنی و وەک مریشک چینەیان تێدا دەکرد. پاشان پەردەیان لەسەر، هەموو هەڵەوبەڵە و تاوانەکانی کۆمۆنیستەکان لادا، چەندین دەکۆمێنتی گرنگیان دۆزییەوە، ڕۆژبەڕۆژیش لە بەرەوە بڵاویاندەکردەوە و کۆمێنتاریان لە سەر دەنووسی.

لەو سەردەمانەدا، هەر زوو تاوانەکانی کۆمۆنیستەکان، بەرانبەر ڕۆڵەکانی گەلانی سۆڤیەت لە قاودرا. بە تایبەتیی دەنگوباسی « تیرۆری سوور »، کە لە سەردەمی لینیندا دەسپێکرد و لە سەردەمی ستالینیشدا، لە چلەپۆپەیان تێپەڕاند، بە تەواویی گشت وڵاتەکانی سۆڤیەت و سەرانپای جیهانی تەنییەوە. جگە لەوەی بە میلیۆنان خەڵکی بێچارەیان، لە کەمینەنەتەوەیی و گەلانی جیاجیای نێو سنووری چوارچێوەی ئیمپراتۆریای سۆڤیەت، دەربەدەر و پەرشوبڵاوکردەوە، لە زێدی خۆیان هەڵیانکەندن و ڕاپانکوێزان، گرتووخانە و زیندانەکانی سیبیریایان، لە خەڵکی بێدەرەتان پڕکرد، چەندین میلیۆن کەسی بێتاوانیان گوللەبارانکرد. بەپێی هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی، مێژوونووسان، زانایانی کۆمەڵناسیی، پۆلێتیککاران و نووسەرانی یەکێتی سۆڤیەتی هەڵوەشاوە، پیشانیان داوە،(لە سەردەمی ستالیندا، نزیکەی 40 میلیۆن کەس لەناوبراوە.)«63،3».

یەکێ لەو فایلە کۆنانەی، دوای ئەم ڕووداوانە سەرلەنوێ هەڵدرایەوە، کارەساتی لەنێوبردنی بنەماڵەی ڕۆمانۆڤ بوو. هەر زوو دەنگوباسەکە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە، وەک دەکومێنتێ لە تێلیڤیزیۆندا پیشاندرا. دوای ئەوەی گۆڕەکەیان دۆزرایەوە، لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ، زانایانی ڕووس و بیانیی، لە سۆراخی ساغکردنەوەی پاشماوەی ئێسکەکانیان دان، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن، ئایا ئەو چەند پارچە ئێسکەی دۆزراونەتەوە، پەیوەندیی بە بنەماڵەی ڕۆمانۆڤەوە هەیە؟

هەر لەساڵی(1992)ەوە، دەمەتەقێیەکی زۆر توند، لە لایەکەوە لە نێوان پیاوەکانی کەنیسە، کۆمۆنیستەکان و کاربەدەستانی دەوڵەت، لە لایەکی دیکەشەوە، لە نێوان کۆمەڵانی خەڵکدا دروستبوو. پرسیارێ لە گۆڕێدا بوو، ئەویش ئەوە بوو، ئایا تەرمەکانیان بۆ گۆڕستانی تایبەتیی تزارەکان بگوێزرێنەوە؟ ئایا شایانی ئەوەن، لە تەنیشت گۆڕی باوباپیران و کەسوکاریانەوە، بە ڕێزەوە بنێژرێن؟! ئەوە بوو، دوای ئەوەی، بە هۆی هێندێ لە زاناکانی جیناتەوە سەلمێندرا، لە(90%) ئەو ئێسکانەی دۆزراتەوە، بۆ بنەماڵەی ڕۆمانۆڤ دەگەڕێنەوە، ئیدی بڕیاریاندا، زۆر بە ڕێزەوە بگوێزرێنەوە و لە شاری « پیترسبۆرگ » لە کەنیسەی « پیترۆپاڵۆڤسکەیا »دا بنێژرێن.

هەرچەندە کۆمۆنیستەکان لەو سەردەمەدا، بە کردەوە کۆتاییان بە دەسەڵاتی بنەماڵەی ڕۆمانۆڤ هێنا، لە بنوبێخەوە دەسەڵاتی ڕامیاریی، سەربازیی و ئابووریان هەڵکێشان. بەڵام وا دیارە، بیریان لەوە نەکردبۆوە، ڕۆژێ لە ڕۆژان ناتوانن، تا سەر ڕاستیی لە جەماوەری گەل بشارنەوە، چونکە لە ڕووی مەزاڵێمی و ویژدانەوە، تاوانێکی گەورەی مێژوویی یان، بەرانبەر ئەو بنەماڵەیە کرد. هەروەها تا ئەمڕۆش نەیانتوانیوە، ناو و ناوبانگی ئەو بنەماڵەیە، لە بیر و هۆشی نەتەوەی ڕووسدا ڕیشەکێشکەن. بۆیە دوای ئەوەی ئەمڕۆ، زیاد لە هەشتا ساڵی ڕەبەق، بە سەر ئەو کارەساتە خوێناوییەدا تێپەڕدەبێ، جگە لە کۆمۆنیستەکان، کە تا ئێستا لە سەر بەندوباوی خۆیان ماون، جارێکی دیکە هێندێ لە پیاوانی ئایین و کەنیسە، کاربەدەستانی دەوڵەتی ڕووسیای فیدراڵ و زۆربەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی

رووس، دانیان بەو تاوانەدا نا، داوای لێبووردنیان لە گیانی قوربانییەکانی بنەماڵەی رۆمانۆڤ کرد، پلەوپایەی کۆمەلایەتیی و رامیارییان بۆ گێرانەوە، زۆر بە رێزەوە، ئێسکەکانیان کۆکردنەوە، سەرلەنوێ بەپێی داب‌ونەریتی ئایینیی خۆیان، لە(1998/07/17)دا، بۆ کەنیسەیان گواستنەوە و لە تەنیشت باووباپیرانی خۆیانەوە ناشتیان. تەنانەت یەکێکی وەک د باریس نیکۆلایەڤیچ یەلتسن ەی سەرۆک کۆماری رووسیای فیدراڵ و هێندێ لە کاربەدەستانی دەوڵەت، بە شێوەیەکی رەسمیی، لەو رێورەسمەدا بەشداریانکرد. هەر لەو کاتەدا، « یەلتسن » داوای لە رۆڵەکانی نەتەوەی رووس کرد، ئەو خەباتە خوێناوییەی، نزیکەی یەک سەدە لە رووسیادا بەردەوامبووە، لە بیر خۆیانی بەرنەوە، تا یەکێتیی، برایەتیی و خۆشەویستیی، جێگای بگرێتەوە.
بەو شێوەیە دەبینین، لە لایەکەوە، دادگای مێژوو سزای تاوانباران دەدا. لە لایەکی دیکەشەوە، بۆمان روونده‌بێتەوە، ئەو مافەی بە ناڕەوا پێشێلدەکرێ، درەنگ بێ یا زوو، بۆ خاوەنەکانیان دەگەرێتەوە. کورد ڕاستی فەرمووە : قەرز کۆن دەبێ، بەلام نافەوتێ. بۆیە ئەو مافە رەوایەی، پتر لە هەشتا ساڵێ دەبێ، وەک مار لە گەردنی نەتەوەی رووسەوە ئالابوو، بۆ خاوەنەکانیان گەراندەوە. ئەو قەرزە کۆنەی لای کاربەدەستانی دەوڵەتی رووسیا بوو، هەرچەندە کۆنیش بوو، بەلام هەر نەفەوتا و دوا پەرەی مێژووی تاوانەکانیان هەڵدایەوە .
لە روانگەی ئەم رووداوە گرنگە مێژووییە وە دەتوانین، سێ وانەی گەلێ بایەخدار هەڵهێنجین :
1. مێژووی رووداو و کارەساتە میللییەکانی هەموو رێکخراوێ، گەلێ، نەتەوە و کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، هەروا بە ساختە تۆمارناکرێ. گەر لە سەردەمێکی دیاریکراویشدا، تاکە دیکتاتۆرێ یا رێکخراوێکی رەفتار فاشیی، بە ئارەزووی دڵی خۆی و بەپێی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی، چەند نووسەرێکی بەکرێگیراو، چەند پێنووسێکی خۆفرۆش راگرن، وەک دەیانەوێ، لاپەرەکانی مێژوویان بۆ رەشکەنەوە، بە پێداهەڵدان و ستایشکردن، مێژووی خۆیان، بنەماڵە و رێکخراوەکانیان بۆ برازێننەوە، بە

شێوەیەکی نارەوا، درۆ بۆ نەیارەکانیان هەڵبەستن، ڕاستییە مێژوویی
یەکانیان بۆ بشێوێنن، ناوەرۆکی پەرتووکە قەبە تەنگەنەستوورەکانیان، دژی
دوژمن و نەیارەکانی خۆیان بۆ بناخەن، مێژووی تێکۆشان، ڕابردووی
کەسێتیی و ڕابەرەکانی نەتەوەکەیان بۆ لەکەدارکەن، ئەوا جارێکی دیکەش،
ئەم ئەزموونە نوێیەی ڕووسیای فیدراڵ، ئەوەی بۆ سەلماندینەوە، لاپەڕەکانی
مێژوو، بە ئارەزووی چەند کەس و ڕێکخراوێ نانووسرێنەوە، شێواندنی
مێژوو بەو شێوەیە، تاهەتایە سەرناگرێ، پەتی درۆ کورتە و ڕاستیی بۆ
جەماوەری گەل هەر دەردەکەوێ، مێژووش بەو شێوەیەی هەیە و وەک گەل
دەیەوێ،، خۆی دەسەپێنێ و دەنووسرێتەوە، ئەگینا مێژوویەکی ساختە و
بێفەر دەردەچێ و بایەخی زانستیی خۆی لە دەستدەدا.
بۆیە هەرگیز ڕێکخراو و پارتە ڕامیارییەکان ناتوانن، بە شێوەیەکی
ئەکادیمیی، ڕووداوەکانی مێژوو تۆمارکەن، ناتوانن تاهەتایە مێژووی
کارەساتەکانی، قۆناغە جیاجیاکانی نەتەوەکە بشێوێنن، چونکە چاوی مێژوو
لە ئاستی هەڵە، تاوان و ناپاکییەکاندا تیژە، ڕۆڵە ڕووناکبیر و شارەزاکانی
نەتەوە، زیت و وریان و نەنووستوون، هیچیان لێ تێکناچێ، هیچیان بە
سەردا تێپەرنابێ، کەسیش لە دەس زەبری کوتەکی گورچکبڕی ڕاستەقینەی
مێژوو، دەربازنابێ. لەبەرئەوە، ڕۆژێ هەر دێ، هەموو ڕاستییەکان بۆ
ڕۆڵەکانی گەل دەرکەون، هەموو درۆودەلەسەکان ئاشکرابن، مێژووی
ڕاستەقینەی ڕابەر، کۆمەڵە، ڕێکخراو، پارتە ڕامیاریی و سەرجەمی
نەتەوەکە، بە شێوەیەکی ئەکادیمییانە، دادپەروەرانە، پڕ لە ڕاستپەرستیی،
بێ درۆودەلەسە و بوختان، بێ کەفوکوڵ و هەڵچوونی دەروون، دوور لە
بەرژەوەندیی تاکەکەسیی، بنەماڵە و ڕێکخراوەکانیانەوە، بێ ئەوەی هەست
و سۆزی نەتەوەیی کارێتێبکا، ئەو مێژووە پڕ لە سەروەرییە، بە هەموو
هەڵەوپەڵەکانییەوە، بە هەموو نوچدان و سەرکەوتنەکانییەوە، بە هەموو
لاپەڕە ڕەش و گەشەکانییەوە، وەک خۆی چۆن هەیە، هەر ئاواش بەو شێوەیە
تۆماربکرێ.
2. هەروەها ئەم ڕووداوە، وانەیەکی دیکەمان بیردەخاتەوە، ئەویش ئەوەیە،
بەری توندوتیژیی، توندڕەویی، بەرگیریی، کوشتنوبڕین و دیکتاتۆریی کورتە

و هەر کۆتایی دێ. هیچ گرفتێ بە جەنگی نێوخۆ و یەکدی سڕینەوە چارەسەرناکرێ، گەر بۆ ماوەیەکی کورت یا درێژیش، دەرگای ئەو تەنگوچەڵەمە نەتەوەیی، ڕامیاریی، ئابووریی و کۆمەڵایەتیيانە خەفەش بکرێ، ئەوا تا سەر ناتوانرێ، دەنگی جەماوەری گەل کپکرێ. بۆیە پێویستە، هەموو گرفتەکان بە شێوەیەکی دیموکراسیی، لە ڕێگەی دیالۆگی ڕامیاریی و دانوستانەوە چارەسەربکرێ. هەرگیزاوهەرگیز، پەنا بۆ بەر بەکارهێنانی چەک، یەکدی لەنێوبردن، کۆکوژیی و کودەتای سەربازیی خوێناویی نەبرێ.

3. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەم تاقیکردنەوە مێژوویی یە گرنگە، جارێکی دیکە ئەوەمان فێردەکا، ویست و ئارەزووی جەماوەری گەل، لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە، هیچ کاتێ هیچ دیکتاتۆرێ ناتوانێ، بەر بە کاروانی بەرەوپێشەوەچوونی گەل بگرێ، هەر کاتێ ڕۆڵەکانی گەل بیانەوێ، پەی بە ڕاستییەکان بەرن، بە هەر شێوەیە بێ، دەیسانپێیدەگا، بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ڕووندەکەنەوە، دەستی چەپەڵ و خوێناویی تاوانبارانیش ئاشکرادەکەن و بە سزای مێژوویی خۆیان دەگەیەنن. تەنانەت دوای مردنیشیان، هەر کەسە نامەی کرداری خۆی بۆ دەخوێندرێتەوە، وەک چەند جارێ لە مێژووی یەکێتی سۆڤیەتدا ڕوویداوە.

لێرەدا پرسیارێ سەردەردەهێنێ، ئەویش ئەوەیە، ئەم ڕووداوە مێژوویی یە نوێیەی ڕووسیا، چیمان بیردەخاتەوە؟! لە وەڵامدا دەڵێین: لە کاتێکدا، لە ڕێگای دەزگای هۆکانی ڕاگەیاندنی نێو دەوڵەتانەوە، گوێمان لەم هەواڵە دەبێ، تاقیکردنەوەیەکی نزیک لەو بابەتەمان بیردەکەوێتەوە.

دوای ئەوەی کودەتا سەربازییەکەی (14/یولی/1958) لە عێراق ڕوویدا، هێندێ لە دانیشتووانی شاری بەغدا و چەند پارتێکی ڕامیاریی عێراق، پەلاماری کۆشکی پاشایەتیيان دا، هەموو ئەوانەی دەستگیریانکردن، دەمودەس لەنێویانبردن. ئەو کاتە کۆمەڵانی خەڵک وایاندەزانی، بە لەنێوچوونی بنەماڵەی «شا فەیسەڵ» و دەستوپێوەندەکانی، هەموو شتێ کۆتاییدێ، بەهەشتی بەرین لە عێراقدا دادەمەزرێ، گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە!

بەڵام دوای ماوەیە، هەر ئەو جەماوەرە بۆی ڕوونبۆوە، ئەوەی چاوەڕوانیاندەکرد، وا دەرنەچوو، بەڵکوو جگە لەوەی غەدرێکی زۆریان، لەو بنەماڵەیە کرد، ڕۆژبەڕۆژیش، باروودۆخی عێراق بەرەو خراپتر ڕۆیی. بۆیە زۆربەی زۆری ئەو خەڵکە، پەشیمانبوونەوە و سەردەمی کۆنیان بە ئاوات دەخواست. تەنانەت سەرانی دەوڵەتی عێراق و پارتی بەعس، دانیان بەو هەڵەیەدا نا، سەرلەنوێ بە ڕێزەوە گۆڕەکانیان بۆ هەڵبەستنەوە. سەیر ئەوەبوو، خوێنڕێژێکی سادیزمی وەک سەددام حوسێن، خۆی بەپێی خۆی سەردانی مەزارگەکانیانی کرد.

کاتێ ئەم گوتارە بەم بۆنەیەوە دەنووسین، مەبەستمان ئەوە نییە، داکۆکیی لە دەسەڵاتی بنەماڵەی تزارەکان بکەین، بەڵکوو مەبەستمان ئەوەیە، هەموو گۆڕانکارییە لە سیستێمی ڕامیاریی، ئابووریی و کۆمەڵایەتیی هەر وڵاتێکدا، دەتوانرێ، بێ خوێنڕشتن و بەکارهێنانی زەبروزەنگ جێبەجێبکرێ. هەموو ئامانجەکانی گەل دەکرێ، بە شێوەیەکی دێمۆکراسی بەدیبهێنرێ. بەلشەفیکەکانیش، وەک دەسیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت، دەیانتوانی، ئەو بنەماڵەیە بەو شێوەیە پاکتاونەکەن. بەڵکوو لەبەرئەوەی، هەر زوو خۆیان بە دەسەوەدا و وازیان لە دەسەڵات هێنا، تەنها بەوە لێیانبگەڕانایە، بۆ وڵاتێکی دیکەیان دووربخستنایەتەوە، وەک چۆن دەسەڵاتدارانی نوێ، لە میسر «شا فاروق»، لە عێراق «عەبدولڕەحمان عارف» و لە زایری کۆن «مۆبۆتۆ سێسێسێکۆ»یان نەکوشت، بەڵکوو ڕەوانەی وڵاتێکی دیکەیان کردن، چونکە هۆی ئەو پاکتاوکردنە هەرچییە بێ، کوشتنوبڕین و کۆمەڵکوژیی، بەپێی هەموو باوەڕ و یاسایەکی نێو دەوڵەتانیش بێ، بە تاوانێکی گەورە دادەنرێ.

1998/07/18

بۆرە نەبێ، بازە بێ،
کلک بە ئەندازە بێ!

ڕۆژی(1997/10/25) ، سەرۆکی INC ـ کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق، دوکتۆر ئەحمەد چەلەبی، لە شاری ستۆکهۆلم، سیمینارێکی دەربارەی مێژووی دامەزراندن، چالاکیی، ڕەوشی INC و عێراق گرت. هەرچەندە دەبوایە، سیمینارەکە کاژێری یەکی پاش نیوەڕۆ دەستپێبکردایە، بەڵام لەبەرئەوەی خەڵکێکی زۆر کەم هاتبوون، لە کاژێری سێدا دەستپێکردا
دوکتۆر بە ناو، خۆی بە سەرۆکی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و سەرۆک کۆماری پاشەڕۆژی عێراق دەزانێ، کەچی لەوێ، مەگەر چەند عەرەبێکی برادەری خۆی ئامادەبووبن، ئەگینا لە (99%)ی بەشدارانی کۆڕەکە کورد بوون.
دوکتۆر زیاتر لەوە دەچوو، سەرۆکی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستان بێ، وەک لەوەی ڕێبەری ئۆپۆزیسیۆنی عێراق بێ!
ئێمە وەک کوردێ، بە هیچ شێوەیە نەمتوانی، لە ئاستی هەموو ئەو شتانەی، پەیوەندیی بە پاشەڕۆژ و کێشە ستراتیژییەکانی نەتەوەکەمەوە هەبوو، لە

ئاستی ئەو بیروباوەڕە شۆڤێنییی و هەڵە گەورانەدا بێدەنگبم. بۆیە لە شوێنی خۆیدا و زۆر بە کراوەیی وەڵامدایەوە. هەرچەندە هەندێ کوردپەروەری بێلایەنی دیکەش، وەڵامیاندایەوە، بەڵام لە لایەکەوە لەبەرئەوەی، کاتەکە کەمبوو، لە لایەکی دیکەشەوە، هەم لەبەرئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی، بە هەڵەدەدایەوە و ڕێگاشیانەدەدا، جارێکی دیکە وەڵامیبدرێتەوە، هەم وەڵامەکانیش بایی ئەوەندە نەبوون، هەموو لایەنێکی کێشە و باسەکان ڕوونبکەنەوە، لەبەرئەوە بە پێویستی دەزانم، لێرەدا هەندێ زانیاریی، دەربارەی دید و بۆچوونەکانی سەرۆکیINC و سەرۆک کۆماری پاشەڕۆژی عێراق ڕوونبکەمەوە، تا هاوزمانەکانم لەو بیروباوەڕە شۆڤێنییانە ئاگاداربن.
دیارە لێرەدا نامەوێ، بە دووروودرێژیی لە باسەکەی دوکتۆر بدوێم، بەڵام هەندەی قسە، دەمەتەقێ و وەڵامی پرسیارەکانی، پێوەندیی بە کێشە سەرەکیی و ستراتیژییەکانی نەتەوەی کوردەوە هەبێ، هەوڵدەدەم، بە کورتیی باسیانبکەم و لێیانبکۆڵمەوە.
ئەز هەندەی لە قسەکانی ئەو پیاوە تێگەیشتم، پیاوێکی زیرەک و بە توانایە، شارەزاییەکی تەواویی لە باری ئەوڕۆی پۆلێتیکی عێراق، نێوچەکە و جیهاندا هەیە. بەڵام دەربارەی کێشەی نەتەوەیی، چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی گەلانی بندەست و مافی چارەنووسی نەتەوەکان، تا بڵێی لە هۆش و بیردا پێخاوسبوو. جا نازانم، ئەو کاڵفامیی و نەزانییەی لەوەوە هاتبوو، وەک هەموو شۆڤێنییەکی بەرچاوتەنگی نەتەوەی سەردەست، لە ئاستی کێشەی کورددا، خۆی کەڕ و کوێر کردبوو، یا دەیویست، خۆی وا پیشاندا، پیاوێکی دیمۆکراسیی لیبرالی سەربەخۆیە و بڕوای پێوە هەیە، چەند گەلێکی دیاریکراو، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی پەرلەمانیی لیبراڵدا پێکەوە بژین؟!!
بە هەر شێوەیەبێ، هیچ لە باسەکەمان ناگۆڕێ، چونکە دوکتۆر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، نە دانی بە بوونی گەلی باشووری کوردستاندا دەنا، نە بڕوای بە خاکێ هەبوو، ناوی کوردستان بێ و نە هیچ مافێکیشی پێڕەوادەبینی. با لێرەدا، چەند نموونەیە لەسەر دید و بۆچوونەکانی، فەیلەسوف و پێشەوای هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق بهێنینەوە.

دوکتۆر هەر لە سەرەتاوە، بە گیروگرفتەکانی گەلی عێراق و باکووری عێراق دەستپێکرد. کەم جار زمانی تەتەڵەی دەکرد و ناوی کوردستانی عێراقی، لە دەم دەردەچوو. مەگەر لە بەر دڵی برا کوردەکەی تەنیشتی، دوکتۆر « لەتیف رەشید »، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و جێگری سەرۆکی INC، چەند جارێ ووشەی کوردستان بە دەمیدا هاتبێ، ئەگینا زۆربەی جار، هەر باکووری عێراقی بەکاردەهێنا. بە کورتیی دەتوانین، دید و بۆچوونەکانی دوکتۆر، لە چەند ڕستەیەکدا چڕبکەینەوە.

ئەوەی لای ئەو گرنگبوو، بەرژەوەندیی خۆی، INC و گەلی عێراق بوو، ئەویش خۆی لە ڕووخاندنی ڕژێم و دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیمۆکراسیدا دەنواند. لە باسی مافەکانی گەلی کورددا، باسی مافی چارەنووسی کرد، بە مەرجێ ئەو مافە، لە چوارچێوەی سنووری عێراق دەرنەچێ، ڕێز لە یەکێتی خاکەکەی بگیرێ و پارێزگاریی یەکێتی خاکی عێراق بکرێ. بە تەواوی تێنەگەیشتین، ئەو فیدراڵییەی بە گەلی باشووری کوردستانی ڕەوادەبینی، ڕەنگ و ڕووی چۆنە! لە وەڵامی چەند پرسیارێکدا، دەربارەی نێوچەکانی کەرکووک، خانەقین و ژەنگار ... تاد، زۆر بە ڕاشکاویی گوتی : هەرچەندە زۆربەی دانیشتووانی ئەو نێوچانە، لە کورد پێکهاتوون، بەڵام من ناتوانم، بڵێم : ئەو نێوچانە بەشێ لە کوردستان پێکدێنن، بەڵکوو بەشێکن لە عێراق. بەڵگەشی ئەوەبوو، گوایە لەو نێوچانەدا هەر کوردی تێدا نازی، بەڵکوو عەرەب، تورکمان و ئاسووریشی تێدا دەژی. هەروەها دەیگوت : لە بەغداش نزیکەی یەک میلیۆن کورد هەیە، لەبەر ئەوە ناتوانین، شاری بەغداش بە شارێکی عەرەبیی دابنێین، بەڵکوو شارێکی عێراقە. پاشان چەند نموونەیەکی لە سەر ڕووسیا و ئەمێریکا هێنایەوە، کە لە ڕاستیدا، فری بەسەر باسەکەوە نەبوو، بەڵکوو زیاتر بۆ خۆقوتارکردنبوو. دوکتۆر بە هیچ شێوەیە، جیاوازیی لە نێوان گەلانی عێراقدا نەدەکرد. لە بری ئەوەی زاراوەی گەلانی عێراق بەکاربهێنێ، تەنیا زاراوەی گەلی عێراقی بەکاردەهێنا.

بەپێی زانستی جوگرافیای ڕامیاریی، فاکتەرەکانی هێزی دەوڵەت و بنەما سەرەکییەکانی جیۆپۆلیتیک، بەکارهێنانی زاراوەی گەلی عێراق، لە جێی خۆیدانییە. چونکە عێراق دەوڵەتێکی ناسیۆنال نییە. واتا عێراق لە یەک

گەلی هاودەنگ و هاورەنگ پێکنەهاتووە. بەڵکوو دەوڵەتێکی تیرۆتۆریالە، واتا لە چەند کەمینەی نەتەوەیی، گەل و نیشتمانێکی جیاواز پێکهاتووە. تەنانەت و عەبدولکەریم قاسم ەیش، لە ڕۆژی(27/یولی/1958)دا، واتا تەنها سیازدە ڕۆژ بە سەر کودەتاکەیدا تێپەڕبووبوو، ئەم ڕاستییەی ڕاگەیاند و لە دەستووری ئەو کاتەی عێراقدا نووسی :(عێراق نیشتمانی هاوبەشی عەرەب و کوردە)ە[7،2].

ئاشکرایە، ئینگلیزەکان لە ساڵی(1923)دا، دەوڵەتی عێراقیان دروسکرد. بە زۆر خوارووی کوردستانیان بە عێراقی عەرەبییەوە لکاند، کە تا ئەمڕۆش ئەو پێکەوەلکاندنە هەر بەردەوامە. جگە لەوەش، ناکۆکیی و پشێوی لە نێوان گەلانی عێراقدا لە ئارادایە. تەنانەت شا فەیسەڵ پتر لە شەست ساڵ لەمەوبەر، لە یاداشتە نهێنییەکانی خۆیدا تۆماریکردووە و دەڵێ:(هەتا ئێستا شتێ نییە، ناوی گەلی عێراق بێ، کە ئەمە دەڵێم، بەژارە دڵم دەجنێ. ئەوەی هەیە، جەماوەرێکی زۆری خەڵکانێکە، مرۆڤ ناتوانێ، وەهەر زەینی خۆی بدا. دڵیان لە هەستی نیشتمانیی خاڵییە، بەڵام سنگیان پڕە لە نەریتی ئایینیی، خورافات و هیچ پێوەندییەک پێکیانەوە گرێنادا. گوێڕایەڵی لایەنی شەڕن، بەرەو ئاژاوە ملدەنێن و لە هەموو میرییەک هەر چڕنێن، وەڕسن. ئێمە گەرەکمانە لەم جەماوەرە، ە گەل ەێک پێکبهێنین، رابهێنین، فێریبکەین و خاوێنیبکەینەوە، کار وا بڕوا، ئەو هەوڵەی کە دەیێ، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە وەگەڕبخرێ، ناشێ، بە خەیاڵدابێ.)ە12،252.

لەبەرئەوە، لە ڕووی زانست و لۆژیکەوە، عێراق دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و نیشتمانە، لە دوو گەلی سەرەکیی عەرەب و کورد، چەند کەمینە نەتەوەیی یەکی وەک تورکمان، ئاسووریی و ئەرمەنیی پێکهاتووە. لە ڕووی جوگرافیاوە، لە دوو نیشتمانی جیاوازی وەک عێراقی عەرەبیی و باشووری کوردستان دروسبووە. لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان، ئیمپریالیزم ئەم دوو گەل و دوو نیشتمانە جیاوازەی، لە نەتەوە و نیشتمانە گەورە رەسەنەکەی خۆیان دابڕی. بۆیە، هەر وەکوو چۆن، گەلی عەرەب لە عێراقدا، بە بەشێ لە نەتەوەی عەرەب و عێراقی عەرەبیش بە پارچەیە لە نیشتمانە پانوبۆرەکەی عەرەب لە قەڵەمدەدرێ، بە هەمان شێوەش، گەلی کورد لە عێراقدا، بە

بەشێ لە نەتەوەی کورد و باشووری کوردستانیش، بە پارچەیە لە کوردستانی نیشتمانی کورد دادەنرێ. ئەمە وەک ڕاستییەکی مێژوویی و جوگرافیی، هیچ جۆرە دەمەتەقێ و گۆڕانکارییەک هەڵناگرێ، مەگەر چەند شۆڤێنییەکی عەرەبی وەک ئاغای چەلەبی و سەددام حوسێن، بەو ڕاستییە و لۆژیکە قەڵسبن و ڕەتیکەنەوە. عێراق وەک دەوڵەتێ، بە عەرەب و کورد و هەموو کەمینە نەتەوەیی یەکانییەوە، بە بەشێ لە نیشتمانی عەرەب دانێن! بۆیە هەرگیز شتێ نییە، ناوی گەلی عێراق بێ، لەبەر ئەوە دەبێ، لە خۆمانەوە دەستپێبکەین و زاراوەی گەلانی عێراق بەکاربهێنین.
زاراوەی گەلی عێراق، ئێران، تورکیا، یۆگۆسلاڤیا و سۆڤیەت ... تاد لە بنەڕەتدا، دوو لایەنی دژ بە یەکی، وەک ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و کۆمۆنیستەکان، لە پێناوی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا دایانڕشتووە. تا ئەو گەلانەی لە بندەستیاندان، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و نیشتماندا کۆیانبکەنەوە. بۆ نموونە: یەکێتی سۆڤیەتی هەڵوەشاوە، زیاد لە سەد نەتەوە، گەل و کەمینەی نەتەوەیی تێدا دەژیا، کەچی هەر دەیانگوت: گەلی سۆڤیەت و بە گەلانی سۆڤیەت ناویاننەدەبردن.
هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیشەوە، ئینگلیزەکان ئەم زاراوەیەیان داناوە و تا ئەمڕۆ هەر بە هەڵە بەکاردەهێنرێ. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، ئەو هەڵەیە ڕاستکرێتەوە. چونکە گەر هەر کەسێ، بڕوا بەوە نەکا، عێراق لە چەند گەل و کەمینەیەکی نەتەوەیی جیاواز پێکهاتووە، واتای ئەوەیە، دڵێ بە مافە نەتەوەیی یەکانی گەل و کەمینەکاندا نانێ و هەموویان تەنیا بە عەرەب دادەنێ. کەچی دوکتۆر، لەبەرئەوەی تا ئێستا، کەس ئەم ڕاستییانەی بە گوێدانەداوە، دەیگوت: ئەم قسانە هی نەتەوەیی یەکانە، گەلی عێراق هەر یەک گەلە و جیاوازیی لە نێوانیاندا نییە. جگە لەوەی بە ئاشکرا خۆی هەڵدەخەڵەتاند و نەیدەزانی، بیروباوەڕە شۆڤێنییەکانی خۆی چۆن لێلەپۆشکا، لە هەمان کاتیشدا دەیویست، بە زانیارییە ناڕاستەکانی، گوێی بەشدارانی کۆڕەکە بشاخێ و باوەڕیان پێ بهێنێ. تەنانەت چەند نموونەیەکی لە سەر گەلی ڕووس و ئەمێریکا هێنایەوە، بە هیچ جۆرێ، لەگەڵ وەڵامی پرسیارەکان و مەبەستە سەرەکییەکەی خۆشیدا نەدەگونجا!

بەڵام بەداخەوە، لە کاتێکدا ئاغای چەلەبی ئەم دوڕ و گەوهەرانەی هەڵدەڕشت، میکرۆفۆنەکە بە دەس خۆیەوە بوو، بە ئارەزووی دڵی خۆی زانیاریی نادروستی بڵاودەکردەوە، لەوە زیاتر ڕێگایانەدەدا، وەڵامی بدرێتەوە و ڕاستییەکان بۆ ئەویش و بەشدارانی کۆڕەکە ڕوونبکرێتەوە. ئەگینا ئەو کەسەی کەمێ شارەزایی لە کێشەی نەتەوەیی و پێکهاتەی دەوڵەتەکانی جیهاندا هەبێ، بە ئاسانیی دەزانێ، ڕووسیای فیدراڵی ئەوڕۆ، دەوڵەتێکی ناسیۆنال نییە، بەڵکوو لە چەند گەل و کەمینەیەکی نەتەوەیی پێکهاتووە، هێندێکیان فیدراڵییان هەیە و هێندێکی دیکەشیان ئۆتۆنۆمییان هەیە. کە دەشکوترێ گەلی ڕووس، تەنیا مەبەست لە گەلی ڕووس خۆیەتی، نەک هەموو ئەو گەلانەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی ڕووسیای فیدراڵدا دەژین. چونکە کەس نالێ گەلی ڕووسیا، بەڵکوو دەڵێن، گەلی ڕووس، لەبەرئەوەی ڕووسیا ناوی خاک و دەوڵەتەکەیە و ڕووسیش ناوی نەتەوەکەیە.
گەلی ئەمەریکاش، هەر کەسێ دەربارەی دۆزینەوە و ئاوەدانکردنەوەی کیشوەری ئەمەریکا، کەمێ زانیاریی هەبێ، هەرگیز ئەو ڕستەیە ناڵێ، چونکە ئەمەریکا، جگە لەوەی لە سەردەمێکی کۆنەوە، نیشتمانی هیندییە سوورەکان بووە، لە لایەن چەندین گەلی ئەورووپایی، ئاسیایی و ئەفریقاییەوە ئاوەدانکراوەتەوە. واتا وڵاتی پەنابەرانی گەلانی جیهانی جیاوازە و هەر یەکەیان لە سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا، کۆچیانکردووە و لەوێ نیشتەجێبوون، هەر گەلەی زمانی تایبەتیی خۆی هەبووە و تا ئەوڕۆش، هێندێکیان هەر پاراستوویانە. بەڵام لە ئەنجامی پێکەوە ژیانی هاوبەشی پتر لە دوو سەدە، پەیوەندییەکانی ژیان و ئەو سیستێمە دیمۆکراسییەی هەر لە کۆنەوە، لە ئەمەریکا پەیڕەوکراوە، هەر لە سەرەتای ڕۆژەکانی داگیرکردنی ئەمەریکا، لە لایەن بریتانیای گەورەوە، زمانی ئینگلیزیی وەک زمانی دەوڵەت و زمانی هاوبەش، بە سەر ئەو گەلە کۆچکردووانەدا خۆی سەپاندووە. بۆیە گەلی ئەمەریکا، باروودۆخێکی تایبەتیی هەیە و گەلێکی هاوئاهەنگ نییە. لەو بارەیەوە « ساتیع ئەلحەسەری » دەڵێ: (دەوڵەتە ئەمەریکاییەکان، لە باروودۆخێکی جوگرافیی، مێژوویی و کۆمەڵایەتیی تایبەتیی و بەدەگمەنی وادا دروستبوون ... زۆربەی زۆری دانیشتووانی لە

کۆچەران پێکهاتوون. لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهانەوە چوونەتە ئەوێ و لەگەڵ خۆیاندا، زمان، دابونەریت و خەسڵەتە نەتەوەیی یەکانی خۆیان گواستۆتەوە. لەبەرئەوە وڵاتەکانی ئەمریکا، وەک بۆتەیەکی لێهاتووە، گەلە جیاوازەکان بە رێژە و چۆنێتی جیاواز، تێکەڵاو و ئاوێتەی یەکدی بوون و تواونەتەوە.)«66،14». جا وا دیارە، ئاغای چەلەبی دەیەوێ، گەلی کورد و کەمینە نەتەوەیی یەکانی دیکەی باشووری کوردستانیش، لە ژێر ناوی گەلی عێراق و لە بۆتەی گەلی عەرەبدا بتوێنێتەوە. لەوە دەچێ، جیاوازیی لە نێوان گەلە کۆچکردووەکانی ئەمریکا و گەلی کورددا نەکا، کە ئەو گەلانەی ئەمریکا خاکی خۆیان نەبووە و کۆچکردووبوون، بەڵام ئەوەتەی نەتەوەی کورد هەیە، لە کوردستانەکەی خۆیدا دەژی!!! یا وا دیارە، ئەمیش وەک بەعسییە عەفلەقییە شۆڤێنییەکان، کورد بە کەمە نەتەوەیی و مێوان، خاکی کوردستانیش بە پارچەیە لە نیشتمانی عەرەب دەزانێ، بۆیە پێویستە لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا بتوێنەوە. بەعسییە عەفلەقییەکان لە خاڵی (11)ی دەستووری پارتەکەیاندا، دەربارەی کەمینە نەتەوەیی یەکان و گەلی کورد دەڵێن: (ئەوەی باسی کۆمەڵە رەگەزێکی دیکەی جیاواز بکا، یا دژی عەرەب کاری تێدا بکا، یا بۆ مەبەستێکی داگیرکەرانە هاتبێتە نیشتمانی عەرەب، لە وڵاتی عەرەب بەدەردەنرێ.)«8،13».

دەربارەی کێشەی کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستانیش، ئەگەر ئەمڕۆ پیاوێکی وەک « ئەحمەد چەلەبی »، بەو هەموو بێدەسەڵاتییەی خۆیەوە، کەرکووک بە کوردستان نەزانێ، ئایا لە پاشەڕۆژدا دەتوانێ، بە شێوەیەکی ئاشتییانە و دیمۆکراسییانە، ئەو کێشە گەورەیە چارەسەربکا؟

راستە تا کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا بژی، کەرکووک هەر بە شارێکی عێراق دادەنرێ. بەڵام پێویستە، سنوورە جوگرافیی و سیما نەتەوەیی یەکەی، هەر لە ئێستاوە دیاریبکرێ. چونکە یەکێ لە بنچینەیەکانی، سیستەمی (ئۆتۆنۆمی - فیدراڵی)ئەوەیە، دەبێ، جوگرافیای هەرێمە جیاوازەکان و سنووری رامیاریی، هەر ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی یا هەرێمێکی فیدراڵی دەستنیشانبکرێ. راستە لە پارێزگای کەرکووکدا، جگە لە کورد، هێندێ کەمینەی نەتەوەیی وەک عەرەب،

تورکمان، ئاسووریی و ئەرمەنیی لێ دەژین، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، ئیدی ناسنامەی نەتەوەیی پارێزگای کەرکووک، هێندە ئاڵۆز و ڤوڕسبێ، بە هیچ شێوەیە دیارینەکرێ.
کەرکووک وەک هەموو شارێکی دیکەی ئەم جیهانە، چەند کەمینەیەکی نەتەوەیی تێدا دەژی. بەڵام هەر وەک چۆن(مەککە و مەدینە)، بە دوو شاری عەرەبستانی سعوودیە دادەنرێن، هەموو بەڵگە و ڕاستییە مێژوویی و جوگرافییەکانیش، ئەوە دەسەلمێنن، کە کەرکورک شارێکی کوردستانە.
هەروەها جگە لەو عەرەبانەی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان، لە سنووری پارێزگای کەرکووکدا نیشتەجێکراون، کوردستان بە نیشتمانی، هەموو ئەو کەمینە نەتەوەیی یانەش لە قەڵەمدەدرێ، کە لە مێژوویەکی کۆنەوە تێیدا دەژین. کەواتا وەک چۆن گەلی کورد لە باشووردا، بە بەشێ لە گەلی عێراق دائانرێ، هەروەها ئەوانیش بەشێ لە گەلی عێراق پێکناهێنن، وەک ئاغای چەلەبی دەیەوێ، ڕاستییەکان چەواشەبکا!
دوکتۆر لەبەرئەوەی، دڵی بە کوردستانێتی شاری کەرکووک و نێوچەکانی دیکەی باشووردا نەنێ، خۆی دەخەڵەتێنێ، کەرێکە چارەنووسی شارێکی وەک بەغداش، کە پێتەختی عێراقە، دەخاتە مەترسییەوە. گەر بەو شێوەیە چارەسەری گرفتەکانی گەلانی عێراق و دەوڵەتی پاشەڕۆژی عێراق بکا، دیارە سەرۆک و سەرکردەیەکی زۆر دڵسۆز، کارامە و بەرچاو ڕوونە و مانگە شەویش سەر لە ئێوارە دیارە!
بە لای منەوە، دوژمنی ئاشکرا، گەلێ لە دوژمنی شاراوە باشترە و مەترسیی کەمترە. چونکە دوژمنێ بە ناوی دۆستایەتیی گەلی کوردەوە، لە ڕیزەکانی گەلدا خۆی حەشاربدا، مەترسیی لە دوژمنێکی ئاشکرا گەلێ زیاترە. سەددام بە ئاشکرا دژایەتیمانەکا، دەمانکوژێ، ڕامانەگوێزێ، ئەنفالماندەکا، کیمیاباران و ژارباراناندەکا، کەرکووک و هەموو نێوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان، بە خاکی عەرەب دادەنێ. بەڵام وەک دەڵێن: ئاغای چەلەبی گورگە و لە پێستی مەڕدا خۆی حەشارداوە! جا ئەوە ئەورۆ، تەنیا لە سەر پارەوپوڵی ئەمەریکا و بریتانیای ئاغای دەلەوەڕێ، نە لە عێراق و نە لە کوردستان، خاوەنی هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی ڕامیاریی،

سەربازیی و ئابووریی نییە، قسەی تا بەر لووتی خۆی زیاتر بڕناکا، کەچی خاوەنی ئەو بیرە پووچ و دیدە گەندەڵانەیە، بەو شێوەیە دەدوێ و دەیەوێ، بە نشمەمالێ هەڵمانخەڵەتێنێ. ئەدی خوانەخواستە، ئەگەر سبەینێ دەسەڵات پەیدابکا و تەنیا خۆی بکوژێ و ببڕێ، دەبێ لە ژێر چارشێوی دیموکراسیی و دەوڵەتی لیبرالدا، چی بە سەر گەلی باشووری کوردستان بهێنێ؟ تۆ بڵێی ئەم چارەشیان، سەد ڕەحمەت بۆ کفندزی پێشوو بنێرین؟!!
من وەک کوردێ، بە لامەوە گرنگ نییە، کێ لە بەغدا فەرمانڕەوایی دەکا، بەڵام ئەوەی بە لای منەوە گرنگە، پێویستە ئەو کەسە، دان بە هەموو مافە نەتەوەیی یە ڕەواکانی، گەلی باشووری کوردستاندا بنێ، وەک دەڵێن: با بۆرە نەبێ، بازە بێ، بەڵام کلکی بە ئەندازە بێ!
ئەز گلەیی لە دوکتۆر ناکەم، بەڵام ڕەخنەیەکی گەورە ئاراستەی سەرانی کورد دەکەم. چونکە پێش ئەوەی، لە سەر مافە ستراتیژییەکانی گەلی باشووری کوردستان، لەگەڵ ئەو پیاوەدا ڕێککەون، دەبووایە هەموو ئەو لایەنانەی بەشداریان، لە(INC)دا کردووە، هەر لە سەرەتاوە، هەموو شتێکیان لەگەڵدا یەکلاییکردایەتەوە، نەک هەموو کێشە گرنگ و ستراتیژییەکان، بۆ پاشەڕۆژێکی نادیار هەڵگرن. وا دیارە ئەو کێڕ و کۆمەڵە ڕامیارییانە، پەندیان لە ڕێککەوتننامەکەی(11/مارس/1970) وەرنەگرتووە و هەرگیزاوهەرگیزیش کەڵک لە مێژوو وەرناگرن! لەوە دەچێ، کاغەزی سپییان بۆ بەنجەمۆر کردبێ، بە سەرۆکی خۆیان و هەموو گەلانی عێراقیشیان دانابێ، بۆیە ئەویش وا بەئاشکرا، ئەو هەموو بیروباوەڕە شۆڤێنییانەی بە سەر دانیشتووراندا هەڵدەڕشت، یەکێ لە نوێنەرەکانی (ی.ن.ک.) و (پ.د.ک.)، وەڵامێکیان نەدەدایەوە. تەنانەت دوکتۆر « لەتیف ڕەشید »، لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو، لەو بارەیەوە دەنگ لە بەردەوە هاتبێ، دەنگ لەو پیاوەوە نەهاتووە! بە داخەوە، نوێنەرانی هەردوو زلهێزە کوردستان وێرانکەرەکە، لە ناو یەکدی سڕینەوە، پارە و دەسەڵات، کێشە ستراتیژیی و مافەکانی گەلی باشووری کوردستانیان لە بیرکردووە. لە بری ئەوەی داکۆکیی لە مافەکانی گەلی کورد بکەن، جلە کۆنە چڵکنەکانی خۆیان، بە تەنافی ئاغای چەلەبیدا هەڵدەواسیی و تەنیا لەو بوارانەدا قسەیاندەکرد، کە

پەیوەندیی بە ڕێکخراوەکانی خۆیانەوە هەبوو، وەک ئەوەی کێشەی کورد، تەنیا لە ڕێکخراوەکەی خۆیاندا ببینن، شتێ نەبێ، ناوی گەلی کورد بێ، بەڵکوو لە باشووردا، دوو گەلی جیاوازی پارتی و یەکێتی هەبێ!
پێویستە سەرانی پارتیی و یەکێتی بە تایبەتیی، گەلی عەرەبی عێراق و گشت گەلانی دیکەی جیهان بە گشتیی، ئەو ڕاستییە باش بزانن، کێشەی کورد، هەروا کێشەیەکی لاوەکیی و زادەی بیری چەند سەرکردە و چەند ڕێکخراوێکی ڕامیاریی کوردستان و عێراق نییە، یا بە ئارەزووی چەند کەسێ دروستبووبێ، بەڵکوو کێشەی نەتەوەیەکی زیاد لە سی ملیۆن مرۆڤە، کێشەی نەتەوەیەکی داگیرکراو و دابەشکراوە، کە لە هەموو جۆرە مافێکی نەتەوەیی و دیمۆکراسیی بێبەشکراوە، کێشەیەکی نەتەوەیی و ڕامیارییە، پێویستی بە چارەسەرێکی بنەڕەتیی ئاشتییانە و دیمۆکراسییانە هەیە، تەنیا خۆشی لەوەدا دەبینێ، هەموو لاکان بێ جیاوازیی، دڵن بە مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد، سەربەخۆیی ڕامیاریی و ئابووریی تەواویی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردستانیدا بنێن. هەموو مرۆڤێکی بەویژدان، پێشکەوتوخواز و دڵسۆز، بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆی، پێویستە، دڵن بەو مافە سەرەکییانەی نەتەوەی کورددا بنێن.
ئەمە وەک پرنسیپێکی سەرکیی و تیۆریی، لە ڕووی مافی چارەنووسی نەتەوەکانەوە، هیچ جۆرە چەندوچوونێ هەڵناگرێ. بەڵام گەر تەماشایەکی بارودۆخی ئەورۆی کوردستان و ڕەوشی ڕامیاریی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوەکان و نەتەوەی کورد بکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ، لە ڕووی پراکتیک، توانا و دەسەڵاتەوە، ئەورۆ ئەو توانا گەورەیەمان نییە، تا لەم قۆناغەدا ئەو ئامانجە نەتەوەیی یانە بەدەستبهێنین. بۆیە پێویستە، لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، لە مافی فیدراڵیی کەمتر داوانەکرێ، لەگەڵ هێزە بەرچاوروونەکانی ئۆپۆزیسیۆنی، گەلانی سەردەستەی ئەو دەوڵەتانەدا هەوڵبدرێ، دەوڵەتێکی دیمۆکراسیی فیدراڵیی دابمەزرێندرێ، بە مەرجێ دڵن بە هەموو مافە نەتەوەییی یەکانی، گەلی باشووری کوردستاندا بنێن، کە لەم قۆناغەدا خۆی لە فیدراڵیدا دەنوێنێ. بە تایبەتیی لە باشووری کوردستان، لە(1992/5/19)دا، پەرلەمانێکی شەرعیی لە لایەن گەلەوە هەڵبژێردراوە،

(لە 4/ ئەکتۆبەری/1992 شدا، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بڕیاری
لەسەر سیستێمی فیدراڵی بۆ گەلی باشووری کوردستان داوە.)«63.5»، بۆیە
هەر کەس و هەر لایەنێکی ڕامیاریی کوردستان، لەو بڕیارە لابدا و لێی
پەشیمانببێتەوە، بە تەنیا لەگەڵ دەوڵەتی داگیرکەری عێراقدا، گفتوگۆ و
دانوستان لەسەر مافەکانی گەل بکا، ئەوا تاوان و ناپاکییەکی گەورە،
بەرانبەر نەتەوەی کورد دەکا.

لە کۆتاییدا دەڵێم: گەر ئەمڕۆ سەرانی ڕێکخراوە کوردستانییەکان، لە
ئاستی « ئەحمەد چەلەبی » و هێزە بێدەسەڵاتەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا
نەوێرن، باسی مافە ڕەواکانی گەلی باشووری کوردستان بکەن، ئەو
فیدراڵییەی خۆیان و پەرلەمانی کوردستان، بڕیاریان لە سەر داوە،
پێیانبسەلمێنن، ئەدی دەبێ، لە ئاستی درندەیەکی وەک « عەلی کیمیاویی »
و پیاوکوژێکی وەک « سەددام حوسێن »دا، چی بڵێن و داوای چییان لێ
بکەن؟! چۆنچۆنی گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەن؟! بە چ شێوەیە ناوی
کەرکوک، خانەقین و ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەبەن؟ وا بزانم، گەر
ئەو پیاوانە، بەو شێوەیە ڕەفتاربکەن، کورد پێویستی بەو سەرکردە،
ڕووناکبیر و نووسەرانە نییە، کە لە ئاستی داگیرکەراندا بێدەنگدەبن و
ماتومەلول ڕادەوەستن. ناتوانن، زار هەڵبهێننەوە و داوای مافە ڕەواکانی گەل
بکەن. کەچی لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا، کاتێ مەزاد لە سەر کێشەی
کەرکوک گەرم دەبێ، بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە خشتەبەرن، جەماوەر بە
لای خۆیاندا ڕاکێشن، « مەسعوود بارزانیی »کەرکوک بە « دڵ »ی
کوردستان دادەنێ و « جەلال تالەبانیی »ش بە « قودس »ی کوردستانی لە
قەڵەمدەدا! دیارە ئەو جۆرە کەسانە، بۆ یەکدی کوشتن، تالانکردن،
ئاودیوکردن و کاولکردنی کوردستان، لە شێر بە جەرگتر، لە پڵنگ بە هەڵمەتر
و لە ڕێوی زۆرزانترن، بەڵام لە ئاستی دوژمنە سەرەکییەکانی نەتەوەی
کوردیشدا، زار لە دەمیاندا نییە!

ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە، لە ڕاستیودروستیی و ڕەوایی کێشەکەمان، گەلانی
دراوسێ و جیهان تێبگەیەنین، بە ڕاشکاویی هەموو داخوازییەکانی نەتەوەی
کوردیان بۆ باسبکەین، تا وردەوردە، گوێیان بەو داخوازییە ڕەوایانەی

نەتەوەی کورد ڕابهێنین. لە هەمان کاتیشدا، کاتی ئەوە هاتووە، گەلانی دراوسێشمان، چاوێ بە باوەڕ، نەخشە و پلانەکانی خۆیاندا بخشێننەوە، خۆیان لە هەموو دیدێکی شۆڤێنییانەی نەتەوەی بالادەست ڕزگاربکەن، تا هەموو پێکەوە، بە ئازادیی و بەختەوەریی وەک مرۆڤ بژین، دەوڵەتە هاوبەشەکانمان ئاوەدانبکەینەوە و کاروبارەکانیشی بە ڕێکوپێکی بەڕێوەبەرین، گەر بە ڕاستیی دەوڵەتەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا، وەک چوار دەوڵەتی فرە نەتەوە و نیشتمان وان، بە لانە و نیشتمانی هاوبەشی ئەو گەلانە دادەنرێن، ئەگینا با لەوە زیاتر، نە خۆمان بخەڵەتێنین و نە کوری کوردیش، لە پێناوی برایەتیی درۆزنانەی گەلانی بندەست و سەردەستی هەر چوار دەوڵەتەکەدا، بە کوشت بدەین!

1997/11/01

تێبینی :

ـ لە گۆڤاری « بەربانگ »ی ژمارە « 109 » سالی(1998)دا بڵاوکراوەتەوە.

ـ کاسێتی کۆڕەکەم لایە، جارێکی دیکەش گوێم لێگرتەوە، پاشان بە گوتارەکەدا چوومەوە، گوتم: تەنها هێندێ شت بە هەڵە تێگەیشتم و عەدرم لە چەلەسی کردین!

ستۆکهۆڵم
1995/07/25
بەڕێزان :
سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو، مەسعوود بارزانیی
سکرتێری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، جەلال تاڵەبانیی
سلاوێکی کوردانە

هەرچەندە پێشەکی دەزانم، وەڵامی ئەم نامەیەی منیش، وەک وەڵامی ئەو چەند نامانەی دیکەی لێدێ، کە تا ئێستا چەندین کەسی نیشتمانپەروەری کورد، چ لە کوردستان و چ لە هەندەران، دەربارەی ئەم جەنگە نێوخۆییە ماڵوێرانکەرانەیەی نێوانتان، ئاراستەی بەڕێزتانی کردووە. بەڵام ئەز لە لایەکەوە، هەڵوێستی نەتەوەیی خۆم دەربارەی ئەو جەنگە چەپەڵە دەردەبڕم، لە لایەکی دیکەشەوە، وەک کوردێ بە مافێکی سروشتیی خۆمی دەزانم، ئەگەر دەنگی نارەزایی خۆم دژی ئەو شەڕە خۆکوژییە بڵندبکەمەوە، چونکە لە ئاستی ئەو تاوان و کارەساتە نەتەوەیی یە گەورەیەدا، بێدەنگیی کارێکی زۆر خراپە و نیشانەی ڕەزامەندی جەماوەری گەلیش دەگەیەنێ، ئەگەرچی لە بێدەسەلاتیشدا بێ.

لێرەدا من نامەوێ، لە هەموو مەترسیی و زیانە گەورە و گرانەکانی، ئەو جەنگە چەپەڵەی نێوانتان، لە سەر ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی بکۆڵمەوە، چونکە ئەو جۆرە قسانە زۆر وتراوە و زۆریشی لە سەر نووسراوە، زیانەکانیشی لای هەموو کوردێکی خاوەن هەست و بە هۆش و گۆشیش ڕوون و ئاشکران، کە ئەنجامی ئەو جەنگە نێوخۆییەی نێوانتان، چ ماڵوێرانییەکی لە دوایە، بەڵام دەمەوێ، سەرنجی بەڕێزتان بۆ چەند خاڵێکی گرنگ ڕابکێشم.

1. گەر سەرنجێکی سەرپێیی لە باروودۆخی ئەمڕۆی جیهان و پێوەندیی ڕامیاریی و ململانێی نێوان هێزە دژەکانی جیهان بدەین، ئەوا زۆر بە ڕوونیی بۆمان دەردەکەوێ، جیهانی ڕامیاریی ئەمڕۆ و تەرازووی نێوان هێزەکان بە تەواویی گۆڕاوە، ململانێی ئایدۆلۆژیی و جەنگی ساردی نێوان هەر دوو سەربەرەکەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا کۆتاییپێهاتووە. ئەوەی

جاران بە هەڕەشەکردن، تۆقاندن، خۆئامادەکردن بۆ جەنگی نەتۆمیی و شەڕی ئەستێرەکان و ئاژاوەنانەوە، لە هەر لووتکەیەکی ئەم جیهانەدا بەدیدەهات، ئەوڕۆ هەمووی بە دانیشتن، گفتوگۆ و دیالۆگی رامیاریی چارەسەردەکرێ، تا گۆڕانکارییەکی گەورەی دیکەی جیهانیش، جارێ هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە.

2. لە بەر ڕۆشنایی ئەو ستراتیژە نوێیەی جیهاندا، ستراتیژی رامیاریی هەموو گروپ، پارت، شۆڕش، گەل و دەوڵەتەکانی دیکەی جیهانیش گۆڕاوە. ڕێکخراوەکان، دەوڵەتەکان، جگە لە گەلانی دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەند، ئێستا بەرەو ئەوە هەنگاودەنێن، تەنانەت لەگەڵ دوژمنەکانیشیاندا، گیروگرفتە رامیاریی و نەتەوەیی یەکانیان، بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە و دیمۆکراسییانە چارەسەربکەن، بە دانیشتن لەگەڵ یەکدی و لە ڕێگەی دیالۆگی رامیارییەوە، هەوڵ بۆ دۆزینەوەی زمانیکی هاوبەش دەدەن، تا هەموو لایە پێکەوە لە ژێر چەتری پڕ لە هێمنیی و ئاسایشدا، لە نیشتمانە هاوبەشەکەی خۆیاندا بە ئازادیی بژین، نەک بۆ هەر گیروگرفتێکی رامیاریی، سەربازیی، ئابووریی ... تاد، پەنا بۆ بەر بەکارهێنانی چەک بەرن. ئەو ئامانجە نەتەوەیی، رامیاریی، سەربازیی و ئابوورییانەی، بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی گەلانی بندەستی جیهان دوێنێ نەیانتوانی، لە ڕێگەی جەنگی درێژخایەن و شەڕی پارتیزانییەوە، بە دەستیبهێنن. ئەوڕۆ ئەو ڕێکخراو و گەلانە، ستراتیژێکی نوێی دیکەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، چونکە سەردەمی بەکارهێنانی چەک، بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی نێوان پارت و هێزە رامیارییەکان، لە سەر فەرمانڕەوایی و دەسەڵات لە مێژە بەسەرچووە، ئەو ستراتیژەش، ستراتیژی پێکەوە ژیانی هاوبەش، زمانی دیالۆگی رامیاریی، چارەسەرکردنی دیمۆکراسییانە و ئاشتیخوازانەیە، تا چارەسەرێکی ماناوەندیی بۆ هەموو گیروگرفتەکانی نێوان خۆیان بدۆزنەوە و بتوانن، پێکەوە هەڵبکەن.

3. سەرکردایەتی رامیاریی هەموو بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی جیهان، جگە لە سەرکردایەتی رامیاریی جووڵانەوەی کورد، کەڵکیان لەم هەلومەرجە تایبەتییە نێونەتەوەیی و گۆڕانکارییە گەورە و گرانانەی سیستێمی نوێی

جیهانی وەرگرتووە، هەموو گیروگرفتەکانی نێوان خۆیان بە شێوەیەکی مۆدێرنانە، شارستانیانە و دیمۆکراسیانە چارەسەرکردووە. بۆ نموونە: ئەرتیریەکان و فەلەستینییەکان، کە لە چەندین ڕێکخراوی ڕامیاریی جیاواز پێکهاتوون، لە سەر زۆر کێشە و باسی ئایدۆلۆژیی، ستراتیژیی، دەسەلاتی ڕامیاریی و فەرمانڕەوایش ناکۆکن، بەلام هەرگیز کارێکیان نەکردووە، دژی یەکدی پەلاماری چەک بدەن، دڵی دوژمنەکانیان بە خۆیان خۆشبکەن، هەلە مێژووییەکە بە دەسی خۆیان لەبارببەن. کەچی ئێمە بە پێچەوانەوە، هەرگیز پەندمان لە لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی نەتەوەیی پڕ لە شەرمەزاریی، ناکۆکیی، دووبەرەکیی، ناپاکیی و جەنگی نێوخۆیی خۆمان وەرنەگرتووە، وا دیارە بەو زووانەش وەریناگرین!

4. سادەترین پرینسیپەکانی ئەلف و بێی زانستی پۆلیتیک و ستراتیژی سەربازیی، ئەوەمان بۆ ڕووندەکەنەوە، ئەگەر دوولای دژ بە یەک، ناکۆکیی، دووبەرەکیی و جەنگی خوێناوی لە نێوانیاندا ڕوویدا، ئەو دوولایە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، لە سەر کەلەپاچەکردن، پاکتاوکردن و لەنێوبردنی یەکدی بەردەوامبوون، لە سەر ئەوە سووربوون، لایەکیان لاکەی دیکەیان تەفروتوونابکا، بەلام هیچ لایەکیان نەیتوانی، بە سەر لاکەی دیکەدا سەرکەوێ، بە تەواویی لەنێویبەرێ، بەگوێرەی هەموو یاسایەکی ئاسمانیی و زەمینیی دەبێ، هەر دوولایان واز لەو جەنگە خوێناوییە بهێنن و ڕێگەیەکی دیکە بگرنەبەر، ستراتیژێکی دیکە بۆ چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەکانی نێوانیان هەڵبژێرن، کە ئەویش، ستراتیژی ئاشتی گشتیی، زمانی زانست، ژیریی، پاراستنی وولات، یەکێتی ڕیزەکانی گەلە.

بەلام من لێرەدا، تەنیا ئەوەندە دەڵێم، جەنگی نێوخۆ لە باشووری کوردستاندا، ئەوا نزیکەی سی ساڵی ڕەبەقە، خەریکە ڕەگی قووڵی خۆی، بە تەواویی لە بیر و هۆشی هەموو مرۆڤێکی کورددا دادەکوتێ، سی ساڵی ڕێکە لە زۆر چارشێوی ململانێی ئایدۆلۆژیی، لەوانی سواوی پێشکەوتنخوازیی، کۆنەپەرستیی، پروپاگەندەی تیرەگەریتیی، کوردایەتیی، شۆڕشگێڕیی و بەرژەوەندیی گەلدا، ناکۆکیی، دووبەرەکیی و جەنگ، لە سەردەمی جیاجیادا و لە نێوان هەر دوولاتاندا بەردەوامە، سەرەرای ئەوەی

گەلەکەمان، سی ساڵی پڕ لە کوێرەوەریی، نەگبەتیی، دەربەدەریی و وێرانکاریی بۆ ڕاکێشاون، کەچی هێشتا بە ختوخۆرایی ڕۆڵەی ئازا و جوامێری کورد، بە دەستی یەکدی بە کوشتدەدەن. بەبێ ئەوەی، هیچ ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوی هەبووبێ، بەبێ ئەوەی، تا ئێستا کۆتایی دیاربێ، بەبێ ئەوەی، هیچ کوردێ بە تەواویی بزانێ، ئەم جەنگە کوردکوژییە لە سەر چییە! ئایا لە ماوەی ئەو سی ساڵەدا، هیچ لایەکتان توانیوێتی، لا دژەکەی بەرانبەری لەنێوبەرێ؟ چارەسەرێکی بنەبڕیی بۆ ئەو نەگبەتیی و بەڵا گەورەیە بدۆزێتەوە؟ لە مێژووی چ نەتەوەیەکی ژێردەستدا ڕوویداوە، جگە لە مێژووی نەتەوەی کورد نەبێ، لە دووقۆڵەوە شەڕبکا؟ لە لایەکەوە، لەگەڵ داگیرکەر و لە لایەکی دیکەشەوە، لەگەڵ هێزەکانی نێوخۆدا، سی ساڵی ڕەبەقیش بە دەستی خۆی ڕۆڵەکانی بۆ گۆڕەپانی جەنگ و مەرگ بنێرێ؟ ئایا کەی واز لەو جەنگە دەهێنن؟ کەی کەمێ بیر لە بەرژەوەندیی باڵندی کۆمەڵانی ڕەشورووتی گەلەکەمان دەکەنەوە؟ خۆزگە بۆ گەلەکەمانتان ڕووندەکردەوە، ئەم شەڕوهەرایە لە سەر چییە؟ ئایا تاوان نییە، گەلێ ئەو هەموو قوربانییەی بۆ داوە، بە سەدان جار دوژمنی بێگانەی داگیرکەر، دەستی بۆ ناموسی ژنان و کیژانی بردبێ، بە هەزاران شەهیدی دابێ، تۆ ئەنفالی گچکە و گەورەی دیبێ، کیمیاباران کرابێ، بە هەزار شەڕمشەق و کوێرەوەریی، لە دەم گورگی هاری بەعس ڕزگاری بووبێ، ئەو گەلەی ئێوەی لە ئاوارەیی سەر سنوورەکان و پایتەختی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان ڕزگارکرد، ئەوڕۆ ئێوەش بەو شێوەیە پاداشتی چاکەی بدەنەوە؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە، کەمێ بە خۆتاندا بچنەوە؟ چاوێ بە بەرنامە و ستراتیژی خۆتاندا بگێڕنەوە؟ بیرێ لە سکی برسیی ڕۆڵەکانی ئەو گەلە هەژارە بکەنەوە؟ تاکەی شەڕی یەکدی دەکەن؟ ئایا لایەکتان دەتوانێ، لاکەی دیکە بە هێزی چەک بە تەواویی لەنێوبەرێ؟

هەموو ئەزموونە قوڵەکانی، مێژووی گەلانی جیهان، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن، کە هیچ گیروگرفتێ، بە بەکارهێنانی چەک چارەسەرنەکراوە و ناکرێ، سەرکەوتنی هەمیشەیی و تا سەریش بۆ هیچ لایە نەبووە و نییە. کەواتە ئەم شەڕە خۆکوژییە بۆ؟ لە پێناوی چیدا دەکرێ؟ جگە لە بەرژەوەندیی دوژمنان و

داگیرکەرانی کوردستان، بەرژەوەندیی کێی دیکەی تێدایە؟ تا کەی درێژە دەکێشێ؟ ئەوەندە درێژەی کێشا، نەک رۆڵەکانی گەلەکەمان، بەڵکوو تەنانەت دۆست و دوژمنەکانیشمان لێی بێزاربوون. رۆژێ دەوەستێ و دوولان شەرە، دەردی برایەکی خۆشەویست لە کوردستانەوە نامەیەکی بۆ نووسیووم و دەڵێ: ئەم شەرە کوردکوژییە وەکوو چیمەنی لێهاتووە، هەر دەیبڕی و سەرهەڵدەداتەوە. ئایا بیرێکتان لە سەرئەنجامەکەی کردۆتەوە؟ ئەگەر سبەی بەعسی رەفتارفاشیی داگیرکەر، پەلاماری کوردستانی دایەوە و داگیریکردەوە، ئێوەش هەر وەک جاران پەناتان بۆ بەر شاخ و کێوە سەرکەشەکانی کوردستان بردەوە، ئەو کاتە چی بە یەکدی دەڵێن و بە چ روویەکەوە، داوای یارمەتیی و کۆمەک لە جەماوەری گەلەکەمان و ئازادیخوازانی جیهان دەکەن؟

5. دەبێ بەرێزتان ئاگاداری ئەو باروودۆخە نێودەوڵەتییە بن، کە ئەمڕۆ بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی نەتەوەی کورد هاتۆتە گۆڕێ. گەلانی ئەورووپای مرۆڤدۆست بە گشتیی و دەوڵەتە دیمۆکراسیی و ئاشتیخوازەکانی جیهان بە تایبەتیی، ئامادەن هەموو جۆرە یارمەتییەکمان بدەن، کوردستانمان بۆ ئاوەدانبکەنەوە، گەلەکەمان لە دەس هەڕەشەی مەرگ و برسێتیی رزگاربکەن، جارێکی دیکە نەهێڵن، سەربازە دڕندەکانی سوپای داگیرکەری بەعس، بە ئارەزووی خۆیان لە کوردستاندا کوشتنوبڕین بکەن، ئەویش بە مەرجێ، خۆمان شت بین، یەک بین، کۆک و برا و تەبا بین، ئەگینا ئەگەر خۆمان لە نێو خۆماندا وەک کەوی خۆخۆر هەڵسوکەوت بکەین، بێگانە با دۆستیشمان بن، بۆچی دەبێ، لە خۆمان زیاتر، دڵیان بە ئێمە بسووتێ؟! لە هێندێ سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە بیستوومە، دەوڵەتەکانی ئەورووپا، ئەمێریکا، کەنەدە، ئوستڕالیا ئامادەن، دەسی یارمەتی بۆ گەلەکەمان درێژکەن، کوردستانمان لە هەموو روویەکەوە بۆ بووژێننەوە، بەڵام بە مەرجێ ئەو جەنگە چەپەڵەی نێوان پارتی و یەکێتیی بوەستێ و کۆتایبێتێ. چونکە دەڵێن: تا جەنگ و کوشتنوبڕین لە کوردستاندا هەبێ، ئەوان ئامادەنین، یارمەتیمانبدەن، رۆژبەرۆژیش، لە بەرنامەکانی خۆیان پاشگەزدەبنەوە. دکتۆر(نەجمەدین)سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کورد لە ئەمێریکا، لە

چاوپێکەوتنێکی تێلەفیزیۆنی ئەمەدا، زۆر بە ڕاشکاویی گوتی:
کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەڵێن: ئەم جەنگە نێوخۆییەی لە
باشووری کوردستان بەرپابووە، دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی دوادەخا.
بۆیە کورت و کرمانجیی دەڵێم: هەر کەسێ، هەر لایە، هەر پارتێکی
ڕامیاریی کوردستان، هەڵە مێژووییەکە لە کیس گەلەکەمان بدا، بە تەواویی
دەستبخاتە بنی فیدرالییەکە و ئەم تاقیکردنەوە گرنگەی گەلەکەمان
بخنکێنێ، دژی ئاوات و ئامانجە پیرۆزەکانی نەتەوەکەمان ڕابوەستێ، ئەوا
لە مێژووی نەتەوەکەماندا، ناپاکییەکی گەورە بۆ خۆی و ڕێکخراوەکەی،
تۆماردەکا. جا ئێدی هەر کەس، هەر لا و هەر پارتێکی ڕامیاریی کوردستان
دەبێ، با بێ.
6. ئەمن پێموایە، ئەمڕۆ، کلیلی شەڕ و ئاشتیی، چ لە نێوخۆ و چ لەگەڵ
داگیرکەراندا، بە دەس سەرکردایەتی پارتی و یەکێتییە. لە سەرو
هەمووشیانەوە بە دەس بەڕێزتانە. جا ئەگەر کەمێ، بەزەییتان بە کۆمەڵانی
ڕەشوڕووتی گەلەکەماندا بێتەوە، بەرژەوەندیی بڵندی بزووتنەوەکە و
نەتەوەکە، پێش بەرژەوەندیی تاکەکەسی، بنەماڵەیی و پارتایەتی تەسکەوە
بخەن، ئەوا هەموو ئامانجەکانمان دێتەدی، ئاواتە دێرینەکانی دوژمنان و
داگیرکەرانی کوردستانیش، گۆڕدەکرێن. چونکە تەنیاوتەنیا ئێوە دەتوانن،
بڕیاردەن و ئەو جەنگە ناهەموارە ڕابوەستێنن، چارەسەرێکی بنەڕەتیی، بۆ
ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی کوردستان بدۆزنەوە، ئەگەر ئەوە نەکەن و لە سەر
هەمان ڕێبازی شەڕخوازیی خۆشتان بەردەوامبن، پێش هەموو کەسێ، ئێوە
بەرامبەر خوا، خوێنی شەهیدان، دادگای گەل و مێژوو بەرپرسیاردەبن.
7. تاکوو ئێستا گەلێ گوتار و نامیلکەم، لە سەر جەنگی نێوخۆ نووسیوە،
لە هەموو ئەو نووسینانەشدا، هەر دوولام وەک یەک تاوانبارکردووە.
تەنانەت هێندێ کەس گلەیی ئەوەم لێدەکەن، دەڵێن: چۆن دەبێ، هەر دوولا
وەک یەک سەیربکرێ؟ هەر دوولا وەک یەک بکوترێ؟ لە وەڵامدا دەڵێم :
هیچ لایەنێ لەو دوولایەنە شەڕکەرە، فریشتەی ئازادیی و بووکی دیموکراسیی
نین، تا نوێژ لە سەر داوێنیان بکرێ، لایەنەکەی دیکەشیان ئەهریمەنی
شەڕخوازیی و دیکتاتۆریی بێ، تا بە هەموو شێوەیە نەفرەتی لێ بکرێ.

لای من تەنیا گرنگ ئەوەیە، خوێنی کورد بە دەسی کورد نەڕژێ، هەموو گیروگرفتەکانی نێوان باڵەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیی، بە ڕێگەیەکی ئاشتیخوازانە، دێموکراسییانە و شارستانییانە چارەسەربکرێ، واز لە یاسای جەنگەڵ بهێنرێ، حوکومەتە فیدراڵییەکەم لە کیس نەچێ، منداڵانی کورد چیدیکە ئەنفال و کیمیاباران نەبیننەوە، جا ئیدی کێ دەبێ بە بەگ و پێشڕەو، کێی دیکەش دەبێ بە قڕە و پاشڕەو لە کوردستاندا، بە قەدەر سەرە دەرزییەک دڵی من داناخورپێنێ! بۆیە لە نێوان دیکتاتۆریی و دێموکراسیدا، لە نێوان جەنگ و ئاشتیدا، لە نێوان ناپاکیی و نیشتمانپەروەریدا، هەمیشە دژی دیکتاتۆریی، جەنگ و ناپاکیم. دێموکراسیی، ئاشتیی و نیشتمانپەروەریش هەڵدەبژێرم. بەرژەوەندیی نەتەوەکەم لە کوێ بێ، پەل بۆ ئەوێ دەکوتم. ئەوڕۆ بەرژەوەندیی نەتەوەکەم، لە شەڕی کوردکوژیدا نییە، بۆیە دژی ئەو شەڕە چەپەڵەم و بە هەموو شێوەیە گلاوێدەکەم، دژی هەموو گێرەشێوێن، ئاژاوەچیی، هەلپەرست و شەڕخوازێکیشم، کە دەیانەوێ، دەلاقەی ناکۆکییەکانی نێوان ڕیزەکانی گەل ئاواڵەتربکەن، زامەکان قووڵتربکەن.

بەڵام لێرەدا پرسیارێ خۆی دێنێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە، ئەگەر ئەم جەنگە کوردکوژییە لە سەر ئەوەبێ، لایەکتان بیەوێ، کوردستانمان بۆ ڕزگارکا و دەوڵەتێکی ناسیۆنالی سەربەخۆی یەککگرتووی کوردستانیی دابمەزرێنێ، لاکەی دیکەشتان دژی ئەو بیروباوەڕ و ئامانجە ستراتیژیانەی گەلەکەمان ڕابوەستێ، بیەوێ، داگیرکەری بەعس بۆ کوردستان بگێڕێتەوە، ئەوا لەو کاتەدا دەبێ، هەموو کوردێکی بە ویژدان و نیشتمانپەروەر، هەڵوێستێکی نەتەوەیی ڕوون و ئاشکرای هەبێ، هەر کوردێکیش، هەرچییەکیش بکا، لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە پیرۆزانەدا، ڕەخنەی لێ ناگیرێ. بێگومان دەشبێ، پشگیریی ئەو لایە بکرێ، کە بانگی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی، بە گوێی ڕۆڵەکانی گەلەکەماندا هەڵدەدا و لاکەی دیکەش ڕیسوابکرێ. ئەو کاتە ئەو شەڕە، نە بە شەڕی براکوژیی، نە بە شەڕیی کوردکوژیی، نە بە جەنگی نێوخۆ و نە بە هیچ جۆرە شەڕێکی دیکەش لە قەڵەمدەدرێ، شەڕەکەش شەڕێکی چەپەڵ

نابێ، بەڵکوو بە شەڕێکی پیرۆز و ڕەوا دادەنرێ، چونکە شەڕەکە لە نێوان بەرەی گەل و بەرەی دوژمنانی گەلدا دەبێ. بەڵام هەرچەند باڵی بیرم لێکدەدەم، ئەو شەڕە سی سالییەی نێوانتان، جگە لەوەی شەڕێکە لە پێناوی دەسەڵات، پاوەنخوازیی و پارەدا دەکرێ، هیچ جۆرە لێکدانەوەیەکی دیکەی نەبووە و نییە.

سەیر ئەوەیە، ئەوەندەی خاڵی هاوبەشیش، لە نێوانتاندا هەیە، ئەوەندە خاڵی ناکۆک، لە دید و بۆچوون و ئامانجە ستراتیژییەکانی نێوانتاندا نییە! ئەگەر وا نییە و نکوڵی لێدەکەن، ئایا هەر دوولاتان داوای فیدراڵیی بۆ باشووری کوردستان و دێموکراسیی بۆ عێراق ناکەن؟ ئایا هەر دوولاتان، داوای هەڵبژاردن لە کوردستان و عێراقدا ناکەن؟ ئایا هەر دوولاتان، بڕواتان بە خەباتی نێوکۆیی و هاوبەشیی نێوان هەر دوو گەلی عەرەب و کورد لە عێراقدا نییە؟ ئایا هەر دوولاتان بە نۆرە، سەردەمێ لە کوردی خۆرهەڵات و سەردەمێکی دیکەش، لە کوردی باکوورتان نەدلوە؟ ئایا هەر دوولاتان، پێوەندیی گەرموگوڕتان لەگەڵ هەموو داگیرکەرانی کوردستاندا نەبووە و نییە؟ ئایا هەر دوولاتان، چاوەڕوانی سۆز و بەزەیی بەرەی ڕۆژاوا نین؟ خۆ ئێستاش جاران نییە، لایەکتان سەر بە یەکێتی سۆڤیەت و لایەکەی دیکەشتان سەر بە ئەمەریکا بێ، تا بڵێین: لە سەر ئەوە ناکۆکین! ئایا هەر دوولاتان، لەو هەموو نەگبەتیی، کارەسات، تێکشکاندن و نوچدانەی، بە سەر گەلەکەماندا هاتووە، بەرپرسیارنین؟ باوەڕیش ناکەم، بیروباوەڕی ئازادیی و دێموکراسییش، لە گیرفانی هیچ لایەکتاندا، سەوزەڵەخانم بۆ گەلی کورد بچڕێ! ئیدی ئەم شەڕوهەرایە لە سەر چییە؟ کەی ئەم مەتەڵە قورس و گرانە، بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد هەڵدەهێنن؟

8. چەند کارێکی باشبوو، کاتێ ژەنەراڵ بارزانیی، لە ساڵی 1970دا، لێخۆشبوونێکی گشتیی، بۆ هەموو نەیارەکانی خۆی دەرکرد، ناوێکی بە ڕەحمەتی بەو ئاگری چوار ساڵەی جەنگی نێوخۆیی باشووری کوردستاندا کرد، ڕیزەکانی پارتی و گەلی کورد یەکپانگرتەوە.

بە لای منەوە، ئەو کارە بە نرخەی بارزانیی، بە یەکێ لە هەرە کارە گەورە و گرانەکانی دادەنرێ. کەچی ئێوە دەتانەوێ، ئەوەی بارزانیی دروستیکرد،

سەرلەنوێ تێکبیدەنەوە، گیانی پاکی لە گۆڕی بێنارامیدا ئازاربدەن. ئەدی ناکرێ، لە بری ئەو هەموو خوێنڕشتن و جەنگە چەپەڵانە، پەندێ لە سەراپای مێژووی، پڕ لە شەرەوشۆڕی نەتەوەی کورد بە گشتیی و مێژووی ئەم سی ساڵەی، جووتە شۆڕشی گەلەکەمان، لە باشووری کوردستاندا بە تایبەتیی وەربگرن؟ چاو لەو هەنگاوە چاکەی سەرۆک بارزانیی بکەن، کەمێ لێبووردن و نەرمونیانیی، لەگەڵ هاوزمان و هاوخوێنەکانی خۆتاندا بەکاربهێنن، واز لە دڵڕەشیی، کۆنەقین، توندڕەویی، کەللەڕەقیی، کورسیپەرستیی و ئاژاوەی نێوخۆ بهێنن و کوردستانمان بۆ بکەن بە ماستی مەیو؟!

لە کۆتاییدا دەڵێم: من لێرەوە بۆ وەستاندنی ئەو شەرە، هیچ جۆرە پێشنیازێکم نییە، چونکە ئەوەندەمان پێشنیازکرد و کەس وەڵامینەدایەوە، کارەکە بە تەواویی بێلەزەتبوو. بەڵام ئێوە، خۆتان لە ئێمەی باشتر دەزانن، کە بۆ بنەبڕکردنی ئەو جەنگە نێوخۆیی یە، پێویستە چێ بکرێ و چی باشە. تەنیا ئەوەندە دەڵێم: ئەو شەرە چەپەڵە، یەک ڕۆژ زووتر بوەستێندرێ، هێشتا هەر درەنگە، یەک دڵۆپ خوێن کەمتر بڕژێندرێ، هێشتا هەر زۆرە. دواکارم لە بەڕێزتان، تا هەموو شتەکانیشمان بە یەکجاریی، لەدەستنەچووە، چاوێ بە بەرنامە و پلانەکانی خۆتاندا بخشێننەوە، منیش لە پێناوی یەکێتیی و تەبایی ڕیزەکانی گەلی کورددا، وەک کوردێکی ئاوارەی بێلایەن، ئامادەی هەموو خزمەت و کارێکی چاکم.

دوا جار بۆ هەوڵی ئاشتیی، برایەتیی و تەبایی، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

دوکتۆر حوسێن محەممەد عەزیز

تێبینی :

ـ ئەم نامەیە، لە شاری ستۆکهۆڵم، بە دەستی بە هەر دوو نوێنەری پارتی(تەنها بەرولریی) و یەکێتی(ئاسۆگەرمیانیی)دراوە. جا خۆیان و خوای خۆیان، ناردویانە یا نەیان ناردووە، ئەوەیان پێوەندیی بە منەوە نییە!

ـ دەقی ئەم نامەیە بۆ (ئەوشیروان مستەفا) لە لەندەن پۆستکراوە.

ـ لە کاتی خۆشیدا، کۆپیکراوە و بۆ هێندێ دۆست و برادەری نزیک ڕەوانەکراوە.

سەرچاوەکان :

1. احمد خواجه، چیم دی، ب1، چاپی یەکەم، چاپخانەی شفیق، بغداد، 1968.
2. جمال نبز، حول المشکله الکردیه، 1969.
3. حوسێن محەممەد عەزیز، ململانێی ئایدۆلۆژی لە کوردستاندا، ستۆکهۆلم، 1995
4. حوسێن محەممەد عەزیز، کورد و شۆڕش و هەلی مێژوویی، سوید، 1996.
5. حوسێن محەممەد عەزیز، فیدرالیزم و دەوڵەتی فیدراڵ، سوید، 1996
6. حوسێن محەممەد عەزیز، گیروگرفتە سەرەکییەکانی کورد، سوید، 1998. ل 80.
7. رفیق حلمی، یادداشت، کوردستانی عراق و شۆڕشەکانی شێخ محمود، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان، هەولێر، 1988.
8. شەرەفخانی بدلیسی، شەرەفنامە، هەژار کردوویە بە کوردی، 1972.
9. کریس کۆچێرا، مێژووی کورد لە سەدەی 19–20دا، وەرگێڕانی محمد ریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارون، تهران، 1369، ل 595.
10. د. کەمال مەزهەر، ویژدان و مێژوو ... یان دادگەی مرۆڤی حەمەی سلێمان، مانگنامەی پەیام، ژمارە 8، بنکەی راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی رەسەن، 8/یووشپەر/1998، لەندەن، ل24.
11. ن. ا. خەلفین، خەبات لە رێی کوردستاندا، وەرگێڕانی : جەلال تەقی، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی، 1971
12. جمهوریه الخوف، الترجمه الکامله (سمیر الخلیل و احمد رائف) مطبعه الزهراء، الطبعه الاولی، القاهره، 1991
13. دستور حزب البعث العربی، مطبعه الاعتدال، دمشق،
14. ساطع الحصری، ما هی القومیه؟ بیروت، نیسان1985
15. نبیل اللحم، سبعه ایام مع ابو ئاند و شعب، الطبعه الاولی، دارالخیل للطباعه و النشر و التوزیع، اثینا ـ الیونان، 1996، ل290.
16. القدس العربی، ژماره 2931، 1998/10/13
17. الوسط، العدد 324، التاریخ 1998/4/13
18. Gunnar Gunnarson, Lenin, Tidensforlag, Stockholm, 1970, P 215

لە بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

گوتــــار :

1/ بەرەو ئازادی، ڕابوون، ژمارە 2، سوید، 1991، ل 46

2/ لە پێناوی ڕاستیدا، بەربانگ، ژمارە 87، ساڵی 12، سوید، 1993 ل48

3/ یەکێتی سۆڤیەتی هەڵوەشاوە لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کوردەوە، ڕابوون، ژمارە 7 ـ 8، سوید، 1993، ل67

4/ دەربارەی کەسایەتیی کورد، ڕابوون، ژمارە 10ـ11، سوید، 1994 ل71

5/ بەرەو ستراتیژێکی یەکگرتووی نەتەوەیی، هەنگاو، ژمارە 13، لەندەن، 1995ل7

6/ سایکۆلۆژییەتی مرۆڤی ئاوارەی کورد و بازاڕی چاپەمەنی کوردی، گزینگ، ژمارە 8، سوید، 1995، ل30

7/ لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی کۆمەڵگەی کوردەواری، گزینگ، ژمارە 9، 1995، ل48

8/ کۆرپە ئاڤانە ساواکەی دەنگ و ڕەنگی نەتەوەکەم (MedTV)، گزینگ، ژمارە 13، سوید، 1996.

9/ هەنگاوی یەکەم و سەرەتای کارێکی مەزن، بەربانگ، ژمارە 102، ساڵی 14، سوید، 1996 ل51

10/ چەند سەرنجێ دەربارەی سەرەخۆشی و پرسەدانان، بەربانگ، ژمارە 104، ساڵی 15، سوید، 1997 ل22

11/ دیکتاتۆرەکان لە بیر یەک ناچنە، تەنی نەخشە و پلانەکانیان دادەهێنن، بەربانگ، ژمارە 105، ساڵی 15، سوید، 1993 ل39. گۆڤاری دیموکراسی، ژمارە 30، ساڵی 7، کوردستان ـ سلێمانی، تشرینی یەکەمی 1997، ل16.

12/ کەی هۆشێن بە بیر خۆماندا دەهێنینەوە؟ بەربانگ، ژمارە 106-107، ساڵی 15، سوید، 1998 ل23. گۆڤاری دیموکراسی، ژمارە 31، ساڵی 7، کوردستان ـ سلێمانی، نیسانی 1998، ل21.

13/ با خۆمان چاک بناسین، بەربانگ، ژمارە 108، ساڵی 16، سوید، 1998 ل27

14/ سێ سەرنجی زمانەوانی، مانگنامەی پەیام، ژمارە 8، پووشپەڕ 1998، ل18

15/ ساڵی دیاریکردنی چارەنووس، گۆڤاری ئاڵا، ئۆرگانی پارتی سەربەخۆیی کوردستان، ژمارە 30، ڕێبەندانی 1998، ل7.

نامیلکە و پەرتووک :

1 / دەربارەی پڕۆژەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی، سوید، 1994، ل32

2/ دوا پڕۆژە، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی، سوید،1994، ل11

3/ پێنج وتاری خەمگین، چاپخانەی باران، سوید،1994، ل77

4/ دیموکراسی، ئایدۆلۆژی و جەنگی نێوخۆ، چاپخانەی باران، سوید، 1994، ل84

5/ ململانێی ئایدۆلۆژی لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، سولەیمانی،1993، ل208.
چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبی هەرزان، سوید،1995، ل125

6/ پێنج کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەددا، چاپی یەکەم، چاپخانەی باران، سوید، 1996، ل91. چاپی دووەم، کوردستان، 1996.

7/ نامەیەکی درێژ بۆ نەوشیروان مستەفا، چاپخانەی باران، سوید، 1995، ل47

8/ کورد و شۆڕش و هەڵی مێژوویی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کیتاب هەرزان، سوید ـ یۆنشۆپینگ، 1996، ل222.

9/ فیدراڵیزم و دەوڵەتی فیدراڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی باران، سوید، 1996 ل98. چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی دیموکراسی، کوردستان ـ سولەیمانی، 1996 ل90

10/ بەڵێن لێکۆڵینەوە و ڕەخنە نەک شێواندنی ڕاستیی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کیتاب هەرزان، سوید،1996´، ل53

11/ خولانەوە لە بازنەیەکی بۆشدا، دەڵێ چاوپێکەوتن و دەمەتەقێیەک لەگەڵ جەرجیس فەتحوڵڵای پارێزەردا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاپێک، ستۆکهۆڵم، 1997، ل126 .

12/ ڕۆڵی سیستێمی بنەماڵە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی میدیا، سوید ـ ستۆکهۆڵم، 1997، ل100

13/ گیروگرفتە سەرەکییەکانی کورد، لە بڵاوکراوەکانی کیتاب هەرزان، سوید ـ یۆنشۆپینگ، 1998، ل80.

14/ ئۆجەلان ئەزموونێکی نوێ و پەندی مێژوویی، چاپی یەکە، چاپخانەی میدیا، سوید ـ ستۆکهۆڵم، 1999، ل104.

نـــــــاوەڕۆک

کێ دەتوانێ، ئەو چوار ساڵە وشکە، پڕ لە دڕکوداڵە مەترسییەی جەنگی ناوخۆ، لە بیر خۆی بەرێتەوە؟ کێ دەتوانێ، چاو لەو چوار ساڵە، پڕ لە قاتوقڕیی، بەڵا و نەگبەتییە بپۆشێ؟ کێ دەتوانێ، دیمەنی ئەو جۆگە سوورە خوێناوییەی ڕۆڵەکانی کورد، لە بیر و هۆشیدا بسڕێتەوە؟ کێ دەتوانێ، ئەو مێژووە ڕەشە بکوژێنێتەوە؟ کێ دەتوانێ، ناپاکیی سەرانی پارتی و یەکێتی لە یادبکا؟ گریمان، هەموو ئەوانەشمان فەرامۆشکرد، ئەدی کێ دەزانێ، لە ئایندەیەکی نزیکدا چی دیکە ڕوودەدا؟ بۆیە نابێ، هەرگیز ناخۆشیی و کارەساتەکانی جەنگی ناوخۆمان بیرچێتەوە. هەموو کاتێ دەبێ، لە ڕۆژانی خۆشیی، سەرکەوتن و ئاشتیدا، ناخۆشیی و کارەساتەکانمان لە بەرچاوبێ، تا خۆشیی و سەرکەوتنەکانمان لێ تێکنەچێ. لە هەمان کاتیشدا دەبێ، لە ڕۆژانی ناخۆشیی و تەنگانەدا، هەرگیز ورە بەرنەدەین، ڕەشبین نەبین، بۆ ئاسۆیەکی گەش و پرشنگدار بڕوانین، بۆ ئەوەی بە سەر ناخۆشیی و گرفتەکاندا سەرکەوین. هەروەها نابێ، هێندەش باسی ناخۆشیی بکەین، ورەی ڕۆڵەکانی گەل بڕوخێنین. بۆیە دەبێ، لە ئاشتیدا ڕۆژە سەختەکانی جەنگمان لە یادبێ، لە کاتی جەنگیشدا، ئاشتیی باوەڕ و هیوامان بێ!

OJALAN, A NEW EXPERIMENT
AND HISTORICAL LESSON

BY
Dr. HUSSEIN M. AZIZ

1999 (2698K)